هەرێمی کوردستان ــ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین ــ هەولێر

# زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا
## شاری هەولێر بە نمونە

نامەیەکە
پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ــ هەولێر کراوە بەشێکە
لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لە لایەن
شادان شوکر سابیر ــ بەکالۆریۆس ــ کۆلێژی زمان ــ زانکۆی کۆیە ــ ٢٠٠٨

بە سەرپەرشتی
د.عومەر مەحمود کەریم ــ مامۆستا

گوڵان٢٧١٣ کوردی | رجب ١٤٣٤ کۆچی | ئایار ٢٠١٣ زایینی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە کۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر ئامادەکراوە بەشێکە لە پێویستییەکانی (پلەی ماجستێر) لە زمانی کوردیدا.

واژو:

سەرپەرشت: د. عمر محمود کریم

بەروار: / / ٢٠١٣

بەپێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

واژو:

ناو: د. جەبار أحمد حسین

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا لە بەشی زمانی کوردی

بەروار: / / ٢٠١٣

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی ( زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا ـ شاری هەولێر بە نمونە )یە و قوتابی ( شادان شکر صابر)مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لەگەڵیا لە بارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تریەوە کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەیە کە بە پلەی ( زۆر باش )ە بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.ی.د.عبدالواحید مشیر محمود

ئەندام

بەروار: / / ٢٠١٣

ناو: د.دیار علی کمال

ئەندام

بەروار: / / ٢٠١٣

ناو: د.عمر محمود کریم

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار: / / ٢٠١٣

ناو: پ.ی.د.عبدالله حسین رسول

سەرۆکی لیژنە

بەروار: / / ٢٠١٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلیژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو: پ.ی.د.شادان جمیل عباس

ڕاگر بە وەکالەت

بەروار: / / ٢٠١٣

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- دایك و باوك و خوشك و براكانم.
- هاوسەری ژیانم.
- تۆی خوێنەر.

## سـوپـاس و پێـزانیـن

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- **سوپاس و ستایشمان بۆ خوای گەورە، کەدەرفەتی پێداین بەردەوام بین لە خوێندن.**
- **سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین، کە بواری خوێندیان بۆ ڕەخساندین.**
- **مامۆستای بەڕێز (د. عومەر مەحمود کەریم)، کە سەرپەرشتی نامەکەی کردم و لە ئاست هەر گرێ و ئاڵۆزییەکی نامەکەدا هاوکارم بوو، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.**
- **هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێ بەڕێزانەی کە لەکاتی نووسینی ئەم نامەیەدا بە سەرچاوە و وەرگێڕان و چاوپێکەوتن یارمەتییان داوم.**

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| code – Switching | CS |
| Computer mediated communication | CMC |
| Constituent-Command | C-Command |
| Ellipsis constraint | EC |
| Maximal – Command | M – Command |
| object | O |
| Subject | S |
| verb | V |

## فەرهـەنگـۆك

| | |
|---|---|
| Clitic | نوسەك |
| code – mixing | تێکەڵکردنی کۆد |
| competence | توانست |
| complex sentence | ڕستەی تێکەڵ |
| Computer mediated communication | گەیاندنی میانگیری ژمێریاری ئەلیکترۆنی |
| Code Shifting , Code Changing , Code switching | گۆڕینی زمان |
| Metaphor | میتافۆر |
| Constituent – Command | کەرەسەی حوکمکار |
| dependency | شوێنکەوتن |
| diglossia | ئەو گۆمەڵگایەیە کە دوو زمان، یان زیاتری تێدا بەکاردێت |
| Ellipsis constraint (EC) | کۆتبەندی ناهاوتایی |
| Government | دەسەڵات |
| Inter – Sentential | کۆد گۆڕینی نێوان ڕستەیی |
| Intra – Sententia | کۆد گۆڕینی ناواخنی ڕستەیی |
| maximal – Command | بەرزترین حوکمکار |
| Performance | چالاکی |
| psycholinguistics | زمانەوانی دەروونی |

| | |
|---|---|
| Socio cultural linguistics | زمانەوانی کلتوری کۆمەڵایەتی |
| Synonym | هاوواتا |
| Borrowing | وەرگرتن |
| Transliterat | خۆماڵیکردنی زاراوە |
| Inter clausal Sites | تێکەڵبوون لەنێوان دوو کلۆزدا |
| Conversation Structure | پێکهاتەی ئاخاوتن |
| simple sentence | ڕستەی سادە |
| compound sentence | ڕستەی لێکدراو |
| Conversation | ئاخاوتن |
| footing | گۆڕینی بنەمایی |

## پوختەی نامەکە بە زمانی کوردی

### زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا

بەهۆی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە جیهان وەکو گوندێکی بچووکی لێهاتووە، ئەمەش وای کردووە، کە نەتەوەو کۆمەڵگاکان لەیەك نزیك ببنەوەو تێکەڵ بەیەکتری بن. گومان لەوەدا نییە، کە زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پەیوەندی و تێکەڵبوونی نەتەوەو کۆمەڵگاکان. لێرەوە تێکەڵبوونی زمانەکان ڕوودەدات و کۆد گۆڕین دێتە ئاراوە.

زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی بەرفراوانە بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە فرەزمانن و قسەکەرەکانیان زمانی دایك و زمانی دووەم بەکاردەهێنن. زمان تێکەڵکردن بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو زمان، یان زیاتر لەکاتی ئاخاوتندا بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە بابەت و ئاخێوەراندا ڕووبدات.

زمان تێکەڵکردن لەلایەن توێژەرە بیانیەکانەوە توێژینەوەی زۆری لەبارەیەوە کراوە بەتایبەتی لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەلأیەتی و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانییەوە.

لەم توێژینەوەیەدا گرنگی بە شیکردنەوەی قسەکردن دراوە لەکاتی تێکەڵکردنی زمان، کە لە نێوان زمانەکانی کوردی و تورکمانی و عەرەبیدا دێتە ئاراوە. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، کەوا دەتوانرێت لەناو دەوروبەری زمانیدا و لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاخاوتن مامەڵە لەگەڵ دیاردەکە بکرێت. ئەم شیکردنەوەیە ئاماژە بە چەندین ئەرکی ناوخۆیی لە زمان تێکەڵکردندا دەکات.

# نــاوەرۆك


| بابەت | لاپــەڕە |
|---|---|
| پێشـەكی | ١ |
| **بەشی یەكەم** | |
| دەروازەیەكی تیۆری بۆ چوونە ناو باسەكە | ٣ ـ ٥١ |
| ١ـ ١ . سەرەتا | ٣ |
| ١ـ ٢ . هۆیەكانی زمان تێكەڵكردن لە شاری هەولێر | ٣ |
| ١ـ ٢ ـ ١ . هۆكاری مێژوویی | ٣ |
| ١ـ ٢ ـ ٢ . هۆكاری ڕامیاری | ٣ |
| ١ـ ٢ ـ ٣ . هۆكاری ئابووری | ٤ |
| ١ـ ٢ ـ ٤ . بوونی خزمەتگوزاریی پێویست | ٤ |
| ١ـ ٢ ـ ٥ . هۆكاری ڕۆشنبیری و زانستی | ٥ |
| ١ـ ٢ ـ ٦ . هۆكاری كاركردن | ٥ |
| ١ـ ٣ . زمان تێكەڵكردن چییە؟ | ٦ |
| ١ـ ٤ . تــیــۆرەكـان | ٨ |
| ١ـ ٤ ـ ١ . كۆدگۆڕین وەك دیاردەیەكی دەروونی | ٨ |
| ١ـ ٤ ـ ٢ . زمان تێكەڵكردن وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی | ١٢ |
| ١ـ ٥ . سەرەتایەكی مێژوویی بۆ ئەو كارانەی كە لە بارەی زمان تێكەڵكردنەوە كراون | ١٥ |
| ١ـ ٦ . (گەمپێرز) كۆد گۆڕین و بەسیاقكردن | ١٩ |

١ـ ٧ . بۆچوونەکانی  زمان تێکەڵکردن (بۆچوونی بار و بۆچوونی میتافۆڕەکی)........................ ٢١

١ـ ٨ . دابەشبوونی ڕێچکەی توێژەران لەسەر زمان گۆڕین لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە ..٢٥

١ـ ٩ . ناسنامە و زمان تێکەڵکردن............................................................ ٢٧

١ـ ١٠ . بەریەککەوتن لە ئاخاوتن (کۆد گۆڕین)دا.................................................. ٢٩

١ـ ٤ ـ ٣ .  تێکەڵکردنی زمان لەڕوانگەی زمانەوانییەوە............................................. ٣٢

١ـ ١١ . تێکەڵکردنی دوو زمان لە نێوان بەهێزی و بێهێزیدا ........................................ ٣٨

١ـ ١٢ . زمان تێکەڵکردن تەنیا دوو زمان دەگرێتەوە، یان تاک زمانیش دەگرێتەوە؟.................. ٣٩

١ـ ١٣ . جیاکردنەوەی زمان تێکەڵکردن لە دیاردە پەیوەندیدارەکانی تری زمانی، وەک وشە خواستن

١ـ ١٤ . کێن ئەوانەی  زمان تێکەڵدەکەن؟ ........................................................ ٤٤

١ـ ١٥ . وەرگرتنی زمان .......................................................................... ٤٥

١ـ ١٦ . کاریگەری هاوسەرگیری ژن و پیاوی زمان جیاواز لەسەر زمان تێکەڵکردن ..................... ٤٧


**بەشی دووەم**


٢ـ ١ . جۆرەکانی زمان تێکەڵکردن.............................................................. ٥١

٢ـ ١ ـ ١ . تێکەڵکردنی خۆنەکرد.................................................................٥١

٢ـ ١ ـ ٢ . تێکەڵکردنی خۆکرد....................................................................٥٢

٢ـ ٢ . ئەرکەکانی زمان تێکەڵکردن...............................................................٥٤

٢ـ ٢ ـ ١ . ئەرکی ئاڕاستەکردن...................................................................٥٤

٢ـ ٢ ـ ٢ . ئەرکی خۆدەرخستن .................................................................. ٥٥

٢ـ ٢ ـ ٣ . ئەركی ئاماژەكرد........................................................................٥٥

٢ـ ٢ ـ ٤ .ئەركی پسپۆڕی........................................................................ ٥٦

٢ـ ٢ ـ ٥ .ئەركی كۆمەڵایەتی........................................................................ ٥٦

٢ـ ٢ ـ ٦ . ئەركی مێتازمانی........................................................................٥٦

٢ ـ ٢ ـ ٧ . ئەركی جوانكاری........................................................................٥٧

٢ـ ٣ . تایبەتییەكانی زمان تێكەڵكردن........................................................................٥٨

٢ـ ٤ . هۆیەكانی تێكەڵاوبوونی زمانی........................................................................٥٩

٢ـ ٥ . پێكهاتەی ئاخاوتن........................................................................٦٠

**بەشــی سێــیەم**

**پڕاكتیزەكردنی توێژینەوەكە**

**تەوەرەی یەكەم**

٣أ ـ ١ .  زمان تێكەڵكردن لەنێوان زمانی كوردی و زمانی عەرەبیدا..............................٦٢ ـ ٧٤

٣أ ـ ٢ . شوێنەكانی زمان تێكەڵكردن لە ئاخاوتندا لەنێوان زمانی كوردی و زمانی عەرەبیدا........ ٦٢

٣أ ـ ٢ ـ ١ . ئاماژە بە پێكهاتەی ئاخاوتن........................................................................ ٦٣

٣أ ـ ٢ ـ ٢ . خۆ ڕاستكردنەوە........................................................................ ٦٣

٣أ ـ ٢ ـ ٣ . داڕشتنەوە........................................................................ ٦٥

٣أ ـ ٢ ـ ٤ . جیاكردنەوەی گوتنی تێهەڵكێشراو........................................................................٦٦

٣أ ـ ٣ . تێكەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا........................................................................ ٦٦

٣أ ـ ٤ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزدا لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا..................٦٨

٣أ ـ ٤ ـ ١ . جۆرەکانی فرێز بەپێی بۆچوونی نوێی چۆمسکی........................................٦٨

٣أ ـ ٤ ـ ٢ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ناویدا..................................................٦٩

٣أ ـ ٤ ـ ٣ . تێکەڵبوون لە سنووری فریزی کاریدا.................................................. ٧٠

٣أ ـ ٤ ـ ٤ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ئاوەڵکاریدا............................................٧١

٣أ ـ ٤ ـ ٥ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەنددا................................................. ٧١

٣أ ـ ٥ . تێکەڵبوون لەنێوان دوو کلۆزدا............................................................. ٧٢

**بەشــی سێــیەم**

**تەوەرەی دووەم**

٣ب ـ ١ . زمان تێکەڵکردن لەنێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا...........................٧٤ ـ ٨٩

٣ب ـ ٢ . شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا لەنێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا.... ٧٤

٣ب ـ ٢ ـ ١ . ئاماژە بە پێکهاتەی ئاخاوتن............................................................. ٧٥

٣ب ـ ٢ ـ ٢ . خۆ ڕاستکردنەوە.......................................................................... ٧٥

٣ب ـ ٢ ـ ٣ . داڕشتنەوە............................................................................... ٧٥

٣ب ـ ٢ ـ ٤ . جیاکردنەوەی گوتنی تێهەڵکێشراو.....................................................٧٦

٣ب ـ ٣ . تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا......................................................٧٦

٣ب ـ ٤ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزدا لەنێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا..................٧٨

٣ب ـ ٤ ـ ١ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ناویدا..................................................٧٨

**٣ب ـ ٤ ـ ٢ . تێکەڵبوون لە سنووری فریزی کاریدا.................................................................٧٨**

**٣ب ـ ٤ ـ ٣ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ئاوەڵکاریدا.............................................................. ٨٠**

**٣ب ـ ٤ ـ ٤ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەندد‌ا.................................................................. ٨٠**

**٣ب ـ ٥ . تێکەڵبوون لەنێوان دوو کلۆزدا.................................................................٨١**

**٣ب ـ ٦ . تێکەڵبوون و هاوتایی و ناهاوتایی ڕۆنانەکان..............................................................٨٣**

**٣ب ـ ٧ . مەسەلە تیۆرییەکان............................................................................... ٨٥**

**٣ب ـ ٨ . گەیاندنی میانگیریی ژمێریاریی ئەلیکترۆنی (کۆمپیوتەر) و تایبەتمەندیی زمان لەناو دەمەتەقێی ئینتەرنێتدا(CMC)........................................................................٨٥**

**ئەنجام.................................................................................................. ٨٩**

**سەرچاوەکان.................................................................................٩١ ـ ١٠٠**

**پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی ............................................................................ أ**

**پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی............................................................................. A**

# بەشی یەکەم

## دەروازەیەکی تیۆری بۆ چوونە ناو باسەکە

# پێشـەکـی

**١ـ ناونیشان و بواری نامەکە:**

**ناونیشانی نامەکە (زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا ـ شاری هەولێر بە نمونە)یە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، نامەکە تەرخانکراوە بۆ توێژینەوە لە دیاردەی تێکەڵکردنی زمان لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی لە شاری هەولێردا.**

**٢ـ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

**دیاردەی زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی بڵاوە و لە زۆربەی ناوچە و وڵاتاندا بەدیدەکرێت، لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێمەش وڵاتێکی فرەزمانە، بۆیە ئەم دیاردەیە زۆر بەرچاو و دیارە، وەك ئەوەی من بزانم، تاکو ئێستا هیچ نامەیەکی ئەکادیمی بۆ تەرخاننەکراوە. بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم توێژینەوەی بۆ تەرخانبکەین.**

**٣ـ کەرەستە و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

**ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە، کەرەستەی توێژینەوەکە لە زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی شاری هەولێر لە ڕێگەی تۆمارکردنی دەنگەوە وەرگیراون و شیکراونەتەوە.**

**٤ـ گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

**ئەو گرفت و کێشانەی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە دەیخاتەڕوو، بریتین لە نەبوون، یان کەمی سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی، هەروەها لە وەرگێڕانی دەقەکانیشدا ڕووبەڕووی کێشەی زاراوە بووینەوە، چونکە زۆربەی ئەو زاراوانەی کە تایبەتن بەم بوارە لەکوردیدا نین، یان زۆر کەمن.**

**٥ـ ناوەڕۆکی نامەکە:**

**نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە:**

**لە بەشی یەکەمدا، وەکو دەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسەکە، ئەم تەوەرانە باسکراون: باسی کورتەیەك لە شاری هەولێر و زمان تێکەڵکردن کراوە، هەروەها کۆدگۆڕین وەك دیاردەیەکی دەروونی،**

زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمان تێکەڵکردن، سەرەتایەکی مێژوویی بۆ ئەو کارانەی کە لە بارەی زمان تێکەڵکردنەوە کراون، (گەمپێرز) کۆد گۆڕین و بەسیاقکردن، بۆچوونی بار و بۆچوونی میتافۆرەکی، ناسنامە و زمان تێکەڵکردن، تێکەڵکردنی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، زمان تێکەڵکردن لە نێوان بەهێزی و بێهێزیدا، زمان تێکەڵکردن تەنیا دوو زمان دەگرێتەوە، یان تاك زمانیش دەگرێتەوە؟ جیاکردنەوەی زمان تێکەڵکردن لە دیاردە پەیوەندیدارەکانی تری زمانی وەك وشە خواستن، کێن ئەوانەی زمان تێکەڵدەکەن؟، وەرگرتنی زمان، کاریگەری هاوسەرگیریی ژن و پیاوی زمان جیاواز لەسەر کۆد گۆڕین.

**بەشی دووەم** تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی زمان تێکەڵکردن، ئەرکەکانی زمان تێکەڵکردن، تایبەتییەکانی زمان تێکەڵکردن، هۆیەکانی تێکەڵاوبوونی زمانی، پێکهاتەی ئاخاوتن،.

**بەشی سێیەم** لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، **لە تەوەرەی یەکەمدا**، باسی ئەم بابەتانەی خوارەوە کراوە: شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا، جۆرەکانی فرێز بەپێی بۆچوونی نوێی چۆمسکی، تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی (ناوی، کاری، ئاوەڵکاری، بەند)دا، تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی لێکدراو و ڕستەی تێکەڵدا.

**تەوەرەی دووەم** دەربارەی زمان تێکەڵکردنە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا، شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا، تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا، تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی (ناوی، کاری، ئاوەڵکاری، بەند)دا، تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی لێکدراو و ڕستەی تێکەڵدا، تێکەڵبوون و هاوتایی و ناهاوتایی ڕۆنانەکان، مەسەلە تیۆرییەکان، تێکەڵبوون لەبواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا.

**لەکۆتایی نامەکەشدا**، ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسەکە

### ١ـ ١. سەرەتا:

### ١ـ ٢. کورتەیەك لە بارەی شاری هەولێر:

لەبەر ئەوەی لە توێژینەوەکەمان شاری هەولێرمان بە نمونە وەرگرتووە، بۆیە بە پێوستی دەزانین، وەکو دەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسەکە، بەکورتی باسی ئەم شارە بکەین، پاشان باسی دیاردەی زمان تێکەڵکردن دەکەین.

شاری هەولێر یەکێکە لە شارە هەرە پێشکەوتوو و دیارەکانی عێراق و ناوچەکە. دیارە ئەم پێشکەوتنەی شاری هەولێر بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە. ئێمە لێرەدا بەکورتی باسی ئەو هۆکارانە دەکەین:

### ١ـ ٢ ـ ١. هۆکاری مێژوویی:

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان هەولێر کۆنترین شاری کوردستانە، کە بەدرێژایی مێژووەکەی ئاوەدانی تێدا بووبێت. کۆمەڵێك شوێنەواری گرنگی وەکو قەڵای هەولێر دێرینی شارەکە دەردەخەن. هەروەها چەندین ڕوداوی مێژوویی گرنگ لەم شارەدا ڕوویانداوە، گرنگترینیان تێکشکاندنی سوپای هۆلاکۆ بووە لەم شارەدا، بۆیە زۆر جار بە شاری هۆلاکۆ بەزێن ناو دەبرێت.

لەدێر زەمانەوە چەندین نەتەوەی جیاوازی وەکو کورد و تورکمان و کلدوئاشوری و عەرەب لەم شارەدا، وەکو برا ژیاون (أزاد دیرکی، ١٩٩٨: ١٥٤).

### ١ـ ٢ ـ ٢.هۆکاری ڕامیاری:

هەولێر لەپاش بەیاننامەی یازدەی ئازاری (١٩٧٠) بووە پایتەختی فەرمانڕەوایی خۆجێیەتی کوردستان. لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، حکومەتی عێراق کۆمەڵێك ڕەفتاری ڕەگەز پەرستانەی دژی کورد پەیڕەو کرد. یەکێك لەو ڕەفتارانە ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان بوو. ئەوە بوو

ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگای زۆرەملێی لە دەوروبەری شاری هەولێر دروستکرد، ئەوەش وایکرد شاری هەولێر زیاتر فراوان بێت.

ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان و هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢) و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان وایانکرد، هەولێر زیاتر ببوژێتەوە، چونکە بووە پایتەختی هەرێمی کوردستان.

لەپاش ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام لە ساڵی ( ٢٠٠٣ )، هەولێر پێشکەوتنی یەکجار زۆری بەخۆوە بینیوە، چونکە جگە لەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بارەگای پارت و نوسینگەو قونسوڵیەی چەندین وڵات پێگەی ڕامیاری بەم شارە بەخشیوە. بەرقەرار بوونی ئارامی و ئاسایش لە کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی وایکردووە، کە خێزانێکی زۆر لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بێن و لە شاری هەولێر نیشتەجێ بن.

## ١ـ ٢ ـ ٣. هۆکاری ئابووری:

لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە ڕووی ئابوورییەوە شاری هەولێر گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. هاتنی چەندین کۆمپانیای بیانی بۆ سەرمایە گوزاری لە بوارە جیاجیاکاندا، لە هەموویان دیارتر، کە شاری هەولێری بەجیهان بەستۆتەوە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتییە. هەروەها دروستکردنی چەندین بازاڕی گەورە، ڕیستۆرانت، هۆتێل و مۆتێل ... هتد. پێگەی ئابووری شاری هەولێریان گەورەتر کردووە (سروە دشتی، ٢٠٠٤: ١٢٠).

## ١ـ ٢ ـ ٤. بوونی خزمەتگوزاری پێویست:

زۆربوونی ژمارەی نەخۆشخانەی گشتی و تایبەتی و زیاد بوونی ژمارەی بنکە تەندروستییەکان، بەتایبەت لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) سەنتەری تایبەت لە بوارەکانی چارەسەر هاتنە ئاراوە، هەروەها شوێنی بەسەربردنی کاتەکانی دەست بەتاڵی و بوونی چەندین پارکی گەورە و فراوان لە شاری هەولێر.

### ١ـ ٢ ـ ٥. هۆکاری ڕۆشنبیری و زانستی:

لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانستییەوە شاری هەولێر پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە، لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر زانکۆ و پەیمانگەی فەرمی و نافەرمی لەم شارەدا هەیە، کە بوە هۆی هاتنی دەیان مامۆستایانی عەرەب و بیانی بە خێزانەکانیانەوە، هەروەها بوونی چەندین دەزگای چاپ و پەخش و کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ وایان کردووە ئەم شارە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە پێش بکەوێت. بێگومان ئەمەش کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر پێشکەوتنی ئەم شارە.

### ١ـ ٢ ـ ٦. هۆکاری کارکردن:

کارنەکردنی کرێکارانی خۆماڵی بە ڕێکوپێکی بووە هۆی هاتنی سەدان کرێکاری عەرەب و قسەکردنیان بە عەرەبی.

هەموو ئەو هۆکارانە وایان کردووە، شاری هەولێر لە ڕووی دانیشتوانەوە چەندین نەتەوە و زمانی جیاوازی وەکو زمانی کوردی و تورکمانی و عەرەبی و ... تێدا بەکار بێت، ئەمەش وای کردووە، دیاردەی تێکەڵبوونی زمان لەم شارەدا بەزەقی بەرچاو بکەوێت.

### ١ـ ٣. زمان تێکەڵکردن چییە؟

بۆ دیاردەی تێکەڵکردنی زمان چەند زاراوەیەکی تریش بەکاردیَ، وەکو (بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، گۆڕینی زمان، کۆد گۆڕین، بەریەککەوتنی زمانەکان و پەڕینەوە).

لێرەدا چەند پێناسەیەکی دیاردەی زمان تێکەڵکردن دەخەینە ڕوو، کە لەلایەن توێژەرانەوە کراوە:

(وێنریچ) دەربارەی کۆد گۆڕین دەڵێت: ((ئەو کەسانەی کە دوو زمان دەزانن لەکات و شوێن و جیاوازدا کۆد گۆڕین بەکاردەهێنن))، (Weinreich, 1953: 74).

(ڤۆگت) دەڵێت: ((لەوانەیە دیاردەی زمان تێکەڵکردن تەنیا دیاردەیەکی زمانەوانی نەبێت، بەڵکو دیاردەیەکی دەرونیش بێت و هۆکارەکەشی هۆکاری نازمانی بێت... زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی سروشتییە و هەموو زمانەکان تووشی دەبن))، (Vogt, 1954: 316).

(بلۆم و گەمپێرز) لە بارەی زمان تێکەڵکردنەوە دەڵێن: ((بەکارهێنانی دوو زاری زمانێکە، یان دوو زمانی جیاوازە لەیەك دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا))، (Blom & Gumperz, 1972: 408).

(گەمپێرز) دەڵێت:((قسەکەر کاتێك زمانێك هەڵدەبژێرێ و قسەی پێدەکات، پاشان لەکاتی ئاخاوتندا و بەبێ پچڕان لە قسەکردندا ئەو زمانە دەگۆڕێت، کە پێشتر بەکاریهێنابوو، زمانێکی تر لە نوێ هەڵدەبژێرێ و قسەی پێ دەکات))، (Gumperz, 1982: 270).

هەروەها (شانە پۆپلاك) دەڵێت زمان گۆڕین (cs) بریتییە لە: ((تێکەڵکردنی دوو یان زیاتر لە دوو زمان لەکاتی ئاخاوتندا لەلایەن ئەو قسەکەرانەی کە دوو زمان، یان چەند زمانێك دەزانن، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە بابەت و ئاخێوەراندا ڕوودات))، (Poplack, 1983: 70).

(هێلەر) دەڵێت: ((زمان تێکەڵکردن بریتییە لە تێکەڵکردنی زیاتر لە زمانێك لەیەك گفتوگۆدا))، (Heller, 1988a:1).

(گرۆسین)، بۆچوونەکانی لە زمانەوانی دەروونییەوە نزیکە و لە بارەی زمان تێکەڵکردنەوە دەڵێت: ((گۆڕینی تەواوی زمانێکە بۆ زمانێکی تر، یان گۆڕینی وشەیەك، یان فرێزێك، یان ڕستەکەیە، لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ کەسێکی تردا، کە زۆر جار قسەکەر بێ ئەوەی ئاگای لێبێت دەربارەی ئەوەی ئایە کام زمانەیان بەکاربهێنێت، لەکام مەودای قسەکردن بەکاریبهێنێت (Grosjean, 1988: 137).

(کلاین) دەڵێت: ((زمان تێکەڵکردن ئەو وشانەیە کە لە سیستەمی دوو زماندا یەکتر دەبڕن (بەیەك دەگەن)، ئەمە کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر پابەندبوون بە زمانێك لەدەستدەدات و بەردەوام دەبێت لەڕستەکەدا بە زمانێکی تر))، ( Clyne, 1991: 193).

(پۆپلاك) ڕوونی دەکاتەوە کە زمان تێکەڵکردن، جێگۆڕکێیەکی دوو زمانییە لە یەك ئاخاوتندا، یان لە ڕستەیەکدا، یان پێکهاتەی ڕستەدا (Poplack,1998: 401). (بهاتا و ریتچی) دەڵێن: ((زمان تێکەڵکردن دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی زمان (مۆرفیم، وشەکان، گۆڕاوەکان، فرێزەکان، کلۆزەکان، ڕستەکان)، لەوانەیە زمان تێکەڵکردن پەیوەندیی بە پاڵنەر و هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە هەبێ))، (Bhatia & Ritchie, 2004: 336).

تێکەڵکردنی زمان، یان بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەهۆی گەلێك هۆکار دێتەکایەوە، بەڵام دیاریترین هۆکار کاتێك قسەکەر لە ئاست گەیاندنی مەبەستێك بە تاکە زمانێك دووچاری گریٚ و تەگەرە دەبیٚ، ناچار پەنا دەباتە بەر زمانێکی تر، کە تا ڕادەیەك شارەزایی لە بارەیەوە هەیە (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٢٥).

زمان گۆڕین: ((پڕۆسەیەکە کە تێیدا گروپێکی زمانی دیاریکراو زمانێکی نویٚ پەسند دەکەن و قسەی پیٚ دەکەن لەسەر حیسابی زمانی دایك، یان نەتەوەیی خۆیان، کە بەزۆری وازی لێدەهێنن و لەناو دەچێت. هەڵبەت وازهێنان لە زمانی نەتەوەیی زیاتر بەهۆی ئەوەیە، کە زمانە نوێیەکە هەندیٚ دەستکەوت و سوود بۆ ئاخێوەرەکە فەراهەم دەکات))، (پیتەر هانز، ٢٠١٠: ١٥٨).

(سەلام ناوخۆش) لە بارەی تێکەڵکردنی زمانەوە دەڵێت: ((تێکەڵکردنی دوو کۆد، یان دوو زمان، دیاردەیەکی زمانەوانییە لە کۆمەڵگایەکی دوو زمانی و چەند زمانیدا بەرقەرارە. وا ڕێکدەکەویٚ قسەکەر لە تەنیا ئاخاوتنێك هەردوو زمان، هەریەکە بە ڕێژەیەك بەکاربێنیٚ. هەردوو زمانەکە دەشکێنیٚ بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە وەرگر، یان بەرانبەرەکەی بگەیەنێت))، (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٧).

(گۆران سەلاحەددین) دەڵێت: ((بە بۆچوونی من دیاردەی تێکەڵبوونی زمان، دیاردەیەکی زمانییە، کە لەوانەیە زیاتر لەو شوێنانە بەدیار بکەویٚ، کە چەند میللەتێك بەیەکەوە دەژین. چاکترین نمونە، وەکو شاری کەرکوك و هەولێرە، ڕاستە زۆرینەی دانیشتوانیان کوردە، بەڵام ئەم شارانە عەرەب و تورکمان و ئاشوریشی تیدا نیشتەجێیە. زۆر جار لەکاتی قسەکردن ڕەنگە ئەوانەی کەمینەی نەتەوایەتین لە شارەکە بەبیٚ ئەوەی هەستی پێبکەن، ئەو دیاردەیە بەسەریاندا ڕوودەدات))، (گۆران صلاح الدین، ٢٠/ ٢٠١٢/٦: چاوپێکەوتن).

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم پێناسانە بکەین، دەبینین بەگشتی جەخت لەسەر بوونی زیاتر لە زمانێك، یان چەند زاری زمانێك لە ناوچەیەکدا دەکەنەوە، کە دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی زمان بۆ گەیاندنی مەبەستێك. بۆیە ئێمەش لەکۆی ئەو پێناسانەی کە خستمانە ڕوو، بەم شێوەیە پێناسەی زمان تێکەڵکردن دەکەین:

زمان تێکەڵکردن: بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو زار، یان تێکەڵکردنی دوو زمان یان زیاتر لەکاتی قسەکردندا، زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی بڵاوە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە دوو زمان، یان زیاتریان

تێدا بەکاردێت، بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا، هەرچەندە لە ئاستەکانی تری زمانیشدا دیاردەکە بەدی دەکرێ.

تێکەڵبوونی دوو زمان بەهەر هۆکارێك بێ و لەهەر ئاستێکدا بێ و ئەنجامەکەی هەرچۆنێك بێ ئەم دوو زمانە دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکتر. هیچ زمانێك نییە، کاریگەریی زمانی تری لەسەر نەبێت، لە توانای هیچ کەسێکدا نییە، ڕێگری لە تێکەلاوبوونی زمانەکان بکات و بیوەستێنێ. ڕێژەی تێکەڵبوونی دوو زمانیش، پەیوەستە بە ڕادەی تێکەڵبوونی ئاخێوەرانی ئەم دوو زمانە. بۆنمونە، هەموومان هەست بەو تێکەلاوبوونە دەکەین، کە لە نێوان زمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردی و تورکیدا هەیە. پلەی ئەم تێکەلاوییەش بەرزتر دەبێت، ئەگەر هاتوو دوو میللەت لە یەك ناوچەدا بژین، یان لە دوو ناوچەی دراوسێدا بژین.

## ١ـ ٤. تـیـۆرەکـان:

ئەم جۆرە گوتنانەی کە تێکەڵکردنی زمانییان تێدایە لە ژێر ناوی زمان تێکەڵکردن لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ڕوانگەی سایکۆ و سۆسیۆ و زمانەوانییەوە توێژینەوەی زۆریان لە بارەوە کراوە. سایکۆ هەوڵدەدا ئەو لایەنەی توانستی زمان دیاریبکات، کە توانای زمان تێکەڵکردن بە قسەکەر دەدات، سۆسیۆ دەیەوێت ئەو هۆکارانە بدۆزێتەوە، کە پاڵ بە قسەکەرەوە دەنێت لە نێوان ڕێزمان و واژەی زماندا ئەمبەر و ئەوبەر بکات. زمانەوانیش دەیەوێت بزانێت ئەمە تێکەڵکردنی دوو زمانە، یان تەنیا بەکارهێنانی کەرەسەی زمانێکە لە ناو زمانێکی تردا (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٢٦).

لە ساڵانی (١٩٨٠) بەدواوە بۆچوونێکی تر بۆ توێژینەوە لەزمان تێکەڵکردن هاتە ئاراوە، کە زیاتر گوێ بە زمان تێکەڵکردن دەدات لەئاستی ئاخاوتندا، بەمەش چەندین ڕاستی تر لە بارەی دیاردەکەوە دەرکەوتن. زۆربەی ئەو توێژینەوانەش جەخت لەسەر لایەنی وەسفی، یان لایەنی تیۆری ئەم دیاردەیە دەکەنەوە.

## ١ـ ٤ـ ١. كۆد گۆڕین وەك دیاردەیەكی دەروونی:

هەرچەندە توێژینەوەكەی ئێمە دەربارەی زمانەوانی دەروونی نییە، بەڵام بەپێویستی دەزانین بەكورتی باسی بكەین:

زمانەوانی دەروونی بەگشتی توێژینەوە لە تێگەیشتن، یان دەرككردنی ئاخاوتن و ڕۆڵی یادەوەریی و چەمكەكان و هەندێك پرۆسەی تر دەكات، كە لە زماندا بەكاردەهێنرێن، هەروەها ئەو ڕێگا و فاكتەرە دەروونییانە دیاریدەكات، كە كار لە بەكارهێنانی زمان دەكەن (هـ.ج.ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٤٩).

وەك وتمان سایكۆ هەوڵدەدات ئەو لایەنەی توانستی زمان دیاری بكات، كە توانای تێكەڵكردنی زمان دەدات بە بەشداربوانی ئاخاوتن. بەپێی بۆچوونی (چۆمسكی) توانست **competence**: ((بریتییە لە سیستەمی شاراوەی ئەو یاسایانەی زانینی زمانی پێكدێنن لای قسەكەر. ئەمەش چەند شتێك دەگرێتەوە لەوانە: توانای مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و تێگەیشتن لێی، زانینی كامە ڕستەیە و كامە ڕستە نییە، لە زمانێكی دیاریكراودا، هەروەها توانای ناسینەوەی ڕستە لێڵ و لادەرەكان... (توانا ـ چالاكی)یش **Performance**: بریتییە لە ڕەفتاری ڕاستەقینەی زمانیی، كە جیاوازە لەو زانینە بنەڕەتییەی لە پش ت بەرهەمهێنانییەتی))، (سەرچاوەی پێشوو: ١٤٦).

(ڕهێل)یش لە بارەی لایەنی دەروونی لە زمان تێكەڵكردندا دەڵێت: ((پێوستە جەخت لەسەر پاڵنەری دەروونی بكەینەوە لە زمان تێكەڵكردندا و لەپرۆسە هۆشەكییەكاندا و ڕوونكردنەوە لەناو خودی ئەو زمانە خۆیدا بكەین))، **(Riehl, 2005: 54)** .

هەرچەندە سنووردانانی زمانەوانی دەروونی لە تێكەڵكردنی زماندا، وەكو سنووردارکردنی ئاڵوگۆڕەكانی زمانە كردارییەكان نییە، جیاوازیی هەیە لە نێوان زمانی بەكارهێنەران بەگوێرەی تێكڕای دووبارەبوونەوەی ئاڵوگۆڕییەكان لە زمانەكەدا. ئەم جۆراوجۆرییە دەتوانرێ لەلایەن هۆشیاری زمانی قسەكەرەوە ڕوونبكرێتەوە، لە چ حاڵێكدا بێئاگایە لە زمان تێكەڵكردن، وە لە چ حاڵێكدا هۆشیارە لە بەكارهێنانی كۆدەكاندا لە زمانەكەی، یان بەكارهێنانەوەی لە زمانێكی تردا.

سنووردانانی دەروونی زمان لە زمان تێكەڵكردندا كارێكە، تەنیا بۆ ڕونكردنەوەی ئەم دیاردەیەیە، ئەمە تەنیا لەكاتی گفتوگۆی دوو زمانزانەكاندا ڕوودەدات و بەرەو زیادبوونیش دەڕوات، وەك

**دەستپێکی وشەیی**، کە بەم جۆرە پێناسە دەکرێ: ((ئەو وشانەیە کە لە سیستەمی دوو زماندا یەکتر دەبڕن، ئەمە کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر پەیوەستبوون بە زمانەوانی لەدەست دەدات و بەردەوام دەبێت لە ڕستەکەدا بە زمانێکی تر))، (Clyne, 1991: 193).

ئەم جۆرە زاراوانە بەوە دەناسرێن، کە زیاتر بۆ زمانێك دەگەڕێنەوە لەپەیوەندیی ئاخاوتنی دوو زمانزانەکان، لێرەدا پێویستە جۆرەکانی وشە دەستپێکەکان بخەینە ڕوو:

## ١ ـ ناوەکان:

لەناو زۆربەی ئاخاوتنی دوو زمانزانیدا ناوەکان هاوتایەکیان نییە، لە وەرگێڕانیان بۆ زمانێکی تر، لە هەردوو زمانەکەدا بەکاردەهێنرێن، وەکو ناوی کەس و ناوی ئەو شت و دیاردانەی کە لەلای کورد نەبوون و لەگەڵ هاتنیان بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی، ناوەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، بۆیە زۆربەیان لەلایەن خەڵك وەکو خۆیان بەکاردێن، هەندێجار ئەم ناوانە دەبنە دەستپێکێك بۆ زمان تێکەڵکردن.

بۆ نمونە چەندین ناوی هاوبەش هەیە لە نێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی، وەکو: (**غەفور، حەج، شێخ، عەبا... هتد** )، هەروەها بەهەمان شێوە زۆر ناوی تورکی لە زمانی کوردیدا دەبینرێت، وەك: (**یاپراخ، قوشتەپە، قەرەداغ... هتد**)، (ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧: ١٤٢ – ١٥٠).

## ٢ـ زاراوە گواستراوەکان:

تا ئێستا کۆمەڵێکی بەرفراوانن لە وشە دەستپێکەکان لە زاراوە وەرگیراوەکانن، کە دەنگەکانی ئاخاوتن یەکناخات، یان کە یەکیشیانبخات بە ڕادەیەکی کەم و ئاستێکی نزم یەکیاندەخات. سەرەڕای ئەوەش، وشەی وەرگیراوی ناباویش هەیە، تەنیا لەیەك شوێندا بەکاردێن، ئەم زاراەوە ناباوە وەرگیراوانە، کە لەلایەن قسەکەرەوە بەکاردێن و پێویستییەکی تایبەتیی زمان نین. بۆ نمونە گفتوگۆی زۆر لەسەر ئەوە کراوە، کە ئایا ئەم جۆرەی کۆد ـ گۆڕینەوەی زمان دەبێ هۆکاری زمان ـ تێکەڵکردن بێ؟ (میچان و پۆپلاك) بۆچوونێکیان هەیە، کە دەڵێن، زمان تێکەڵکردن و وشە وەرگیراوەکان دوو دیاردەی ڕوون و ئاشکران لە زمان. بە تێپەڕبوون بەناو بەراوردکردن لە زمانەکاندا ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە، کە زۆرینەی زاراوە ئاڵوگۆڕکراوە زمانییەکان هاوشێوەی یەکە بچووکەکانی بنیاتی

بنچینەیی زمانن، لەبەر ئەوە تەنیا ئەوە ناگرێتەوە، کە ناوەرۆکی تەنیا پۆلە وشە سەرەکییەکانی یەك زمان کە یەکدەگرنەوە لەناو یەك ئاخاوتن لە زمانێکی تردا هەمیشە بە وەرگر بزاندرێن (Meechan & Poplack, 1995: 135).

## ٣ ـ هاوبێژی:

سێیەم پۆل کە (کلاین) ئاماژەی پێکردووە، هاوبێژییە، واتە دوو وشە هاوتا لە خوێندنەوە و جیاواز لە واتا، هەندێ جار لە دوو زمانزانیدا وشەکان کە دەنگەکانیان وەکو یەکە، یان نزیکە لەیەکتری لەکاتی گفتوگۆکردن لەلایەن کەسی دوو زمانزان تێکەڵدەکرێن **(Clyne, 1991: 194)**.

## ٤ ـ ڕۆڵی ڕێبەر (چاودێر) و هۆشیاری زمان:

(سەلینکەر و سیوسەن) دەڵێن: ((چاودێر بریتییە لەو بەشەی کە هەڵدەستێت بە کۆنترۆڵکردنی هەڵەکان و ڕۆڵ بینینیان لە دەستکەوتنی زمان و تیۆرەکانی بەرهەمهێنانی زمان))، ( **Selinker & Susan, 2001: 197**) سنووردانان لە زمان تێکەڵکردن لەبواری زمانەوانی دەروونی بەئەنقەست نەبووە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە قسەکەر نابێ هۆشداری هەبێ دەربارەی ئەمە. ئەگەر قسەکەر ئامادەیی ئەوەی هەبێ، کە توانای شاراوەی وشە دەستپێکەکان بزانێ، ئەوا دەتوانێ ڕاستیان بکاتەوە و بیان گێڕێتەوە بۆ ناو زمان و بە ڕوونی و ئاشکرایی بەکاریان بهێنێت. ئەمەش بەو ڕێگایە دەبێ کە قسەکەرەکان بەئاگا دەبن لە ئاخاوتن، بەهۆی ڕێگاکانی دەستبەسەرداگرتنی هەڵەکانی ئاخاوتن، کە بە ناسنامەی (هەستکردن بە هەڵەی زمانی) ناودەبرێت (سەرچاوەی پێشوو: ١٩٨).

بەبۆچوونی (کلەڤانس) پێوستە دوو مەرج لە ڕێبەریدا هەبێت لە بەکارهێنانی زماندا:

أ ـ پێویستە قسەکەر (نێر/ مێ) ئامادەیی ئاخاوتنی هەبێ، نەك تەنیا یاسا و دەستوری زمانەکە بزانێ، بەبێ ئەوەی ئاخاوتنی لەسەر بزانێ.

ب ـ پێویستە قسەکەر زانیاریی لەسەر یاساکان، یان زانیاریی لەسەر هەندێ زاراوەی تایبەتی زمان هەبێ، بۆ ئەوەی زمانەکەی پێ بخاتەکار **(Klavans, 1985: 30)**

**لەگەڵ ئەم مەرجانە لە ڕێبەری کردندا، دوو جۆر تویژینەوەی جیاوازمان لە ڕووی تیۆری بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا هەیە:**

**أ- تویژینەوەی پێش گوتن: قسەکەر گوێ دەگرێ لە ئەو (نێر/ مێ)، هەست بە (قسە هەڵە و چەوتەکان) دەکات لە ئاخاوتنەکەدا، پێش ئەوەی پلانی هەبێ بۆ ئاخاوتن.**

**ب - تویژینەوەی کاتی گوتن: قسەکەر گوێ لە ئەو (نێر/ مێ) دەگرێ، دەتوانێ دەستەواژەکانی لە دوای ئاخاوتنیان ڕاست بکاتەوە (Ervin, 1964: 90).**

**هەمیشە ئەو قسەکەرانەی کە دوو زمان دەزانن سیستەمی چاودێریکردنیان هەیە لە چاککردنی کێشەکانیاندا، کاتێك کە هەڵە دەبینن، دووبارە ڕاستیاندەکەنەوە دوای گواستنەوەیان بۆ ناو زمانەکەی تر.**

**زۆر جار قسەکەر، کە کار لە شێوازی یەك زمانیدا دەکات، ڕۆڵی چاودێری دەبینێت و مۆدی ئاخاوتنی شێوەی یەك زمانی نیشانە دەکات، لە دوو زمانزانیدا زمانی سەرەکی قسەی پێ دەکرێ، بەڵام دەتوانرێ لەگەڵ هەمان گفتوگۆدا، بڕیاری گۆڕینی زمانی بنچینەیی بدەین. بۆ ئەوەی قسەکەر بناسینەوە لەو وشانەی لە زمانێکی ترەوە هێناویەتی و لەکاتی قسەکردنەکەیدا بەکاری دەهێنێ، کاتێك بەیەك زمان قسە دەکات، هەوڵدەدات لەم وشانە دوور بکەوێتەوە، کە هێناویەتی. ئەو کەسانە زوو خۆیان ڕاستدەکەنەوە دوای ئەوەی وشەیەك، یان دەتەواژەیەك دەدرکێنن، کە لە زمانێکی ترەوە هێناویانە، لە کاتێکدا زۆر گرانە پێش ئاخاوتنەکە جیابکرێتەوە (Butzkamm, 1993: 20).**

**تویژینەوەی کاتی ئاخاوتن، چالاکییەکی بەرفراوانی پرۆسەی شێوازی ئاخاوتنە لەیەك زمانزانیدا لەکاتێکدا دەتوانرێت ڕوون بکرێتەوە، بەڵام تویژینەوەی پێش ئاخاوتن گرانە، چونکە قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا وشەیەك، یان بەشێك لە ئاخاوتنەکە دەبڕێ و ئەو بەشەی کە لە زمانێکی ترەوە وەریگرتووە، بەکاری دەهێنێ.**

## ١ـ ٤ـ ١. زمان تێکەڵکردن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

**توێژەران جیاوازییان لە نێوان دوو زاراوەدا کردووە :**

**(زمانەوانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی زمانی)، زمانەوانی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە توێژینەوە لە زمان لەو ڕووەوە، کە پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە هەیە، واتە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بایەخ بە زمان دەدات، بەڵام لە کۆمەڵناسی زماندا، توێژەر توێژینەوە لە کۆمەڵ دەکات لەو ڕووەوە، کە پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە، واتە لە توێژینەوەدا توێژەر بایەخ بە کۆمەڵ دەدات.**

**دیارە زاراوەی یەکەم زمانەوانی کۆمەڵایەتی زیاتر پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە، بۆیە دەبێت زیاتر ڕوونی بکەینەوە و لێی بدوێین:**

**سادەترین پێناسەی کۆزمانەوانی ئەوەیە، کە (لاینز) کردوویەتی: ((زمانەوانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە توێژینەوە لە زمان لە ڕووی پەیوەندیی بەکۆمەڵەوە، واتە زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەریان لەسەر یەکتر دەکۆڵێتەوە))، (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ١٩). زمانەوانی کۆمەڵایەتی بەلای (ویدۆوسن) بریتییە لە: (( دیراسەکردنی زمان لە پەیوەندیی بە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، واتە چینی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن و جۆری خوێندن، تەمەن، ڕەگەز،... هتد))، (هـ.ج.ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٥١).**

**بە بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانان ناکرێ زمان لە کلتور و ئەو ژینگەیە دابڕین، کە قسەکەرەکە تێیدا دەژی، هەروەها ناشکرێ زمان لە ڕووی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییەوە لە ڕەفتارە مرۆییەکان دابڕێت. (میشال زکریا، ١٩٨٣: ٢٢٠) مرۆڤ لەڕێگەی کارلێکی لەگەڵ ژینگەکەی کە تێیدا دەژی زمانی دایك، یان زمانی تر فێردەبێ، بۆیە زمانەوانی پەیوەندییەکی بەتینی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە و کۆمەڵناسی توێژینەوەی لەسەر دەکات (علی عبدالواحید ،١٩٥١: ٢).**

**بەشێکی توێژینەوەکەی ئێمە دەچێتە ناو بواری زمانەوانی کلتوری و کۆمەڵایەتییەوە (sociocuitural linguistics)، زمانەوانی کلتوری و کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بنەمایە سەری هەڵداوە، کە زیاتر کار دەکات لەسەر ئەو بایەخە فەرمیانەی کە زمان هەیەتی بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان و واتاکانی بەکارهێنانی زمان. لەسەدەی ڕابردوودا، زمانەوانان هەوڵیاندا کە کارەکانی خۆیان نزیکتر بکەنەوە لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی.**

زمانەوانی بەناوبانگ (ساپیر) هانی زمانەوان و توێژەرانی داوە، کە گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی زمان بدەن و واز لە توێژینەوەی مێژوویی بهێنن، بە بۆچوونی ئەم زمانەوانە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان زمان و کۆمەڵناسی و دەروونزانی و فەلسەفەدا هەیە، بۆیە ناکرێت ئەم لایەنانە فەرامۆش بکرێن و توێژینەوەیان لەسەر نەکرێت (**Sapir, 1929: 214**).

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، توێژەران درکیان بەگرنگی هۆکاری کۆمەڵایەتی کرد لە زمان تێکەڵکردندا.

(ڕۆمەین) پێی وایە کۆمەڵێك هۆکار و پاڵنەر هەن، کەوا دەکەن قسەکەران زمان بگۆڕن و تێکەڵی بکەن، بەڵام هۆکاری کۆمەڵایەتی گرنگترینیانە (**Romaine, 1989: 15**).

(سێلیك) پێی وایە زمان تێکەڵکردن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی کۆمەڵگاوە هەیە (**Celik, 2003: 24**). (شۆجی) دەڵێت: ئەوانەی کە دوو زمان دەزانن و لەو کۆمەڵگایانە دەژین، کە فرەزمان و فرەنەتەوەن، پێویستە فێری ستراتیژیی زمان گۆڕین بن و پەیوەندییەکی نەرم و نیانیان لەگەڵ کۆمەڵگادا هەبێ، چونکە دوو زمانی زۆر هەستیارە و دەبێت قسەکەران بەپێی بارودۆخەکان زمان بگۆڕن (**Shoji, 1991: 55**).

(هێلەر) پێی وایە بارودۆخە گۆڕاوەکان، ڕۆلبینینەکان، بابەتەکە، تەمەن، ڕەگەز، ئاین... هتد. کاریگەرییان لەسەر ئەو کەسانە هەیە، کە دوو زمان دەزانن و دەتوانن زمان بگۆڕن و تێکەڵی بکەن (**Heller, 1995:31**).

(فیشمان) پێی وایە، ئەندامێتی گروپ یەکەمین هۆکارە لە هەڵبژاردنی زماندا، دووەم هۆکاریش بارودۆخی فیزیاییە (ڕێکخستن)، کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە زمان گۆڕیندا (**Fishman, 1965: 23**).

(ئور) ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە زمان گۆڕین پەیوەندیی بەو بەشداربووانەوە هەیە، کە ئامادەبن لەگەڵ ڕێکخستنی فیزیایی (واتە لە ڕووی جەستەوە زمانی تەواوە یان نا)، هەروەها بابەتەکان و جۆری کارەکەوە (**Auer, 1998: 615**). بە بۆچوونی (گەمپێرز) زمان تێکەڵکردن بە زۆری لەبارە نافەرمیەکانی وەکو بازرگانی و کاروکاسبی و خۆراك و جلوبەرگ ڕوودەدات (**Gumperz, 1964: 53**).

(گرۆسین) لە بارەی زمان تێکەڵکردنەوە دەڵێت، بارودۆخ و بابەت دوو هۆکاری سەرەکین و وادەکەن دوو زمانزانی (کوردی ـ عەرەبی) زمان تێکەڵبکەن بە تایبەتی کاتێك کە لە بارەی سیاسەت، یان زانست، یان بابەتی تایبەت دەدوێن (Kim, 2006: 56).

بە بۆچوونی (بهاتا و ریتچیۆ) کۆمەڵێك هۆکار هەن، وا دەکەن زمان تێکەڵبکرێت، کە هۆکاری کۆمەڵایەتی گرنگترینیانە و لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە کاریگەریی زۆری هەیە، بۆ نمونە: لەو کۆمەڵگایانەی بەزۆری پیاوان لە دەرەوەی ماڵدا کاردەکەن و ئافرەتان کاری ناوماڵ دەکەن، زمان تێکەڵکردن لەلای ژنان لە چەندایەتیدا جیاوازە لەهی پیاوان، هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵگا و تەمەن دوو هۆکاری تری زمان تێکەڵکردنن، هەروەها دووپاتبوونەوە، ئامرازی سەرسورمان و نیمچەڕستەی پەیوەندیدار و ئیدیۆم هۆکاری ترن لە زمان تێکەڵکردندا. ئەم دوو توێژەرە ئاماژە بەوە دەدەن، کەوا زمانەوانی کۆمەڵایەتی زۆر بەرتەسك بووەتەوە، تەنیا بۆ چەند توێژینەوەیەکی تایبەت دەستدەدات، بۆیە پێشنیاریان کردووە، زاراوەی زمانەوانی کلتوری و کۆمەڵایەتی لەجیاتی زاراوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی بەکاربێت (Bhatia & Ritchie, 2004: 436).

(بوچۆلز و کیرە) زۆر جەخت لەسەر تەمەن دەکەنەوە لە زمان تێکەڵکردندا، لەم بارەیەوە دەڵێن: لە (کینیا) کاتێك کە گەنجەکان قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن، ئەوا زمانی سەواحیلی بەکاردەهێنن، بەڵام کاتێك قسە لەگەڵ یەکێکی لە خۆیان گەورەتر دەکەن، ئەوا زمانی سەواحیلی بەکارناهێنن ( Bucholtz & Kira, 2005: 4).

دەبێ لە زمان تێکەڵکردندا چەندایەتی و چۆنایەتی و دەستەبەرکردن و باری زمان و گونجاوی دیاری بکرێت، هەرچەندە بۆ باری زمانی، دووپاتبوونەوەی تێکەڵکردنی زمان پشت دەبەستێت بەوەی کە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ئەرێنی، یان نەرێنی سەیری دەکات. ئەو قسەکەرانەی کە زمان تێکەڵدەکەن، ئارەزووی ئەوە دەکەن، کە بەشێوەیەکی لێهاتوانە بە دوو زمان قسە بکەن.

(وێرنچ) پێی وایە زمان تێکەڵکردن لە نیمچەڕستەی پەیوەندیداردا نیشانەی کەم لێهاتووییە لە دوو زمانزانیدا (Weinreich, 1953: 48).

## ١ـ ٥. سەرەتایەکی مێژووی بۆ ئەو کارانەی کە لە بارەی زمان تێکەڵکردنەوە کراون:

مێژووی توێژینەوەی دیاردەی زمان تێکەڵکردن بەشێوەیەکی زانستی و بەپێی زمانەوانی کلتوری کۆمەڵایەتی بۆ (بلۆم و گەمپێرز) دەگەڕێتەوە، هەرچەندە لە ساڵی(١٩٧٢)دا زاراوەی کۆد گۆڕینیان بەڕاست زانیوە لە کارەکانی تایبەت بەم بابەتە، کە دواتر باسی دەکەین. هەروەها چەند لێکۆڵەرێکی تر لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیان لەسەر کۆد گۆڕین کردووە و کۆد گۆڕین دێننە ناو  بواری زمانی کلتوری کۆمەڵایەتییەوە. توێژەرێکی ئەمریکی بەناوی (جۆرج بەیکەر)، کە لەبواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی کردووە، باسی زمان تێکەڵکردنی لەناو مەکسیکییە ئەمریکییەکان لە (تۆکسۆن و ئەریزۆنا) کردووە، (بەیکەر) هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بۆچی لەنێو ئەو کەسانەی کە دوو زمان دەزانن ، زمانی باپیرانیان (ئیسپانی) لە بۆنەیەکدا بەکاردەهێنن و زمانی ئینگلیزیش لە بۆنەیەکی تردا، هەروەها لەبۆنەکانی تریشدا ئاڵوگۆڕیان پێدەکەن، واتە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر باز دەدەن؟ (بەیکەر) لەئەنجامی توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەندامانی  خێزان بە تایبەتی ئەوانەی هۆگری زمانی دایکن، زمانی ئیسپانی بەکاردەهێنن، بەڵام لەگفتوگۆیاندا لەگەڵ ئەمریکییە ئەنگلۆییەکان (**Anglo**)، زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، تەنانەت ئەگەر هەموو هاوبەشەکانی ئاخاوتنەکەش لە ئیسپانی تێبگەن. توێژەر ئەوەشی دەرخستووە، کە ئەوانەی تازە پێدەگەن لەچاو بەتەمەنەکان زیاتر حەزیان لە بەکارهێنانی چەند زمانێکە لەیەك ئاخاوتندا (**Barker, 1947: 180 – 186**).

توێژەرێکی تر کە باسی بەریەککەوتنی زمانەکانی کردووە (وێنریچ)ە، ئەم توێژەرە ڕەخنە لە بۆچونەکەی (بەیکەر) دەگرێت کە لەسەر (تۆکسۆن) توێژینەوەی کردبوو، بەوەی کە تەنیا باسی چوار باری کردووە: هۆگری زمانی دایك، فەرمی، نافەرمی و گروپە هاوبەشەکان. (وێنریچ) لە چوارچێوەی زمانەوانی کلتوری کۆمەڵایەتی باسی زمان گۆڕینی کردووە و دەڵێت، ئەوانەی دوو زمان دەزانن لە کات و شوێنی جیاوازدا زمان دەگۆڕن (**Benson, 2001: 25**).

(ڤۆگت) کە کاریگەر بووە بە بۆچوونەکانی (وێنریچ) لە بواری بەریککەوتنی زمانەکان، بە یەکەم توێژەر دادەنرێت، کە لە وتاری ڕۆژنامەدا زاراوەی کۆد گۆڕینی لە بواری زمانەوانیدا بەکارهێناوە. (ڤۆگت) کەمتر ترس نیشاندەدات لە کۆد گۆڕینی ئەو کەسانەی کە دوو زمان دەزانن، هەروەها (ڤۆگت) پێی وایە کۆد گۆڕین زیاتر دیاردەیەکی دەرونییە و هۆکارەکانیشی نازمانین (**Vogt, 1954: 315**).

(فێرگوسۆن) یەکەم توێژەرە کە باسی دیاردەی دگلۆسیای (diglossia) کردووە و بەم جۆرە پێناسەی کردووە ((دیگلۆسیا بریتییە لەو کۆمەڵگایانەی کە لەیەك کاتدا زیاتر لە زمانێك، یان زارێکی تێدا بەکاردێت))، (Ferguson, 1959: 325). (فێرگوسۆن) دیگلۆسیا بەرتەسکدەکاتەوە بۆ زارەکانی یەك زمان و نمونەی بۆ کۆد گۆڕین نەهێناوەتەوە.

(فیشمان) لە دوای (فێرگسۆن) باسی دیگلۆسیای کردووە، بەڵام باسی دابەشبوونە ئەرکییەکان دەکات لە نێوان چەند زمانێکدا (Fishman, 1967: 36). لێکدانەوەکانی (فیشمان) بۆ دیگلۆسیا سودی لێوەرگیراوە بۆ بیردۆزی گۆڕینی میتافۆرەکی دۆخی دەوروبەری.

(گوڤمان) وەسفی گۆڕینی بنەمایی (footing) دەکات لە پرۆسەی بەریەککەوتنی زمانەکان و زمان گۆڕیندا. بەم جۆرە پێناسەی گۆڕینی بنەمایی دەکات، (( گۆڕینی بنەمایی: بریتییە لەوەی کە بەشداربووانی ئاخاوتن لەکاتی ئاخاوتندا دەوەستن، بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنی زمان بە پێی کات و دەوروبەری ئاخاوتنەکە، بەمەش دەتوانن چەندین ڕۆڵی جیاواز ببینن))، (Gffman, 1979: 98)، ئەم توێژەرە بیردۆزی گۆڕینی بنەمایی بە بیردۆزێکی بە سوود داناوە، چونکە ئاخێوەران لە گفتوگۆکانیاندا سوودی لێ دەبینن، واتە ئاخێوەران لە ئاخاوتندا دەتوانن سوود لە گۆڕینی زمانەکان وەربگرن بەپێی گۆڕانی دەوروبەر و کات و ڕۆڵی ئاخاوتنەکە. کۆد گۆڕین لەلای (گوڤمان) بریتییە لە گۆڕینی زمانێك بۆ زمانێکی تر (Goffman, 1981: 128)، بە بۆچوونی ئەم توێژەرە کۆد گۆڕینی بنەمایی لەلای ئاخێوەران بەیەکداچوو و تێکچڕژاون، هەروەها بەرزی و نزمی دەنگ و هێز و ئاوازە گرنگن و دەبێت توێژەران توێژینەوەی لەسەر بکەن، (گوڤمان) سوودی لە وەسفەکانی (گەمپێرز) وەرگرتووە لەسەر کۆد گۆڕین و هەندێ نمونەی ئەوی وەرگرتووە.

(جاکۆبسۆن) ئەو توێژەرەیە، کە زاراوەی کۆد و کۆد گۆڕینی دوای (ڤۆگت) بەکارهێناوە و دەڵێت، زمانەکان خۆیان کۆدیان هەیە و کۆد دروستناکەن، بەڵام کۆدی (قسەکەر و وەرگر) جیاوازن، چونکە ئەمانە بۆ دوو بیر و مێشکی جیاواز دەگەڕێنەوە، بەڵام بیری هەموو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی نمونەیی وەکو یەکن، کە دەتوانن زمان و ئاخاوتن پێکبهێنن (Jakobson, 1971b: 570). لەبەر ئەوە ئەو پرسیارەی کە دەڵێت، ئایا هەرکەسێك کۆدی جیاوازی هەیە؟ هاوسەنگە لەگەڵ ئەو پرسیارەی کە دەڵێت، ئایا قسەکەرانی هەمان زمان هەمان ڕێزمانیان هەیە، یان هەمان کلتور و ئایدلۆجیا... هتد یان هەیە؟ هیچ وەڵامێکی ڕەها بۆ ئەم پرسیارە نییە، تەنیا وەڵامی پراگماتیکی نەبێ.

کۆد گۆڕین هۆکارەکەی پراگماتیکییە، واتە قسەکەر کاتێك کە زمان دەگۆڕێت، مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە. وەك ئەوەی کە دەسەلاّتی بەسەر زمانی تریشدا دەشکیّ، یان حەز ناکات ئەو زمانە بەکاربهێنێت، یان کەسێکی ڕۆشنبیرە...هتد.

ئاخێوەران کۆد بەکاردێنن (زمانی بیّ، یان نازمانی) لە هەوڵەکانیاندا بۆ ئاخاوتن لەگەلّ ئاخێوەرانی تری زماندا. گوێگرەکانیش کۆدی خۆیان بەکاردێنن بۆ ئەوەی واتاکان بەرهەمبهێنن لە دەربڕینە ئاخاوتنیەکاندا، هەروەها پێشبینییەکانیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی لە مەبەستی قسەکەران تێبگەن. بەهەمان شێوە، قسەکەرەکانیش شێوازی قسەکردنیان دەگۆڕن، بۆ ئەوەی گۆڕانێك لەباری ئاخاوتنیاندا بێنە ئاراوە، ئەویش بەهۆی گۆڕینی ڕۆڵە کۆمەلاّیەتییەکان، یان بەهۆی گۆڕینی شیرازەکانی تێگەیشتنی دەربڕینی ئاخاوتنی. بەواتایەکی تر، گۆڕینی کۆدەکان ئەو ڕێگایەیە، کە بەهۆیەوە بەکارهێنەرەکانی زمان، گفتوگۆکردنی گونجاو (بەسیاق کردن) دەکەن. پێناسەیەکی بەسوود، یان گرنگی کۆد گۆڕین بۆ شیکاری زمانەوانیی کلتوری کۆمەلاّیەتی دەبیّ، وەك گۆڕانێك وەربگیرێت لەشێوەی گفتوگۆدا، کە ئاماژە بۆ دەوروبەرێك دەکات، کە بەهۆیەوە دەتوانریّ لە دەربڕینە زمانییەکان بگەین، دەوروبەری ئاماژە پێکراویش لەوانەیە زۆر ناوخۆیی بیّ (وەك کۆتایی پێهێنان لە قسەکردن)، یان زۆر گشتگیر بیّ (وەك ڕووبەڕوو بونەوەی چەند چینێکی کۆمەلاّیەتی بالاّ). یان لە نێوان هەردووکیان. لەمەش زیاتر ، گرنگە بتوانریّ، کەوا ئەم ئاماژە پێکردنە جێبەجیّ بکریّ، بەهۆی کرداری ئاخێوەران لە ئاخاوتنێکی تایبەتیدا. واتە ئەمە پێویست نییە، چونکە گۆڕینی کۆد ئەنجامدەدریّ، بەهۆی ئاخێوەران لەکاتی ئاخاوتندا، واتا کرداریەکانیش لە ئاخاوتنەکەدا سەرهەلّدەدات، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنیّ، کەوا بەکارهێنانی شێوازە تایبەتییە زمانییەکان هیچ مانایەکی نییە و قسەکەران بە ئارەزووی خۆیان بەرهەمی دەهێنن، هەروەها تاکەکان (کەسەکان) دەگەڕێنەوە بۆ ئەزموونەکانی ئاخاوتن و ئەم بیرەوەریانەش (بەبیرهاتنەوانە) کە بەبیریان دێتەوە بەشێکی تێگەیشتنی ئەرکەکانی ئاخاوتنی قسەکەران دروستدەکەن. لەبەر ئەوە لە کات و شوێنێکی تایبەتی ئاخاوتندا بەچەند شێوەیەك دەردەکەویّ، کە چەند جارێك بەبەردەوامی دووبارە ببێتەوە (**Nilep, 2006: 12**).

جگە لەمانە، ئەمە شتێکی خوازراو نییە بۆ توێژەر، یان بۆ شیکارکەرە زمانەوانی و کلتوری و کۆمەلاّیەتییەکان، کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنکەوتن و دیاریکردنی چەندجارە بوونەوەی دەربڕینە

تایبەتییەکان، وەك لە تێگەیشتنی کاریگەریی شێوە زمانییەکە لەسەر گفتوگۆ و سەرهەڵدانی واتا کۆمەڵایەتییەکاندا.

دەرکەوتنی هۆشەکی (بیری) ئەم کۆدانە ناتوانرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئاخاوتندا هەستی پێ بکرێ، چ لەلایەن توێژەرانەوە بێت، یان لەلایەن ئاخێوەرانەوە. بە پێچەوانەوە، توێژەر دەبێ سەرنجی ئاخاوتنەکەی خۆی بدات و دەرکەوتنی شێوەیەکی زمانی وەك کۆد بگەڕێنێتەوە حاڵەتی خۆیی لەو کاریگەرییەی کە هەیەتی لەسەر بەرکەوتنی ئاخاوتنیدا. ئەم ڕێگایەی کەلێرەدا باسی لێوە کراوە، وا دەڕوانێتە زمان تێکەڵکردن، وەك بەکارهێنانێکی پڕاکتیکی تاکەکان لە کات و شوێنی تایبەتی ئاخاوتندا. لەبەر ئەوە نە دەتوانرێ ئەرکە فراوانەکانی گۆڕینی زمان دیاریبکرێ و نە دەتوانرێ پێناسەی تەواوی سروشتی هیچ کۆدێك بکرێ و پاشان بوترێ ئەم کۆدە گرنگترە لەوانی تر و دەبێ لە ئاخاوتندا هەبێ، چونکە کۆدەکان لە ئاخاوتندا سەرهەڵدەدەن و پەیدا دەبن و گونجاویش دەبن، ئەگەر ئاخێوەران، وەکو شتێکی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

## ١ـ ٦. (گەمپێرز) کۆد گۆڕین و بەسیاقکردن:

توێژینەوەکانی (گەمپێرز) لە بواری زمانەوانیی کلتوری و کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی ئەوانەی کە لەسەر کۆد گۆڕین و بە سیاق کردندا ئەنجامی داون کاریگەریی زۆریان هەبووە. (گەمپێرز) زۆربەی کارەکانی لە باکوری هیندستان ئەنجام داوە و لە توێژینەوەکانیدا جەختی لەسەر دیالێکتەکانی زمانی هیندی کردووە، بە تایبەتی دیالێکتی گوند و دیالێکتی ناوچەیی و زمانی ستانداردی هیندی، کە هەریەکە لەو دیالێکتانە چەندین ئەرکی جیاواز جێبەجێ دەکەن. ئەم توێژەرە دەڵێت ئەو هاوڵاتییانەی کە بە ڕەگەز نێرینەن و زۆر سەفەر دەکەن، بە هەردوو دیالێکتی گوند و ناوچەیی قسە دەکەن و لە ماڵەوەش بە دیالێکتی گوند قسە دەکەن، بەڵام لەگەڵ کەسانی دەرەوە بە دیالێکتی دیکە قسە دەکەن. واتە جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان قسەکەراندا هەیە، کاردەکەنە سەر هەڵبژاردنی زارەکە (**Gumperz, 1964: 35**).

(بلۆم و گەمپێرز) کاتێك کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە پەیمانگای (سۆسیۆلۆجی) لە زانکۆی ئۆسلۆ کاریاندەکرد، توێژینەوەیەکیان لەسەر ناوچەی (هێمنسبێرك) لە باکوری نەرویج ئەنجامدا و لە توێژینەوەکەیاندا هەردوو دیالێکتی (بۆکماڵی ستاندارد) و (ڕەنەماڵی بازاڕی)یان، وەکو نمونە وەرگرت و پاشان بەراوردیان کرد لەگەڵ هەردوو دیالێکتی (هیندی ستاندارد) و (هیندی بازاڕی)، لە ئەنجامی

توێژینەوەکەدا بۆیان دەرکەوت، کە دیالێکتی بازاڕی زیاتر لەو گفتوگۆیانە بەکاردێت، کە لەگەڵ هاوسێکانیان ئەنجام دەدرێت، بەڵام زمانی ستاندارد لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییە بەرزە هیندۆسییەکان و چەند گروپێکی تر بەکاردێت و لە نەرویجیش لە گفتوگۆ ئەکادیمی و بەڕێوەبردن و بۆنە ئاینییەکاندا بەکاردێت. لەسەر بنەمای ئەم بەراوردکارییە ئەوەیان دەرخست کە بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەبێت بەگوێرەی بەشداربوانی گفتوگۆ و کات و شوێن و بابەت لەناو زمانەوانی کۆمەڵایەتی لێکبدرێتەوە. (بلۆم و گەمپێرز) لە توێژینەوەکەیاندا، کە لە بارەی هەردوو دیالێکتی (بۆکماڵی ستاندارد) و (ڕەنەماڵی بازاڕی) ئەنجامیان دابوو، ویستیان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو لێکچوونەی لە نێوان ئەو دوو دیالێکتدا هەیە، قسەکەران لە بەکارهێنانیاندا جیاکاری لە نێوانیاندا دەکەن و بە دوو دیالێکتی جیاوازیان دادەنێن. گونجاوترین گریمانە و وەڵام بۆ پرسیارەکەیان ئەوەبوو کە جیاکاری لە نێوان دیالێکت و زمانی ستاندارد بەندە بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان سنووری نێوانیان دیاردەکەن، بەڵام لە ئاخاوتندا تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن **(Blom & Gumperz, 1972:417)**.

(بلۆم و گەمپێرز) لە توێژینەوەکانیاندا باسی بەکارهێنانی زمان دەکەن بەپێی ئاخێوەران و کات و شوێن و بابەت. واتە لەهەندێ باری کۆمەڵایەتیدا هەندێ فۆڕم و شێوەی زمانی زۆر گونجاوترن لە هەندێ شێوەی زمانی تر، بۆ نمونە ئەو شێوەزارەی دوکاندارێك بەکاریدەهێنێت زۆر جیاوازە لەو شێوەزارەی کە مامۆستایەك بۆ گوتنەوەی وانە لە قوتابخانەدا بەکاریدەهێنێت. هەروەها باسی ئەوەشیان کردووە، کە ئاخێوەرانی زمانێك دەتوانن بەپێی دەوروبەری گوتنەکان شێوەزارەکەیان بگۆڕن. بۆ نمونە، مامۆستایەك لە قوتابخانەدا بە زمانی ستاندارد وانە دەڵێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی قوتابییەکانی بە باشی لە بابەتەکە بگەیەنێت، دەتوانێت شێوەزارەکەی لە زمانی ستانداردەوە بگۆڕێت بۆ شێوەزاری ناوچەیی. ئەم دوو توێژەرە باسی ئەو گفتوگۆیانەشیان کردووە، کە لە نێوان هاوڵاتیان و فەرمانبەران لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، کاتێك لە هەواڵ پرسین و چاکوچۆنیدا شێوەزاری ناوچەیی بەکاردەهێنن. (بلۆم و گەمپێرز) ئەم جۆرە گۆڕان و بازدانە لە شێوەزارێك بۆ شێوەزارێکی تر بە گۆڕینی زمان بەپێی بارودۆخی دەوروبەری کۆمەڵایەتی ناودەبەن ( **Sankoff & Poplack, 1990: 72**).

(فریدریچ) لە ساڵی (١٩٧٢)دا زاراوەی گۆڕینی میتافۆرەکی (خوازەیی) بۆ ئەم دیاردەیە داناوە (**Friedrich, 1972: 271**). بیرۆکەکانی گۆڕینی میتافۆڕەکی (خوازەیی) و باری دەوروبەری لەلایەن چەندین کەس لە پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی زمان ... هتد

گرنگییان پێدراوە ، هەرچەندە (بلۆم و گەمپێرز) بۆکماڵ و ڕەنەکاڵ وەکو کۆدکاری دادەنێن و توشی چەندین کێشە و گیروگرفت هاتوون بۆ وەسفکردنی جیاوازییەکانی نێوانیان، بەلاّم هەندێ لە زانایان و توێژەران لەم دواییانەدا گەیشتونەتە قەناعەتی یەکسانکردنی (کۆد) لەگەڵ (زمان) (واتە هەردووکیان یەکشتن). ڕەخنەگران ئاماژەیان بەوە داوە، کەوا (بلۆم و گەمپێرز) ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلیان نەداوە لەسەر زمانی بەکارهاتوو لە وەسفکردنی کارە زارەکییەکانیان کە لە (هێمنس بێرگ ) ئەنجامیان داوە. (مەهلوم) ڕەخنەیان لێدەگرێت، بە تایبەتی لەسەر ئەو پێشنیارەی دەڵێن بۆکماڵ و ڕەنەکاڵ دوو کۆدی جیاوازن، هەروەها ئەو توێژەرە باسی ئەوە دەکات، لە ناوچە دەشتەکیەکانی تری نەرویج دیالێکتی بازاڕی و ستاندارد ئاوا جیانەکراونەتەوە، وەك ئەوەی (بلۆم و گەمپێرز) پێشنیاری بۆ دەکەن، بۆیە هەر پێشنیارێ زاری قسەکەرانی نەرویجی بە دوو کۆدی جیاواز دابنێت، هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی (مەهلوم) دەڵێت: ئەو زمانە "بازاڕی" و "ستانداردە" بەشێوەیەکی کردارەکی لێکجیاکراوە نین، بەڵکو (شتێکی بەنمونە کراون) ئەوەی گرنگە هەبوونی شێوازەکانیانە (norm) (Maehlum, 1996:753) . ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کەوا هەمەجۆری زمانی کۆمەلاّیەتی وەك بەڵگە بۆ واتای جیاوازی کۆمەلاّیەتی پەیدادەبێت، بەلاّم ناکرێ بگوترێ ئەم دیالێکتە، یان ئەم زمانە دەرکەوتوتر و گرنگترە لەناو گروپەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ زمانەکانی تر.

## ١- ٧. بۆچوونەکانی زمان تێکەڵکردن (بۆچوونی بار و بۆچوونی میتافۆڕەکی):

زۆربەی توێژینەوەکانی پێش ساڵی (١٩٨٠) وەك گەمپێرز و جاکۆپسن لە بواری زمان تێکەڵکردندا سەرنج بۆ گرنگی هۆکاری نازمانی ڕادەکێشن، وەك بابەتی ئاخاوتن و شوێن و کات و پەیوەندی هاوبەشەکانی ئاخاوتن و بەها و نۆرمی کۆمەلاّیەتی و گەشەی ڕامیاریی کۆمەلاّیەتی و ئایدۆلۆژی. هەموو ئەم هۆکارانە بەیەکەوە وا دانرا کاریگەریی گرنگیان لەسەر هەڵبژاردنی زمانی ئاخاوتن هەیە. لە توێژینەوەیەکی (گەمپێرز)دا بۆ یەکەمجار تێکەڵکردنی خوازەیی (میتافۆری) لە تێکەڵکردنی باری جیا کردەوە. تێکەڵکردنی باری لەکاتێکدا ڕوودەدات، کە گۆڕانێك لەباری ئاخاوتندا سەر هەڵبدات. لە تێکەڵکردنی باریدا باوەڕ وایە، تەنیا یەکێك لەو دوو زارە، یان زمانەی لەبەردەستدان بۆ تێکەڵکردن، تەنیا یەکێکیان بەکەڵکی بارێکی دیاری کراو دێت و قسەکەر ناچار دەبێت، لە زمانێکەوە بازبدات بۆ زمانێکی تر، تاوەکو لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا بگونجێت، کە لەباری ئاخاوتندا ڕوودەدات، بەلاّم لە تێکەڵکردنی مێتافۆری (خوازەیی)دا، بە پێچەوانەوە، بارەکە وەك خۆیەتی و نەگۆڕە، بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر پەیوەندیی بەو مەبەستەوە هەیە، کە قسەکەر دەیەوێ لە ئاخاوتندا

بیگەیێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لەمەبەستی قسەکەر بەندە بەپەیوەندیی نێوان زمان و ئەو بارەی کە قسەی تێدا دەکرێ، بۆیە دەبێ پێشەکی ئاگاداری هەڵبژاردنی زمانەکە بین  لەبارەکەدا، پێش ئەوەی بتوانین واتای لادانەکە تێبگەین، پێویستە ئەوەش بڵێین جیاوازی نێوان تێکەڵکردنی مێتافۆری و تێکەڵکردنی بار جێی گومانە.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە، لە دوای توێژینەوەیەکی گرنگ تێیدا پێناسەی باری دایە بەر تیشکی توێژینەوە، بۆچوونێکی تر لەژێر ناوی (شیکارکردنی ئاخاوتن) هاتە ئاراوە. ئەم بۆچوونە هەوڵی ئەوە دەدات، لەڕێگەی واتاوە گرنگی بە شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن بدات و واشی بۆ دەچێت، قسەکەر دەیەوێ ئەم واتایانە لە گوێگر بگەیەنێت. گیروگرفتی مەبەست و واتا لە زمان تێکەڵکردندا لەوەدایە بزانرێت، تا چ ڕادەیەك ئەو واتا و مەبەستەی شیکار دەیدات بە شوێنە تێکەڵەکان هەر ئەو واتایانەن کە قسەکەر دەیەوێ بیانگەیەنێ و گوێگر وەریاندەگرێ ( **Auer, 1984: 71**).

بۆچوونی شیکاری ئاخاوتن نایەوێ ئەو چوارچێوە تیۆرییانە بسەپێنێ کە شیکار دایاندەنێ، بەڵکو بەدوای ئەو بنەمایانەدا دەگەڕێ، کە بە هۆیانەوە هاوبەشەکانی ئاخاوتن دەگەنە واتای هاوبەش لە هەڵبژاردنی زماندا. واتە بۆچوونەکە زیاتر بەندە بەوەی، واتای زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا دێتە ئاراوە.

شیکەرەوەی ئاخاوتن نکۆڵی لەوە ناکەن، کە بەهۆی گەشەی مێژوویی و پایەی ڕامیاری جیاوازی زمانەکانەوە، تەنانەت لە نێوان یەك کۆمەڵیشدا قسەکەران بەمەبەستی جیاواز و ڕێژەی جیاواز فێری زمانەکان دەبن، لەبەر ئەوە هەڵوێست و حەزیان بۆ ئەو زمانانەی لە ژینگەکەیاندا بەکاردێت لەوانەیە جیاواز بێت، بەڵام ئەمە نابێت وا بکات شیکار واتای خۆی، ئەگەر بەندیش بێت بەو زانینەی هەیەتی دەربارەی کۆمەڵێك بدات بەو شوێنانەی زمان تێیدا تێکەڵدەکرێ، بە تایبەتی ئەگەر شیکارەکە خۆی لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵەیە بێت (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٣١). گریمان ئەو زمانانەی لەیەك کۆمەڵدا بەکاردێن، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەگرنگیدا یەکسان نین، پرسی زمان تێکەڵکردن لەوەدا دەبێت، بزانرێ چەند لەو واتایانە لەڕێگەی ئاخاوتن و لەیەکتر گەیشتنەوە دێنە بەرهەم.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لەم بۆچوونە با لەم ئاخاوتنە تێکەڵە وردبینەوە کە لە ماڵی (ب)دا ڕوویداوە:

ئاخاوتنی ژ/(١)

(أ) کوڕێکی پازده ساڵەو (ب) ژنێکی سی ساڵەیە، پێکەوە نان دەخۆن، (ت) کچی (ب)یە، ئاخاوتنەکە پێش ئەم چەند گوتنە بەکوردی بووە:

(ب) فەرموو (برنجەکەی لێ نزیك دەکاتەوە).

(أ) ها. (سێ چرکە بێدەنگی).

(أ) ما شایف محمد من زمان. (دوو چرکە بێدەنگی).

(أ) أنت شایف محمد؟

(ب) لا.

(أ) شفت سمیر؟

(ب) ڕوو لە (ت) دەکات، میوەکان بێنە.

هەروەها (ب) ڕوو دەکاتەوە (أ)، لە کوێ؟

که (ب) فەرموو لە (أ) دەکات، (أ) کورتترین وەڵامی دەداتەوە، ئەو بێدەنگییەی کە بەدوای ئەم گۆڕینەوەیەدا دێ، نیشانەی کۆتایی هاتنە بەم کارە (فەرموو لێکردنەکە). لە دوای سێ چرکە، (أ) دەیەوێت بابەتەکە بگۆڕی و پرسیار لە بارەی ناسیاوێکەوە بکات. ئەم گۆڕانە لەبابەتدا، بەندە بە گۆڕان لە هەڵبژاردنی زماندا، واتە (أ) لە کوردییەوە باز دەدات بۆ عەرەبی، کە جیاوازە لە زمانی نۆرەکانی (ب). ئەمجارە (ب) وەڵامی ناداتەوە ئەمە (أ) ناچار دەکات، کە گوتنەکەی دووبارە بکاتەوە لە شێوەی پرسدا، نەك هەواڵ گەیاندن. وەڵامی (ب) ئەمجارە بە زمانی عەرەبییە، بەڵام تەواو کورتە. (أ) پرسیار لە بارەی ناسیاوێکی ترەوە دەکات (دیسان بە عەرەبی). لە دوای بێدەنگییەکی کەم (ب) گوێگرێکی تر هەڵدەبژێرێ، کە (ت)ەو دەگەڕێتەوە بۆ زمانی کوردی، بۆ ماوەیەکی زۆرکەم (أ) لە ئاخاوتنەکە دەردەکات. لە دواییدا ڕوو دەکاتە (أ) بە زمانی کوردی لەگەڵیدا دەدوێ. کە لەڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە لەم ئاخاوتنە دەکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بازدانەکەی (ب) لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی و پشتگوێ خستنی (أ) بۆ ماوەیەکی کورت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە

نایەوێت بەعەرەبی قسەی لەگەڵدا بکرێ، لەبەر ئەوەی لەهەڵبژاردنی زماندا و هەڵوێستی بۆ زمانی کوردی بەسەریدا زاڵە. لێکدانەوەی وەها شتێکی نوێ نادات بە دەستەوە. ئەوەی پێویستە شیکارکردنی وردی گۆڕینەوەکەیە، نۆرە لە دوای نۆرە، تا دەگەینە ئەو حەز و هەڵوێست و نۆرمانەی کە لە ئاخاوتنەکەدا بەرهەمیان دێنێ. بۆ نمونە، لەم ئاخاوتنەدا، (ب) ژنەکە، زمانی عەرەبی بەکاردێنێ، ئەگەرچی زۆر بەکورتی (تاکە وشەیەك) لە وەڵامی پرسیاری یەکەمی (أ)دا. تەنیا کاتێك (أ) پرسیارێکی تر دەکات و لە دوای تێپەڕبوونی دووچرکە (ب) زمانەکە و گوێگرەکە دەگۆڕێ. گۆڕینی زمانەکە و بەکارهێنانێکی ستراتیژی نۆرە گۆڕینی بەیەکەوە بۆ گۆڕینی بابەت و گوێگر، یاریدەی ئەوە دەدات، کە حەز و هەڵوێستی بۆ زمانەکان دەربخات. بەم ڕێگەیە واتایەکی نوێ لە ئاخاوتنەکە دێتە بەرهەم. **بەم جۆرە دەبینین شیکارکردنی ئاخاوتن دوو سوودی هەیە:**

١ ـ بۆچوونەکە گرنگیەکی تەواو دەدات بە هەڵبژاردنی زمان لە نۆبە یەك لەدوای یەکەکانی ئاخاوتندا، واتە ئەو ڕاستییە دەخاتە پێش چاو هەڵبژاردنی زمانێك لە یەکێك لە نۆبەکاندا کار دەکاتە سەر هەڵبژاردنی زمانەکە لە نۆبەکانی تردا، جا لەلایەن هەمان قسەکەرەوە بێ، یان قسەکەری ترەوە بێ.

٢ ـ ڕادەیەك دادەنێ بۆ لێکدانەوەی شیکار، بەوەی لێکدانەوەی شیکار بەنددەکات بە لێکتر گەیشتنی هاوبەشەکانی ئاخاوتن خۆیان، کە لە ڕەوشتیاندا دەردەکەوێ.

**ئەوانەی ڕێبازی شیکارکردنی ئاخاوتن بەکاردێنن گرنگی بە سێ خاڵ دەدەن:**

١ ـ پەیوەندیی نێوان گوتن و گوتنەکەی دوای خۆی.

٢ ـ پەیوەندیی نێوان نۆبە یەك لە دوای یەکەکان و کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی زمان، یان تێکەڵکردنیان.

٣ ـ هاوتایکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ئاخاوتن (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٣٤).

(گەمپێرز) زیاتر لە توێژەرەوەکانی تر هەستی بە ناتەواوی وەسفکردنی زمان گۆڕین کردووە جا بارودۆخی بێ، یان میتافۆرەکی بێ، ئەو زاراوەیەی کە (گەمپێرز) پێی پەسندبوو بریتی بوو لە

"کۆد گۆڕینی ئاخاوتنی" (پێناسەی کۆد گۆڕینی ئاخاوتنی بە زۆری پەیوەندی بە گۆڕینی میتافۆریکییەوە هەیە). (گەمپێرز) بڕوای بەو ڕاستییە هەبووە، کەوا ئەمە بەشێوەیەکی گشتی زەحمەتە بۆ شیکارکارەکان بۆ دیاریکردن و پێناسەکردنی هەڵبژاردنە تایبەتییەکانی زمان، جا چ بارودۆخی بێ، یان میتافۆرەکی بێ، هەروەها قسەکەرانی زمانی دایکیش زانیاری کەمیان دەربارەی ناسینەوەی گۆڕینی کۆدی ئاخاوتنی تایبەتی خۆیان هەیە، جگە لە حاڵەتەکانی دگلۆسیا نەبێ، یەکگرتن لە نێوان شێوازی زمانی و دەوروبەر و چالاکییەکان یان ئاخێوەران بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕدرێ، زۆر زەحمەتە بە مۆدێلە (نمونە) جێگیرەکان پێناسە بکرێ. لەبەر ئەوەی گۆڕینی کۆدی ئاخاوتنی ملکەچی یاساکان و ڕێگاکانی هزری نابێ، بۆیە ناتوانرێ بگونجێنرێت لەگەڵ جۆرەکانی ماکرۆ زمانەوانیدا (ماکرۆ زمانەوانی بیرۆکەی فراوانی توێژینەوەی زمانەوانییە، کە لە ساڵانی (١٩٥٠) سەری هەڵدا، وە سەیری زمان دەکرێ لە هەموو ئەو پەیوەندییانەی کە هەیەتی بە زانیارییە نازمانییەکان و تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییە فیزیکییەکان / شێوەی نوسین). (گەمپێرز) دەڵێت شیکاری ورد بۆ ئاخاوتنە زارەکییەکان پێویستە، بۆ باسکردن و دیاریکردنی ئەرکی کۆد گۆڕین. لەسەر بنەمای ئەو شیکارییانەی کە توێژەر، کە لەسەر چەندین کۆمەڵگا کردوویەتی، (گەمپێرز) حەوت ئەرك بۆ کۆد گۆڕین دیاریدەکات، کە بریتیین لە: (قسەی وەرگیراو، سیاق، خەسڵەتی گوێگر، شێواز، ئامرازی بانگکردن، دووپاتکردنەوە و گونجاوی پەیام)، (**Gumperz, 1982: 98**). هەندێ توێژەری وەك (ئور) ڕەخنە لەو ئەرکانە دەگرن کە (گەمپێرز) دیاریکردن بەتایبەتی دووپاتکردنەوە. دەپرسن ئەو شتە چییە، دووبارە دەبێتەوە؟ لەبەر چی دووبارە دەبێتەوە؟ هەروەها هەوڵدەدەن بۆ بەستنەوەی پێکهاتە زمانییەکان، وەك (ئامراز، شێوازەکانی بانگکردن و سەرسورمان) و (ئەرکەکانی ئاخاوتنی، یان گرامەری، وەك گونجاوی پەیام و سیفات و خەسڵەتەکانی گوێگر)، (**Ervin, 1964: 97**).

## ١- ٨. دابەشبوونی ڕێچکەی توێژەران لەسەر زمان گۆڕین لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە:

زانایان و توێژەرانی زمان تێکەڵکردن لەبواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی بۆ سێ گروپ دابەش دەبن: ڕێگای دەروونی کۆمەڵایەتی " نمونەی ئاماژە کردن و شیکارییەکانی " و " هەڵبژاردنی کۆد و ناسنامە "، هەروەها توێژینەوەکان لەسەر " کاریگەریی کۆد گۆڕین لەسەر قسەکەران لە ئاخاوتندا ".

ئەم جۆرەی کۆتایی بەشێوەیەکی فراوان، لەسەر شیکاری ئاخاوتنی بنیاتنراوە و ڕەفتاری زمان گۆڕین وا پیشاندەدات، هەم وەك ڕێگایەك هەم وەك گونجاندنی زانیاریی بارودۆخی، کەوا گفتوگۆکەی تێدا ڕوودەدات لەگەڵ بەردەوامبوونی ئاخاوتندا، چونکە دەکرێ ئەم زانیاریە فراوانە شیکار بکرێ، بەلایەنی کەمەوە لەئاستی ناسنامەیی و جیاکردنەوە لە نێوان ئەوەی، کەوا ئێمە پێی دەڵێین " زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا "، بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەوترێ " ناسنامە و کۆد گۆڕین ". لە ڕاستیدا ئەم سێ دابەشکردنەی پێشنیارکراوە دەبێ سەیر بکرێ، وەك گونجاندنێك، نەك وەك شتێکی بیردۆزی گرنگی داهاتوویی (Scotton, 1993: 87 ).

(سکۆتن) ساڵی (١٩٩٣) باسی مۆدێلی ئاماژە پێکردنەکەی خۆی کردووە لە کتێبی " پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زمانگۆڕین، بەڵگە لەسەر ئەفریقا ". بە بۆچوونی  (سکۆتن) هەر زمانێك لە کۆمەڵگای فرەزمانیدا (واتە لەدوو زمان زیاتر لەو کۆمەڵگایەدا بەکاربێ)، بەستراوەتەوە بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان، کەپێیان دەڵێن "دەستەی مافەکان ـ پابەندبوونەکان" بەهۆی بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت قسەکەر ئاماژە بەوە دەکات، کە لە بارودۆخەکە تێ گەیشتووە، بەتایبەتیش ڕۆڵی گونجاوی خۆی لە دەوروبەرەکەدا. بەهۆی بەکارهێنانی زیاتر لە زمانێك ئاخێوەران خۆیان لەگەڵ ڕۆڵە گونجاوە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخەن، هەروەها (سکۆتن) دەڵێت: قسەکەران دەبێت بەلای کەمەوە تێگەیشتنیان لەسەر واتا ناکۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆدێك هەبێ، ئەگەر وانەبێ ئەوا ئاخێوەران هیچ بنەمایەکیان نابێ بۆ تێگەیشتن لە گرنگی هەڵبژاردنی کۆدە تایبەتییەکان. مۆدێلی ئاماژە پێکردن لەشێوەی بنەمایەك باسکراوە. بنەمای ئاخاوتن لەسەر بنەمای هاریکاری (گرایس) کە لە ساڵی (١٩٧٥) داڕێژراوە بانگەشەی ناوەرۆکی بیرۆکەکە دەردەخات بەم شێوەیە. ئەو شێوازەی ئاخاوتن هەڵبژێرە، ئاماژە بە سێتی مافەکان و پابەندبوونەکان دەکات، کە تۆ ئاواتی بۆ دەخوازی لەوەی،  زیاتر قسەکەر بیت، یان گوێگر لە ئاخاوتندا (Scotton, 1983: 113 – 115 ). بەم شێوەیە واتا کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژاردنی زمان لەگەڵ هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕکردن بەتەواوەتی دەتوانرێ باسی لێوە بکرێ، لە ڕوانگەی مافەکان و پابەندبوونەکانی ئاخێوەردا. هەندێ لە ڕەخنەگرانی مۆدێلی ئاماژەپێکردن دەڵێن، ئەوا بەشێوەیەکی یەکجار زۆر پشت بە زانیارییە دەرەکییەکان دەبەستێ، وەك گریمانەکان دەربارەی ئەوەی، قسەکەران لە چی تێدەگەن و باوەڕیان پێیەتی، (ئور) دەڵێت، دەکرێ باسی ڕەفتاری کۆد گۆڕین بکرێ بەبێ گەڕانەوە بۆ زانیارییە نازمانییەکانی ئاخاوتن لە بەکارهێنانی زماندا، کەوا بەگوێرەی مۆدێلی ئاماژە پێکردن پێویستە ئەمانە هەبن. ئەمە شتێکی ئاساییە، توێژەر

بزانیٚ ئەو زمانانە کامانەن، کە بەشێوەیەکی نمونەیی بەکاردێن لە بارودۆخە تایبەتییەکاندا، ئەویش بەهۆی سەرنجدان بە وەسفکردنی گەلان، و زیاتر لەمەش دەتواندریٚ بگوتریٚ، قسەکەرەکان دەتوانن ئەم شێوازانە فێربن، وەك بەشێکی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی کردنی زمان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەی بەهێزیش هەر دەمێنێتەوە. مۆدێلی ئاماژە پێکردن، وا لە توێژەر دەکات، گریمانە بکات دەربارەی زانیاری و تێگەیشتنی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگا.

بۆیە زمان گۆڕین لەسەر بنەمای گریمانەکانی توێژەر ڕووندەکرێتەوە لەسەر بارە ناوخۆییەکانی قسەکەران، وەك بڕیاردانە هاوبەشەکان دەربارەی مافەکان و پابەندبوونەکان، نەك لەسەر ئەو کاریگەریانەی کە هەیانە لەسەر ئەو گفتوگۆیانەی دێنە ئاراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا (ئور) ئاماژە بەوە دەکات، ئەو توێژینەوە کردارییانەی ئەنجام دراون شکستیان هێناوە لە دەرخستنی ئەو هاوپەیوەندییە بەهێزانەی هەیە لە نێوان زمانە تایبەتییەکان و چالاکییەکان، مۆدێلی ئاماژە پێکردن پێشبینیان دەکات. سەرەڕای ئەمە مۆدێلی ئاماژە پێکردن بە کاریگەرترین و پێشکەوتووترین مۆدێلی هاندانەکانی زمان تێکەڵکردن دادەنرێت (**Scotton, 1998: 192**).

## ١ـ ٩. ناسنامە و زمان تێکەڵکردن:

ئەو قسەکەرانەی کە بە دوو زمان قسە دەکەن، هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتییان. بە بۆچوونی (ئور) ڕێگای تێڕوانین لە زمان تێکەڵکردن بەتەواوی گۆڕاوە لە کاتێکدا پاشکۆی ناسنامەی کۆمەڵایەتیدا بووە. بە بەکارهێنانی دوو کۆد لە دوو گۆڕانی جیاوازدا، قسەکەر توانای گۆڕینی هەردوو باری پەیوەست بەم زمانانەی هەیە. بۆ ئەم هۆکارە بەشداربووان لەوانەیە ئەو بارە بدۆزنەوە کە سوودی بۆ کۆمەڵگا هەیە.

لەکاتێکدا مۆدێلی ئاماژەپێکردن لەو کارانەی کە لەم دواییانەدا ئەنجامدراون هەوڵی ئەوە دراوە، کە بەهایەکی سیمانتیکی و گشتگیر بۆ زمانگۆڕین بخەنە ڕوو، وە زۆربەی ئەو کارانەی لەسەر ئەنترۆپۆلۆجیای زمانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و چەند بوارێکی تری زمانەوانی کلتوری کۆمەڵایەتیدا هەن، تێگەیشتنە ئاخاوتنیەکان و لێکدانەوەکانیان لەسەر زمانگۆڕین لە بارودۆخە تایبەتییەکاندا دەردەخەن. هەرچەندە زمانەوانی کۆمەڵایەتی پشکی خۆی پێشکەش کردووە لە کاری فراوانی تیۆریدا، بەڵام ئەوە بەشێوەیەکی گشتی بەستراوەتەوە بە سەرنجی ڕەفتاری لە بارودۆخە تایبەتیەکاندا، وەك لەوەی ببەسترێتەوە بە ڕوونکردنەوە گونجاوە گشتییەکانی توانای زمانی. ئەم

لێکۆڵینەوانە، وەکو ڕوونکردنەوە دەردەکەون لەسەر شوێنی زمان گۆڕین لە بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و تایبەتیەکاندا، وەك لەوەی مۆدێلەکان بۆ ڕەفتاری جیهانی (**Heller, 1992: 123**).

سەرنجەکانی (هێلەر) لەسەر گەلان و توێژینەوەی لەسەر زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا لە ناوچەکانی (کیوبێك و ئۆنتاریۆ) وای لێکرد، گرنگی بە زانینی دوو زمانی بدات، هەروەها سەیری کۆد گۆڕینیش بکات، وەك ستراتیژیەتێکی ڕامیاری، لەبەر ئەوەی زمانەکان دەبەسترێنەوە بە بارودۆخە نمونەییەکان و گروپی قسەکەرەکان، لە ڕاستیدا بۆیە بەکارهێنانی چەند زمانێك وا لە خەڵکی دەکات، کە بتوانن زیاتر چەند شتێك بکەن و بڵێن ئەم هەڵبژاردنەش بەشێوەیەکی ئاسایی چاوەڕوان کراوە (**Heller, 1988b: 93**).

(بۆردیو) دەریدەخات، گروپە زاڵەکان پشت بە هەڵبژاردنی شێوەکانی زمان دەبەستن بۆ پاراستنی زاڵبوونی هێمایی، بەڵام گروپە ژێردەستەکان زمان گۆڕین بەکاردەهێنن بۆ بەهای سەرچاوەکانی هێمایی لەزمانی بازاڕیدا (**Bourdieu, 1977: 645**). لەکاتێکدا (هێلەر و ئەوانی تر) باسی پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە دەکەن لە بوارەکانی ئابووری و چینایەتیدا ژمارەیەکی زۆری توێژەران بایەخیان بە توخمەکانی کۆمەڵایەتی وەکو نەژادی داوە.

بۆ نمونە کارەکەی (ڕامپیتن) کە لەسەر "پەڕینەوە"یە (کە جۆرێکی کۆد گۆڕینە و بەکاردێ لەلایەن قسەکەرانی ئەو ناوچانەی سنوورەکانیان یەکتری دەبڕن و دەکەونە ناو یەکترییەوە لە ڕووی نەژادی و ڕەگەزی، یان زمانی ناوچەیی) و دەڵێت ئەمانە، لەلایەن ئەو کەسانەی خەڵکی ئەو ناوچانە نین بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەرکە ئاڵۆزەکان بەکاردێن. لەگەڵ ئەمانەشدا، پەڕینەوە لە چەندین لای جیاوازەوە خزمەتی ئەوە دەکات، کە هانی گروپە هەرزەکارەکان بدات، بۆ ئەوەی لە دایك و باوك و کەسانی گەورەی ناو کۆمەڵگا جیاببنەوە و بەرگری لەوەش بکەن، کە ئەمان نمونەی کەسانی خراپ نین. (ڕامپتن) ئەوەشمان بەبیر دەهێنێتەوە، سنوورەکانی (خوازە) ڕوون و ئاشکرا نین، بۆیە بە هەمان شێوە ناتوانرێ بە ئاسانی سنوور بۆ گۆڕینی بارودۆخی دەوروبەری و میتافۆرەکی دابندرێ. هەرچەندە مەبەستی سەرەکی خۆی بریتی بووە لە کۆد گۆڕینی ڕەوانبێژی کە لەلای (ڕامپتن) هەمان شتی دوو دەنگییە (دوو واتایی)یە. بە پێچەوانەی ئەوەی (ڕامپتن) دەڵێت، بارودۆخی دەوروبەری و چوارچێوەی بارودۆخی دەوروبەری بە یەکێکیتری نوێ دەگۆڕێ و پەڕینەوە (تێپەڕبوون) چەند

دۆخێکی تر زیاد دەکات، کە بەهۆیانەوە دەتواندرێ ئاخاوتن تێیاندا لێکبدرێتەوە (**Zentella, 1997: 89**).

لە کارەکەی (برودنەر)دا بابەتەکان ڕەگەز و نەژاد و پەڕینەوە (بەیەکدا چوونی زمانی) لەگەڵ بابەتەکانی تری ئابووری و چینەکان و زاڵبوونیان ڕەنگ دەداتەوە لە کارەکانی لەسەر زمان و ناسنامە، کە ئەنجامی دابوو لەسەر (ئەمەریکیە دۆمەنیکییەکان) کە لە ئەمریکا لە دایك بوونە و دایك و باوکیان خەڵکی دۆمەنیکییانە و لە هەرێمی (دورگەی ڕۆدی)دا دەژین. بەگوێرەی (برودنەر) ئەمەریکیە دۆمەنیکییەکان نەژادی خۆیان دیاری دەکەن بەوەی، کە نە ڕەش پێست و نە سپی پێستن. بەو واتایەی، وەك ئەمەریکیە ئەفەریقیەکان خۆیان دەخەنە دەرەوەی توخمی ڕەگەزی سپی پێستی زاڵبوو، هەروەها ئەوەش ڕەتدەکەنەوە کە ناسنامەی خۆیان دیاری بکەن بە گوێرەی ڕەچەڵەکی باوك و باپیرانیان (**Brudner, 1979: 46**).

هەر بۆیەش ئەم ناسنامە ئاڵۆزە ئاماژەی بۆ دەکرێ، بەهۆی گۆڕینی بەکارهێنانی زمانەکانی ئیسپانی دۆمەنیکی نافەرمی و ئیسپانی کاریبی و ئینگلیزی بازاڕی ئەمەریکی ـ ئەفەریقی، هەروەها چەند زارێکی تری نافەرمی ئەمەریکی.

ئەو توێژینەوانەی هەن لەسەر ناسنامە و تێکەڵکردنی زمانی، ئەوە دەردەخەن، کەوا سەرنجی وردی گوتاری دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی تێگەیشتنەکان لەسەر ئەرکەکانی گۆڕانی زمان لەئاخاوتنی کۆمەڵایەتیدا. بە بەستنەوەی سەرنجەکان بە ئاخێوەرە تایبەتییەکان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، نەك بە گفتوگۆکانی تایبەت بە شێوازەکانی زمانی، یان کلتوری وا دەکات توێژەران تێگەیشتنی ورد و پشت پێبەستراویان دەستبکەوێت لەسەر پێگەی زمان لە بنیاتنان و گواستنەوەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا.

## ١ـ ١٠. بەریەککەوتن لە ئاخاوتن(کۆد گۆڕین)دا:

بە سەرنجدانی ورد لەسەر ئاخاوتن لەکاتی بەریەککەوتنی زمانەکاندا، کە هەوڵی تێگەیشتنی ئەو ڕێگایە دەدات، کەوا زمان ڕۆڵی تێدا دەبینێت لە تێگەیشتن و کارلێکردنە ڕۆژانەییەکاندا، ئەم لێکۆڵینەوانە ڕۆڵێکی گەورەیان دەبێت لە شیکارکردنی ئاخاوتن و زمانەوانی ئەرکی و ئەنپرۆپۆلۆجیایی زمانیدا. ژمارەیەك لە توێژینەوە لەژێر ئەم چەترە فراوانەدا باسی دووشت دەکەن،

کە بریتین لە پێگەی گۆڕینی زمان و ئەو ڕێگایانەی کەوا گۆڕینە زمانییەکان (وەك ئاماژەکانی بار و بەدۆخ کردن)، هەروەها زانیاری بارودۆخی گفتوگۆیی فراوانتر دەکەن بەشێوەیەك بگونجێ بۆ بەردەوام بوونی ئاخاوتن (Ochs, Scheloff & Thompson, 1996: 2).

(ئور) لە کتێبەکەیدا بەناوی " گفتوگۆی دوو زمانزانی" ڕەخنە لە بیرو بۆچوونەکانی (گەمپێرز) دەگرێت و دەڵێت: بیرۆکەی (گەمپێرز) لەسەر باری ئاخاوتنی گرفتی هەیە لەوەی، کەوا پێناسە کراوە لە بەکارهێنانی دەرەکیدا. هەروەها (ئور) دان بەوەدادەنێ، بەکارهێنانەکانی (گەمپێرز) وەك "باری" یان "میتافۆرەکی" زۆر ڕوون و ئاشکرا نییەو ئەم جیاوازیانەش لە نێوان "باری"و "میتافۆرەکی"ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت، خەڵك دەگەنە ئەو دەرئەنجامانە، کەوا بەریەککەوتن لە ئاخاوتنیدا هیچ واتایەکی کۆمەڵایەتی نابێ، چونکە ئەمە دەبێتە دەرئەنجامی چەند بنەمایەکی پارامیتەری باری، هەروەها لەحاڵەتی میتافۆرەکیدا ئەم کۆد گۆڕینە پشت دەبەستێ بەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان هەڵبژاردنی زمان و پاڕامیتەرەکانی باری هەیە، کە دەتواندرێ بەشێوەیەکی مەبەستدار لێی لابدرێ. جیا لە دیاریکردنی هەڵبژاردنی زمانی کەپێشتر هەبووە، (ئور) دەڵێت " بار " دروستدەبێت بەهۆی قسە لەکاتی بەریەککەوتندا وە شێوەی دەربڕینەکانی قسەکەر یارمەتیدەر دەبن، و زیاتر لەمەش ئەم ڕێککەوتنە خۆی لە خۆیدا مانای کۆمەڵایەتی هەیە. شیکارییە ئاخاوتنییەکانی (ئور) کە لەسەر منداڵانی کۆچبەری (ئیتاڵی) ئەنجام درابوون، کە لە (ئەڵمانیا) بوون، هیچ هاوپەیوەندییەکی گرنگی نەدۆزیەوە لە نێوان بابەت و بەکارهێنانی زماندا. پێشنیاری ئەوە دەکات، گۆڕینی زمان " سیمانتیك "ی نییە. واتە دانەڕێژراوە لە واتاکانی ئەو زمانانەی کە هەن و بەکاردێن، بەڵکو دەڵێت ئەمە ڕۆچوونە لە پێشکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی ئاخاوتندا. (ئور) شتێکی گەورەی دۆزیەوە بۆ ئاخێوەرە گرنگی پێنەدراوەکان (پشتگوێ خراوەکان) بۆ پاراستنی زمانیان و دەڵێت گۆڕینی زمان هەبووە و ڕووی داوە بۆ دیاریکردنی جیاوازی، ئەویش یان بەهۆی وەرگرتنی ژمارەیەك لە ئاخاوتنە پێشووترەکان، یان گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر زمانێك. (ئور) ئەم ڕێبازە شیکارییە کرداریەی گۆڕینی زمان بە پەسندتر دادەنێت و پشتگیری زیاتری لێدەکات، وەك لەو شیکارییە تاکەکەسیانەی کە کراون و پشت دەبەستن بە چوونە ناو ناخ، یان ئەو دەروازە سۆسیۆلۆجییە گەورانەی وەسفی مانای هەڵبژاردنەکانی زمان لە دەرەوەی بەکارهێنانی زماندا دەکەن.

لە چەند توێژینەوەیەکدا باسی ئەرکە یەك لەدوای یەکەکان و کارلێکردنەکانی تێکەڵکردنی زمانی کراوە. شیکارکەرانی ئاخاوتن پێشنیاری ئەوە دەکەن، کۆد گۆڕین هەڵبژاردنی ڕۆڵی قسەکردن بەهێز

دەكات، یان هێزی ڕەتكردنەوەكان كەمتر دەكاتەوە، ئەمەش سەرچاوەیەكی گونجاوە بۆ خۆچاككردنەوە لەكاتی قسەكردندا، یان وەڵامە نەخوازراوەكان دیاری دەكات. لەگەڵ ئەم ئەركانەی بەریەككەوتنیشدا، توێژینەوەكردارییەكان ئەوەیان دەرخستووە، چۆن گۆڕین لە شێوە زارەكانی زماندا بار و ناسنامەی قسەكەر و ژێرخانی گونجاو بۆ ئاخاوتنی بەردەوام دروستدەكات (Gafaranga, 2001: 14).

(سترۆد) ڕەخنە لەو ڕێبازانەی زمان گۆڕین دەگرێت، كە بەشێوەیەكی یەكجار زۆر پشت دەبەستێت بە شیكاركردنی ئاخاوتن. (سترۆد) سەرنجی ئەوە دەدات، كە بەكارهێنانی زمان و نمونەكانی زمان گۆڕین پێكدێت لە بەكارهێنانە كلتورەكانی هاوشاریان (هاوڵاتیانی شار)، ئەوە ئەو پێشنیارەیە، كەوا ژمارەیەكی زۆر لە زمانەوانانی بواری كلتوری كۆمەڵایەتی پەسەندی دەكەن. ئەگەر شیكارەكان ئەو زانیاریە كلتوریانە پشتگوێ بخەن، كە لەلای ئەوان ڕوون و دیارنین لە زانیارییەكانی ئاخاوتندا ئەو كات توێژینەوەكانیان بنەما سەرەتاییە گرنگەكانی ئەرك و واتاكان لە دەستدەدەن. (سترۆد) دەڵێت: ((كۆد گۆڕینی ئاخاوتنی بەشێوەیەكی بەرچاو لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات و ناتوانرێ بەتەواوی لێی تێبگەی، ئەگەر دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لەبەر چاو نەگری))، (Stroud, 1998: 322). ئەم تێگەیشتنە گرنگە بەشێوەیەكی بەرچاو دەردەكەوێت، بەهۆی بایەخ پێدانی شیكەرەوەكان لەسەر دانیشتوان و خەڵك، لەگەڵ لێكدانەوەی چەند دەوروبەرێكی كۆمەڵایەتی، كە تێدا ئاخاوتنی فراوانتر ڕوودەدات و خوازراوتر دەبێت، ئەمە بە ڕوونی دەردەكەوێت، بۆ ئەوەی سەرنجدانەكان دەربارەی بەدۆخكردنی ئەركەكانی بەكارهێنانی زمان بەشێوەیەك ڕوونبن، كە بتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ، دەبێ لەسەر سەرنجدانی وردی ئاخاوتنیدا بنیات بنرێن. لەهەمان كاتدا بنەما سەرەتاییە گونجاوەكان بۆ ئاخاوتن و بەریەككەوتنی كۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشكرانین بۆ توێژەر، بە تایبەتی كاتێ كە توێژەر خۆی بەشێك نەبێ لەو پێكهاتە تایبەتییە كۆمەڵایەتیەی، كەوا خۆی لێكدانەوەی لەسەر دەكات. دەبێ پێشنیارەكەی (سترۆد)مان لەبیر نەچێت، كە دەڵێت دەبێ شیكاریەكە لەسەر تێگەیشتنی ئەو كۆمەڵگایەی گفتوگۆیەكەی تێدا ڕوودەدات دابڕێژرێ. ڕێبازی گونجاو و لەبار بۆ تێگەیشتنی ئەم دیاردانە وا دەردەكەوێ، بە سەرنجدانی گەلانی جیهان لەگەڵ شیكاری وردی ئاخاوتن بگرێتەوە بۆ هەموو بیردۆزێكی بەریەككەوتنی ئاخاوتنی.

زۆربەی توێژینەوە زانستیەكان، كە كاریان لەسەر بەریەككەوتنی زمان كردووە، بەپەرۆش بوون لەڕووی كۆمەڵناسی و چالاكییەكانی ئاخاوتن لە دوو زمانیدا، هەروەها زانینی لایەنەكانی دەرەوەی

کۆمەڵگا لە زمان تێکەڵکردندا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەو توێژەرانەی کە پسپۆڕ نین لە دوو زمانیدا، زۆر جار بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەوە دەخەنە ئەستۆی ئەوەی کە توێژینەوەی زانستیانە لە زمان تێکەڵکردندا مانای توێژینەوە لە زمان دەگەیەنێت. ئەوە دۆزێکی گرنگ دەبێ بۆ توێژینەوە لە کەی و بۆچی قسەکەرێك هەمە جۆری دوو زمانی هەڵدەبژێرێ، وەك لە بەشەکانی تری ئەو دوو زمانییە ئەوە دەتوانرێ ڕوون بکرێتەوە، بەشێوازێکی نوێ لەو شوێنەی هۆکارەکانی تێدایە وەکو: کەسی بەشدار بوو لە ئاخاوتن، ڕۆڵ و گرنگی گۆمەڵگا، بوار، بابەت، شوێنی ڕوودانی ئەم کارە، هۆی ئەم کارە و جۆری کارتێکردنەکەی لە گرنگی ڕۆڵ بینینی کارەکەدایە. هەروەها لەم بارەدا ئاڵوگۆڕ کراوەکانی زمان دەتوانن سوود بگەیەنن لە گفتوگۆیەکی ئاماژەپێکراو و دەربڕینی شێوەی بەرەو پێشبردنی زمان، یان دەستنیشانکردنی ناسنامەی زمانەوان.

## ١ـ ٤ـ ٣. تێکەڵکردنی زمان لەڕوانگەی زمانەوانییەوە:

زاراوەی (کۆد ـ گۆڕین) بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناو زمانەوانی بەکارهاتووە، لەگەڵ چەند بوارێکی تری پەیوەندیدار بە زمانەوانیەوە. توێژینەوەکانی زمانەوانی و پوختەی ڕێبازەکانی ڕەفتاری زمان لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە ئەوە نیشاندەدەن، زیاتر لە (١٨٠٠) وتار و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەهەموو لقەکانی زمانەوانیدا بڵاوکراونەتەوە (**Nilep, 2006: 1**). زمانەوانی لەو شوێنانە دەکۆڵێتەوە، کە زمان تێکەڵکردن تێیاندا ئاساییە، هەروەها دەیەوێت ئەوە بزانێت تەنیا بەکارهێنانی کەرەسەی زمانێکە لە ناو زمانێکی تردا، یان تێکەڵکردنی دوو زمانە.

(والد) بەم شێوەیە پێناسەی زمان تێکەڵکردنی کردووە: ((کە توانایەکی باشی دوو زمانزانییە و بە ئاسان جێگۆڕینی نێوان زمانەکانە))، (**Wald, 1974: 301**). (والد) دەڵێت، ئەم توانایە لە قسەکەردا هەیە و شیکردنەوە و توێژینەوەی بۆ کراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێکهێنانی مامەڵەیەکی گەورەی خاڵی گفتوگۆکردنە، کە ڕەنگدانەوەی تێبینی کردنێکی بەربڵاوی سروشتی زمان تێکەڵکردن لە تایبەتکردنی دوو زمانزانیدا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە زمان تێکەڵکردن، وەکو چالاکی و لێهاتوویی لە نێوان زمانزانەکاندا نیشاندەدرێ، زۆری باوە و هەستی پێکراوە لەلایەن خەڵکی گشتییەوە لەو کاتانەی کە زمانی نووسین بەکاردێت، ئەم دیاردەیە بەباشی دەردەکەوێت. ئەم جیاوازییە دەتوانرێت بە باشترین شێوەی تێگەیشتن لە نیشاندانی بیرۆکەی ڕێزمانی دابنرێ ئەوانەی زانیاریان لەسەر ئەم دیاردە زمانیە هەیە لایەنی ڕێزمانی بە دروست دەزانن، دەربارەی ئەوەی چۆن

بزانین زمانەکان بەکاربهێنن. لەکاتێکدا لە ڕێزمان تێدەگەین، ئەوە بە یاسای گونجاوی بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە ناو دەبەین، لەبەر ئەوە ئەم ڕێگایەی بەکارهێنان خراوەتە ژێر مەرج، یان وەسفی ئەم ڕێگایە ئەوەیە پێوستە زمانەوانان ئەو ڕێگا پەیوەندیدارە بەکاربهێنن، کە بابەتەکەی ئاراستەکراوە و زۆر گرنگی بدەین بە ڕێزمانی باسکراو، کە قسەکەران خستویانەتە بەرچاو لە ئاخاوتنێکی ڕاستیداو ئەوا بەرپرس دەبن لە زانیاریە هەستپێکراوەکانی زمانەکانیان (Wald, 1974: 302).

لەلایەکی ترەوە دەتوانرێ زمان تێکەڵکردن لە ڕێڕەوی ڕێزمانیدا نیشان بدرێ، وەك لادان لەو بارە ئاساییەدا. هونەری زمان تێکەڵکردن دەتوانرێت توێژینەوەی لەسەر بکرێت لەکاتێکدا ڕەنگدانەوەی پەیوەندیدار بێ و کۆنترۆڵی زمان تێکەڵکردن بکرێ و بگێڕدرێتەوە بۆ کۆمەڵگا. بە لەبەرچاو گرتنی لەلایەن زمانەوانەکانەوە، دواتر زمان تێکەڵکردن بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە لە ئەوروپا بوو بە بابەتی خوێندن و توێژینەوە.

گرنگی ئەم دیاردانە لە ڕوونکردنەوە و گەڕانەوە بۆ دوو زمانزانی ئەو ڕەفتارەی کە لەژێر هەڵسەنگاندن دایە، یەکەم و سەرەکییە لەبەر ئەوە زمان گۆڕین خۆی تایبەتە بە دوو زمانزانی، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی مشتومڕەکان لە توێژینەوەی زمان تێکەڵکردن پەیوەستن بەم لایەنە، چونکە زۆربەی دیاردەکانی تر کە لەوەوە نزیکن، بەرچاو ڕوونیەك و پێناسەیەکی دیاریان بۆ نەکراوە. لێرەدا مەبەستمان پێشکەشکردنی تێڕوانینی زیاترە لە زمان تێکەڵکردن بە لەبەرچاوگرتنی ڕای زمانەوانەکان، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تێڕوانینی پێناسەی زمان تێکەڵکردن ناساندنی ئەوەی کێ قۆرخی زمان تێکەڵکردنی کردووە و بۆ چ مەبەستێك دەرخراوە و هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی جۆراوجۆری خوێندن لەزمان تێکەڵکردندا و تێبینیکردنی ئەوەی، کە بۆچی زمان تێکەڵکردن گرنگە. هەر بۆیە بە هەڵە و خراپ تێگەیشتن لەم پەیوەندییە، گەڕانەوە و جێگۆڕکێ پێکردن لەناو دوو زمانزانی دووری دەخاتەوە.

هەرچەندە زمان تێکەڵکردن لەچەند ڕوویەکەوە لێی کۆڵدراوەتەوە، بەڵام زمانەوانی چەند هۆکارێکی گرنگی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان پێوە هەیە و لەبەردەستدان لادەدات و پشتگوێیان دەخات. زۆربەی کارەکان کە پەیوەستن بە زمان گۆڕین گرنگی دەدەن بەئاستەکانی سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسی لەسەر گۆڕینی زمان، وەك (پۆپلاك ۱۹۸۰، سانکۆف ۱۹۸۱، جۆشی ۱۹۸۵، دیسلۆ و ولیەمس ۱۹۸۷، بێلەز و ئەوانی تر ۱۹۹٤، هالمەر ۱۹۹۷... هتد) کاریان لەسەر کردووە، دوابەدوای ئەمانە،

توێژینەوەکان لەسەر فێربونی زمان و فێربونی زمانی دووەم وشەی کۆد گۆڕین بەکاردەهێنن بۆ وەسفکردن و باسکردنی تواناکانی هزری زمانەوانی فێربووانی زمان، یان ئەو کەسانەی کە بە دوو زمان قسەدەکەن، یان بۆ وەسفکردنی مەشقکردنەکانی ناو پۆل، وەیان مەشقکردنی ئەو فێرخوازانەی زیاتر لەیەك زمان بەکاردەهێنن. ئەمانە و چەندین توێژینەوەی تریش کۆد بەکاردەهێنن وەك وشەیەکی هاوواتا بۆ زار، یان زمان (Cáccamo, 1998: 29)، زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی بەرفراوانە لە ئاخاوتنی دوو زمانیدا، بەڵام وەکو پێویست توێژینەوەی لەسەر نەکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو توێژەرانەی کە توێژینەوەیان لەسەر تێکەڵکردنی دوو شێوەزار کردووە لەچاو ئەو لێکۆڵیناوانەی کاریان لەسەر زمان گۆڕین کردووە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. گومانی تێدا نییە، توێژینەوە لەسەر گۆڕینی زمان لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا بەرهەمداربووە (Cáccamo, 2000:112).

(ئەزومە) دەڵێت: باسکردنی ئاستە جیاوازەکان هەرچەندە هەندێ جار جێگەی مشتومڕ بووە، بەڵام وای کردووە کارێکی زۆر لەسەر سینتاکس و مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیدا ئەنجامبدرێت بەهەمان شێوە گرنگی پێکهاتەیی و بۆ دروستبوونی مۆدێلەکان (نمونەکان)، (Azuma, 2000: 17).

بەپشتگوێ خستنی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە ئەرك و واتا، ئەم گرنگی پێکهاتەییە شکست دەهێنێت بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە:

١- بۆچی کۆد – گۆڕین ڕوودەدات؟ (ئور) دەڵێت: ((بەربەستی ڕێزمانی لەسەر کۆد گۆڕین هەیە و مەرجی پێویستیشن))، (Auer, 1984: 115).

٢- هۆ و ئەرکی زمان  تێکەڵکردن چییە؟ ئەمانە بەتەنیا بەس نین بۆ باسکردنی هۆکار و کاریگەری گۆڕینێکی تایبەت (Li wei, 1998: 209).

ئەگەر زمانەوانان کۆد گۆڕین، وەك بەرهەمێکی سیستەمی ڕێزمانی دابنێین، نەك وەکو بەکاربەری کەسانی قسەکەر  ئەو کات شیکاری وا پێشکەش دەکەن، کە گرنگییەکی کەمی دەبێت بۆ توێژینەوە لەسەر زمان.

لەم سالآنەی دواییدا تویژینەوەی زۆر لەسەر شێوازی زمان تێکەڵکردن کراوە، زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر لایەنی ڕێزمان بووە لە زمان تێکەڵکردن لە مەیدانی زانستی دوو زمانزانیدا (سکۆتن) لە گفتوگۆی جۆرەکانی پێکهاتەی زمان تێکەڵکردندا چەمکێکی شیاوی داناوە. ئەم چەمکە شیاوە بۆ پێشکەشکردنی گرنگیی دەرخستەکان بوو دەربارەی لانەدان لەو قاڵبەی زاناکان دایاننناوە بە شیکردنەوەی شتە نەویستراوەکان لە زمان تێکەڵکردندا. بۆ نمونە، لە پێکهاتەی ناوەوەی ڕستەیەکدا پنتەکان و خاڵەکانی ئەم ڕستەیە بۆ کام لە پنت و خاڵەکانی گونجاوی ڕستەی زمانەکەی تر دەگوازرێتەوە. دەتوانرێ ئەم نزیکبوونەوەیە بە نزیکبوونەوە ڕێزمانییەکان لە زمان تێکەڵکردندا وەسفبکرێ **(Scotton, 2002: 10)** .

**جۆرەکانی کۆد گۆڕین لە ڕستەدا:**

- کۆد گۆڕینی نێوان - ڕستەیی **Inter – Sentential**، واتە (زمان لە نێوان ڕستەکاندا دەگۆڕدرێت).

- کۆد گۆڕینی ناواخنی - ڕستەیی **Intra – Sentential**، واتە (زمان لەناو ڕستەیەکدا دەگۆڕدرێت ).

جۆری دووەمیان، وا دەردەکەوێ، کە لەڕوانگەی زمانییەوە زیاتر خوازراوبێ، چونکە دوو سیستەمی ڕێزمانیی جیاواز تێکەڵ یەك دەبن (بە یەکەوە دەبەسترێنەوە).

کۆد گۆڕینی ناواخنی ڕستەیی، کە تایبەتە بە بەکارهێنانی وشەکانی دوو زمان، یان زیاتر لەچەند کۆمەڵگایەکدا سەلمێنراوە و گەیشتن بە هاوڕابوونێك دەربارەی وەسفکردنێکی کرداری بشتواندرێ بسەلمێندرێ دەربارەی ئەو یاسایانەی، کە بەکاردێن بۆ خستنە پاڵیەکی ئەم بەشانە لەناو ڕستەدا.

لە توێژینەوەی ڕەفتاری زمانی و گۆڕینی ئاستی ناوەوەی ڕستەدا (ڕستە و پێکهاتەکانی)، چەندین گیروگرفت و نەگونجان سەرهەڵدەدات، دیارترینیان ئەوەیە، کە بەهۆی جیاوازییەکانی ڕێکخستنی وشەییەوە دەردەکەون، ئەگەر لەژێر هەر مەرجێکدا هەبن، هەروەها ئایا دەتوانێ سنووری نێوان پێکهاتەکانی ڕستەکە بەشێوەی جیاواز لە نێوان زمانەکاندا ڕێکخراون بگۆڕدرێ یان نا؟ لەگەڵ ئەمانەشدا گیروگرفتی تری بەیەکەوە بەستنەوەی بریتییە لەو بەهەڵە بەیەکەوە بەسترانەی کە لە پۆلە ڕێزمانییەکان (ناو، کار، ئاوەڵناو ... هتد) ڕوودەدەن و مۆرفۆلۆجی و دەربڕینە ئیدیەمییەکان ، یان ئەو تێڕوانینە سیستەماتیکیەی کە لەسەر ئەو قسە خۆڕسکانەی کە لە لایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دراوەکە

دوو زمان دەزانن و لەو شوێنانەدا دەژین، کە ڕەوەندی (جالیە)ی تێدا دەژی، ئەوە دەردەخات، قسەکەران بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بن.

لە زمان تێکەڵکردندا ئەو دەربڕینانە بەکاردەیەن کەڕستەی وای تێدابێ لە پێکهاتە ناڕێزمانیەکانی ڕستەی یەك زماندا پێکهاتبێ. ئامانجی سەرەکی زمان تێکەڵکردن لەڕوانگەی زمانەوانیەوە دۆزینەوەی ئەو میکانیزمانەیە، کە ڕێگا بە زمان تێکەڵکردنی ڕێزمانی دەدەن.

پرسیارە گرنگەکانیش ئەمانەن، دیاریکردنی شوێنی ڕوودانی گۆڕانی ڕێگە پێدراو لەگەڵ پاراستنی سروشتی ئاستەکان لەسەر گۆڕیندا ئەویش لەشێوەی هەڕەمی، یان هێڵکاری، وەك بەکارهێنانی هێڵی جیاواز، یان هێڵی نەبڕاوە (Poplak, 1983: 79). هەرچەندە زمان تێکەڵکردن هێمای ئەو کۆمەڵگایانەی جیهانە، کە دوو زمان یان زیاتری تێدا بەکاردێ، سەرنجی توێژەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا. لێکۆڵەران لە سەرەتادا زمان تێکەڵکردنیان لە ئاستی ڕستە پشتگوێ خستبوو، بەشتێکی هەڕەمەکی و لە ڕێدەرچوونیان دادەنا(Lance, 1975: 53)، بەڵام لە ئێستادا هەموویان هاوڕان و لەو باوەڕەدان زمان تێکەڵکردن لە ئاستی ڕێزمانیدا دروستە. وە بنەمای ئەو هاوڕا بوونەشیان بریتییە لە سەرەنجدانی کرداری ئەو کەسانەی، کە بە دوو زمان قسەدەکەن و هەوڵدەدەن زمان تێکەڵکردن لە ئاستی ناو ڕستەیی ئەنجام بدەن، تەنیا لە هەندێ سنووری ڕستەسازی، یان مۆرفۆسینتاکسیدا، نەك لە سنووری ئاستەکانی تر. هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، ئەویش بە ڕاگەیاندنی ئەوەی، کەوا شوێنی ڕوودانی چەند کۆد گۆڕینێك لە هەندێ زمان قەدەغەیە، بۆ نمونە کۆد گۆڕین لە نێوان کردارەکان و ئەو بکەرانەی کە جێناون، ناکرێ ئەنجام بدرێ، چونکە پەسند نییە، هەروەها کۆد گۆڕین لە نێوان ئامرازەکانی پەیوەندی و ئەو بەشانەی کە ئامرازەکان بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە ڕوونادات

یەکەم بەهای گشتی دابەشبوونی زمان تێکەڵکردن لەو سەرنجدانەوە سەری هەڵدا، کە دەڵێت زمان تێکەڵکردن لە هەموو جۆرە سنوورێکی ڕستەسازیدا خوازراوە، کە لەهەردوو زمانەکەدا ڕوو دەدەن.

پۆپلاك لە کتێبی " سنووردارکردنی هاوتا "دا ئەوەی دەرخستووە ڕستە ئاڵوگۆڕ پێکراوەکان لە بەشەکانی ئەو زمانانە پێکدێن کە گۆڕانیان پێدەکرێ و هەریەکەیان خۆی لەخۆیدا شتێکی ڕێزماییە لە بنەڕەتی زمانەکەدا (Poplak, 1978: 90 - 100).

سنووری جیاکەرەوەی نێوان بەشە لەیەك نزیکەکان دەکەوێتە نێوان دوو پێکهاتە، کە بە هەمان شێوەی یەکتری بەیەکەوە بەسترابنەوە لە هەردوو زمانەکە بۆ بەدەستهێنانی گونجاندن لە پێکهاتەی ڕستەکە بەبێ لادان، یان دووبارە نووسینەوەی ناوەڕۆکی لێکسیکی (Lipski, 1977: 67).

زۆربەی توێژینەوە نوێیەکان دەریان خستووە، کە میکانیزمەکانی تێکەڵکردنی زمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بە بنەماکانی ڕێزمانی تاك زمانی دەبەستێت. ئەو بیردۆزانەی کە لەسەر ئەم گریمانەیە دانراون ئەم تایبەتمەندییە ڕێزمانیانە، وەکو پەیوەندیی پێکهاتەیی ناوخۆیی ناوی دەبەن، وەکو (دەسەڵات Government و دیاریکردنی دۆخ case)، یان وەکو تایبەتمەندیی تایبەتیی زمانی دۆخەکانی لێکسیکی (ناو ، کار ... هتد).

(کلەڤان) لە ساڵی (١٩٨٥)دا ئەوەی دەرخست، کۆد گۆڕین سنووردار کراوە، بەهۆی پەیوەندییە پێکهاتەییەکانەوە. بیردۆزە زمانەوانییەکان بوارەکانیان فراوانتر کرد بۆ کۆکردنەوەی داتا لەسەر زمان گۆڕین. (کلەڤان) دەڵێت: زمان تێکەڵکردن ڕوونادات کاتێ پەیوەندیی دەسەڵاتی هەبێ، لەجیاتی دانانی ئەرکی دەسەڵات لە بیردۆزی دەسەڵات بە بیرۆکەی تایبەتمەندیی گونجان وایکرد، کە بایەخێکی هاوتەریب دروستبێت لەسەر چۆنیەتی ڕێککەوتنی تایبەتمەندی ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر زمان تێکەڵکردن ئەنجامدراون (Klavans, 1985:21 - 30). (بێلازی و ئەوانی تر) لە کتێبەکەیاندا بەناوی " سنووردارکردنی سەرەکی ئەرکی " زمان گۆڕین ڕەتدەکەنەوە هەرکاتێك نەگونجان ڕووبدات (Belazi, Rubin & Toribio, 1994: 40).

نوێترین پڕۆژە بۆ زمان گۆڕین سنوور دادەنێت و شوێنە پێکهاتەییەکان و جیاوازی تایبەتمەندییە تاك زمانیەکان دەردەخات لە زمانە دژ ئاراستەییەکاندا، بەڵام ئەمە مەرج نییە، چونکە هەرچەندە زمانی کوردی و عەرەبی سیستەمی ڕیزبوونی کەرستەکانیان جیاوازە، بەڵام ئەو دیاردەش هەیە.

جیاوازی کردن لە نێوان توخمە ئەرکییەکان و لێکسیمیەکان شتێکی نوێ نییە و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر زمان تێکەڵکردنن، هێمای ئەو بیردۆزانەیە، کە پێویستیان بەپێکهاتەی تەواوکەری لێکسیمەکان هەیە، بۆ تایبەتمەند کردنی ئەو شوێنانەی زمان تێکەڵکردن تێدا ڕێگە پێدراوە. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ، کە ئاستەنگەکان لەبەردەم کۆد گۆڕین پەیدادەبن لە بەریەککەوتن و کارلێکردنێکی ئاڵۆزی تاك زمانی و ئەو قبووڵ نەکردنانەی کە لە سیستەمی زمانیدا هەیە، ئەو گریمانانەی دەڵێن سینتاکسی دوو زمانی دەتوانرێ بەو بنەما گشتیانەی بەرهەم دەهێنرێ لە

توێژینەوەی ڕێزمانی زمانیدا هێشتا نەهاتۆتە ناو بواری کارپێکردنەوە، بەڵام بیردۆزە فەرمییەکانی ڕێزمان بەشێوەیەکی باش دەتوانرێ لەگەڵ پێکهاتەی تاك زمانیدا بگونجێنرێ (یەك زمان نەك دوو زمان)، وەك بەشەکانی تاك زمانی لەو ئاخاوتنانەی زمان گۆڕینی تێدایە، هەروەها هیچ بەڵگەیەك نییە، کە پێشنیاری ئەوە بکات، لەگەڵ یەکتر دانانی دوو زمان ناتوانرێ بە هەمان شێوەی یەکتری ڕوون بکرێنەوە (Poplack, 1987: 70). ئەو کۆمەڵگایانەی کە دوو زمان تێیاندا بەکاردێ بەشێوەیەکی فراوان ئەوە نیشاندەدەن، شێوەی جیاوازیی سەرچاوەکانی تاك زمانی بەکاردەهێنن لە ستراتیژیەتی تێکەڵکردنی کۆدەکانیان و ئەمانەش پێشبینی ناکرێن، تەنیا بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوانە نەبێ کە تاك زمانین.

هەمان ئاستەنگی هاوشێوە، لەلایەن (سانگۆف و مەینڤیل)ەوە باسکراوە، بریتییە لە ڕوونکردنەوەیەکی پشت بەستوو بە دەربڕین دەربارەی ڕاستییەکانی زمان تێکەڵکردن و بیرۆکەکانی پێکهاتەی هەڕەمی و ڕێکخستنی هێڵکاری، هەروەها بەیەکەوە بەستنەوەیان، ڕاڤەی ژمارەیەك لە سەرنجدانە کردارییەکان دەکەن لەگەڵ ڕێکخستنی وشەکان، زۆرترین شوێنی ڕوودانی زمان گۆڕین دیاری دەکات. ئەمانە بریتین لە ڕێکخستن و گونجاندنی بەشەکانی زمانێك و پاراستنی پێکهاتنی بەشەکە، هەروەها پێشبینی نەکردنی زمان تێکەڵکردن لەو شوێنانەی کە تێکەڵکردن تێیاندا ڕوودەدات. وە میکانیزمەکانی ڕێزمانی یەك زمانی و دوو زمانی ناتوانرێ بنوێنرێت، کە وەکو یەکترین و یەکسانن (Sankoff & Mainville, 1986: 56).

ئەگەر سەیری بیردۆزەکانی زمان تێکەڵکردن بکەین، لە ڕاستیدا دەبینین لەگەڵ یەکتر ناکۆك و ناتەبان، هەریەکە لەو بیردۆزانە توشی ژمارەیەکی زۆری نمونەی دژ یەکتری بوونەتەوە. تاقیکردنەوەی گونجاندنی ئەو مۆدێلانەی (نمونانەی) پێشبڕکێیانە دژی واتاکانی زمان تێکەڵکردن دەبێ ببێتە بابەتێکی ڕاستەوخۆ، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی دروستکردنی پێشبینییەکان، بەڵام گریمانە و ئامانجە لێك جیاوازەکانیان، هەروەها بوارەکانی جێبەجێکردنیان بەربەست و لەمپەریان خستۆتە بەردەم ئەو هەوڵانە. هەڵسەنگاندن و وەسفی ئەم بیردۆزەی زمان تێکەڵکردن بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە چارەسەرکردنی دوو بابەتی ڕێبازی هەیە: یەکەمیان پەیوەستە بە پۆلینکردنی دیاردە زمانییەکان، دووەمیان بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشبینیانەی دەربارەی بیردۆزەکە هەن لەگەڵ داتاکانی ڕەفتاری دوو زمانی (Poplack, 1983: 90 - 100).

## ١ـ ١١. تێکەڵکردنی دوو زمان لە نێوان بە هێزی و بێهێزیدا:

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان، دوو زمانزانە کۆنەکانیش زمانیان تێکەڵ کردووە، بەلاّم زمانەوانانی دوو زمانزانی و شارەزایان زیاتر وەك نیشانەی بێهێزی زمان سەیریان کردووە. لە ڕاستیدا دیاردەی زمان تێکەڵکردن نیشانەی زیندوویەتی و پێشکەوتنی زمانە، نەك بێهێزی و دواکەوتووی زمان، بەتایبەت زمان تێکەڵکردن خزمەت بەو گروپ و کۆمەلاّنە دەکات، کە بەشدار و ئەندامی ئەو زمان گۆڕینەن. زمان تێکەڵکردن شێوەیەکی قسەکردنە زیاتر لەو کۆمەڵگایانە بەکاردێت، کە زیاتر لە نەتەوەیەك تێیدا دەژین، یان زیاتر لە زمانێك تێیدا بەکاردێ. بۆ نمونە، (سانکۆف) ڕاپۆرتی ئەوەی داوە، کە هەندێ لە ناوچە دەشتاییەکانی نیو ـ گونی (**New Guinea**)، تۆك پیزن (**Tok Pisin**) و یابیم (**Yabem**)، زمان گۆڕینەکانیان لە نێوان ئەو زمانانەی کە دەیزانن گەورەترین شکۆداریی قسەی خەڵکیە و چاوەڕوانی هێزی خاوەنێتی لەو کەسانە دەکرێ (**Barbara & Toribio, 2000: 10**)، هەروەها شاری هەولێر و کەرکوکیش لەم جۆرەن.

(گەمپێرز) لە سیمینارێك دەربارەی ئەم کارە خزمەتگوزارییە ڕوونی دەکاتەوە، کە مامۆستایانی قوتابخانە دەتوانن تێکەڵکردنی زمانی و کۆد گۆڕین بەکاربهێنن لەکاتی وانە وتنەوەدا، تاوەکو یارمەتی قوتابیەکانیان بدەن لە تێگەیشتن و فێربوونی بابەتەکە، چونکە قوتابی کە بەزمانێك گرفتی هەبێ، کە مامۆستا زمانەکە دەگۆڕێ لەوانەیە لە گرفتەکە ڕزگاری ببێ و تێبگات (**Gumperz,1982: 162**).

## ١ـ ١٢. زمان تێکەڵکردن تەنیا دوو زمان دەگرێتەوە، یان تاك زمانیش دەگرێتەوە؟

(سکۆتن) بەم جۆرە پێناسەی زمان تێکەڵکردنی کردووە ((زمان تێکەڵکردن بریتییە لە بەکارهێنانی دوو شێوە زار، یان زیاتر لە هەمان ئاخاوتندا ))،(**Scotton, 2002: 32**).

بە پێی ئەم پێناسەیە تێکەڵکردنی دوو شێوەزاری هەمان زمانیش لە یەك ئاخاوتندا بە تێکەڵکردنی زمان دادەنرێت.

بۆ نمونە، (نوچە) و (پەیڤ) دوو وشەن لە کرمانجی ژووروودا بەکار دێن، بەلاّم دەبینین قسەکەرانی کرمانجی ناوەڕاستیش بەکاری دەهێنن. نمونەیەکی تر:

ژمارەیەك لە دایك و باوكان سكالأی یاساییان لەسەر بۆردی قوتابخانەی (ئان ئاربۆر) تۆمار كرد، چونكە لە ڕووی پەروەردەییەوە هەلی یەكسانیان بۆ منداڵەكانیان فەراهەم نەكردووە، بۆ ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزی ستاندارد بن و بتوانن بەكاری بهێنن. ئەم سكالأیە بووە هۆی ئەوەی كە یاسایەك (بڕیارەك) لە بارەی زمانی ئەمەریكی . ئەفەریقی دەربچێت، بەپێی ئەم یاسایە داوا لە قوتابخانەی ناوچەی (ئان ئاربۆر) كرا، كە منداڵەكان فێری زمانی ئینگلیزی ستاندارد بكەن. پاشان لەساڵی (١٩٩٦)دا كێشەیەكی تری زمانی كە لە ویلایەتی (كالیفۆرنیا) ڕوویدا، وای كرد كە یاسایەك (بڕیارێك) دەربچێت، بە پێی ئەو بڕیارە زمانی ئینگلیزی ئەفەریقی/ئینگلیزی ئەمەریكی ئەفەریقی ناوچەیی وەك زمانی خوێندنی قوتابخانە ئەمەریكییە ئەفەریقییەكان ناسرا.

لە ئەنجامی ئەم بە یاسایی كردنەی زمان، كۆمەڵناسان دەستیان بە توێژینەوەی گشتگیر كرد، لەبارەی ئەنگلیوە ڕەش پێستەكان و ئینگلیزی ئەمەریكی ئەفەریقی ناوچەیی و زمانی ئینگلیزی ئەفەریقی بە تایبەتی لەسەر ئەو خاڵە لێكچووانەی كە لە ڕووی ڕێزمانەوە لە نێوانیاندا هەیە.

لەئەنجامی ئەم توێژینەوانە، پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بۆ هەندێك لە قوتابخانەكانی (لۆس ئەنجلۆس) دانرا، بۆ ئەو قوتابیانەی پێشتر شێوەزاری تریان بەكارهێنابوو، دیارە ئەم پرۆگرامە بۆ ئەوە بوو كە كار ئاسانی بۆ قوتابیان بكات، تاوەكو فێری زمانی ئینگلیزی ستاندارد بن.

ئەم سیستەمە وایكرد قوتابیان لە قسەكردندا زمانی ئینگلیزی ستاندارد و شێوەزاری ناوچەیی تێكەڵبكەن.

زمانەوانان دەخوازن هاوتەریبییەك لە نێوان تاك زمانی و دوو زمانزانیدا بكەن.

لەڕاستیدا تاوەكو ئێستا ئەوە یەكلایی نەكراوەتەوە، كە ئایا دوو شێوە قسەكردنی جیاواز، دیالێكتی یەك زمانن، یان ئەو دوو شێوەیە هێندە گۆڕاون كە بوونەتە زمانی جیاواز، بۆ بڕیاردان لەسەر ئەمە چەند پێوەرێك هەیە:

١ـ لە ڕووی ڕێزمانەوە لێك جیاواز بن.

٢ـ ئەگەر قسەكەران لێك تێگەیشتن ئەوا بە دوو شێوەزاری یەك زمان دادەنرێن، ئەگەر قسەكەران لێك تێنەگەیشتن ئەوا بە دوو زمانی جیاواز دادەنرێن.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە نابنە پێوەر، چونکە لەوانەیە کوردێك لە زمانی فارسی بگات، بەڵام کوردی و فارسی دوو زمانی جیاوازن. لەوانەیە هەورامییەك و بادینییەك لە یەکتر نەگەن، بەڵام ئەگەر لێیان بپرسیت بە چ زمانێك دەدوێن، لە وەڵامدا دەڵێن بە زمانی کوردی. کەواتە بڕیاری قسەکەران ئەوە دیاریدەکات کە دوو زمانی جیاوازن، یان دوو شێوە زاری هەمان زمانن.

لە تێکەڵکردنی تاك زمانی  پێوستە بگەڕێینەوە بۆ شێوازی تاك زمانی. بۆ نمونە، قسەکەر کاتێك لەماڵ دەدوێ،  بەجۆرێ قسەدەکات جیاوازە وەك لەوەی کە لە قوتابخانە قسەدەکات. ئەم دیاردەیە لەوانەیە درێژکردنەوەی لە جێدانانی وشە لەبری وشە بێ و لەوانەشە گۆڕینی شێوەزارێك بێ بۆ شێوەیەکی تر بەجێ گۆڕکێ پێکردنی دانەکانی ئاخاوتن، یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. لە ئاکامی ئەوە لەوانەیە شێوازەکانی زمان تێکەڵکردن، وەکو یەك نەبێ (**Barbara & Toribio, 2000: 2**).

## ١ـ ١٣. جیاکردنەوەی زمان تێکەڵکردن لە دیاردە پەیوەندیدارەکانی تری زمانی، وەك وشە وەرگرتن (وشە خواستن):

ئاشکرایە، دیاردەی زمان تێکەڵکردن جیاوازە لە دیاردەکانی تری زمانی، وەك وەرگرتنی وشە لە زمانانی ترەوە. وشە وەرگیراوەکان ناسنامە ئیتمۆلۆجیایی خۆیان هەیە و سەر بەوزمان کە وشەکەی لێوەردەگیرێت (زمانە بنچییەکە). ئەم وشانە چەندجارە دەبنەوە لە ئاخاوتنی قسەکەردا، لە کۆمەڵگاش بڵاو دەبنەوە. وشە وەرگرتن دیاردەیەکە، کە وشەی زمانی بێگانە تێکەڵ بە زمانی ناوچەیی (خۆماڵی) دەکات. وشە وەرگیراوەکان تێکەڵ بە سیستەمی ڕێزمانی زمانەکە دەبێ و دەبێتە بەشێك لە وشەی فەرهەنگی ئەم زمانە. هەروەها ئەو وشانەش توشی یەکگرتنی وشەسازی دەبن و گۆڕانی دەنگیان بە دوا دادێ و دەکەونە ژێر ڕکێفی یاسای دەنگسازیی زمانی وەرگر.

لە ساڵانی ڕابوردودا چەندین توێژینەوە لەسەر بابەتی  زمان تێکەڵکردن بڵاوکراونەتەوە و ئەوە نیشاندراوە، زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی زمانی بەربڵاوە، ڕوودانەکانی کوێ گۆڕین دابەش نەکراون بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، بەڵکو پابەندی یاسا ناوەخۆییەکان دەبن.

((زۆر جار وشەیەك لە زمانی سەرەکی بە واتایەك بەکاردێ، بەڵام کە قسەکەری زمانی دووەم تێکەڵی زمانەکەی خۆی دەکات واتایەکی تری هەیە، بۆ نمونە: وشەی (عەنتیکە) لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینییە، لە زمانی کوردی بەشتێکی سەیروسەمەرە دەگوترێ، وەك دەڵێن (تەماشای ئەو

پیاوه چەند عەنتیکەیە.)، کەچی لە زمانی تورکی بە شتی قەدیمە (ئاسار) دەگوترێ عەنتیکە))، (سەرکەوت مصطفی، ١/ ٧/ ٢٠١٢: چاوپێکەوتن).

((لە ڕاستیدا هەموو میللەتەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و وشە و دەستەواژەی یەکتر بەکاردەهێنن، جا بەهەمان واتا بێت، یان بە واتایەکی خوازراو، وەکو: وشەی (قەلەندەر) لە زمانی تورکی واتایەکی زۆر جوانی هەیە، بە واتای (جوان - زۆر ڕێکوپێك) دێت، بەڵام لە کوردیدا واتای پێچەوانە دەگەیەنێ، بۆ نمونە، بەیەکێك دەوترێت (وەیش چەند قەلەندەرە. واتە کەسێکی گوناح و داماوە))، (زمزم عبدالحميد، ٢٠/ ٦/ ٢٠١٢: چاوپێکەوتن).

لەڕاستیدا جیاکردنەوەی دیاردەی زمان تێکەڵکردن و وشە وەرگرتن و دانانیان بەیەك شت کارێکی ئەستەمە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١ ـ ئایا دەکرێ بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە زمان تێکەڵکردن و وشە وەرگرتن بکرێت؟

٢ ـ ئایا دەتوانرێ بە شێوەیەکی ڕوون باسی زمان تێکەڵکردن و وشە وەرگرتن و دیاردەکانی تری بەریەککەوتنی زمانی بکرێ لەو گفتوگۆیانەی کە دوو زمانی تێدا بەکاردێت؟

٣ ـ هەروەها پێوەرەکان چین بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی، کەوا وشەی وتراو، وەرگیراوە، یان کۆد گۆڕینی پێکراوە (**Woolford, 1983: 38 – 50**).

(لابۆڤ) لە ساڵی (١٩٦٩)دا پێوەرێکی دانا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیە و دەڵێت، ئەگەر وشەکە بەپێی سیسەمی زمانە وەرگرەکە بەکارهات و کەوتە ژێر یاسای دەنگسازی زمانەکەوە ئەوە خواستراوە، بەڵام ئەگەر ئەو وشانە، وەك نمونە دەرکەوتن لەگەڵ هاوتاکانیان لە زمانی بەخشەردا، لە هەمان کاتدا جیاوازبن لە ڕوودانیان، وەك نمونە لە زمانی وەرگر، ئەوا ئەو کاتە لە کۆد گۆڕینەوە پەیدادەبن (**Labov, 1969: 85**). ئاشکرایە، کە نابێ هەموو وشەی فەرهەنگی زمان ڕەسەن بن. ناشبێ سڵ لە هەموو وشەیەکی زمانانی دیکە بکەینەوە. بەتایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا، هیچ زمانێك لە قالبێکی تەسکی خۆماڵیدا گەشە ناکات. جگە لەوەی شوێنی کوردستان و مێژووی چەند هەزار ساڵەی گەلی کورد کارێکی وەهایان کردووە، ژمارەیەکی زۆر وشەی بێگانە بە تایبەتی (عەرەبی و فارسی و تاڕادەیەکیش تورکی) تێکەڵی زمانەکەمان بن (ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧: ١٤١).

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت، چۆن زمانی کوردی لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەسازییەوە کاریگەریی لەسەر زمانە دراوسێیەکان هەیە، بە هەمان شێوە، ئەوانیش کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی هەیە. هەبوونی زاراوەی دراوسێ لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، ئەگەر بەپێی پێویستیی زمانەکەمان بێ، دیاریدەیەکی سروشتییە، نیشانەی دواکەوتوویی گەلەکەمان و بێ پێزی و هەژاری زمانەکەمان نییە، بەڵکو نیشانەی زیندوویەتی زمانەکەمانە.

ئەو زمانە دراوسێیانەی زیاتر کاریگەرییان لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی هەیە لەڕووی تێکەڵاو بوون و وەرگرتنی وشە و زاراوە و دەربڕینەوە بریتین لە زمانەکانی (عەرەبی، تورکی)، بە پێویستی دەزانین بەکورتی باسی ئەو وشە و زاراوانە بکەین کە لەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە:

**أ ـ وشە و زاراوەی عەرەبی:**

پەیوەندیی نەتەوەکەمان بە نەتەوەی عەرەب سەرەرای دێرینی و کۆنی، لەسەر بناغەیەکی ئاینی و ڕامیاری و ئابووریی و ئەدەبی و زانیستیی و دراوسێیەتی دامەزراوە. لە زمانی کوردیدا زۆر وشە هەیە، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون. هاتنە ناوەوەی ئەو وشانە بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی ئیسلام و دراوسێیەتی و تێکەڵاوی کورد لەگەڵ عەرەبدا .

**ـ وشە و زاراوەی عەرەبی بە چەند ڕێگەیەك هاتۆتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە:**

١ ـ وەرگرتنی وشە و زاراوەی عەرەبی بەبێ دەستکاری:

بەشێك لەو زاراوانە ناوی تایبەتین، یان ناوی کەل و پەل و شتی ترن، لەگەڵ هاتنیان بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی، وەکو خۆیان بەبێ دەستکاری بەکاردەهێنرێن، وەك: (**زەکات، فاطمة، کەریم ... هتد**).

٢ ـ وەرگرتنی وشە و زاراوەی عەرەبی بە دەستکارییەوە:

ئەمەش ئەو وشە و زاراوە عەرەبیانە دەگرێتەوە، کە کورد وەریگرتوون و خستونیەتیە ژێر باری دەستوری زمانی کوردی و خۆماڵی کردوون، یەکێك لەو دەستکاریانەش لە ڕووی دەنگیەوەیە. بۆ

نمونە، ئەگەر لە وشەیەکی عەرەبیدا دەنگێك هەبووبێ، کە لەگەڵ یاسای فۆنۆلۆجی زمانی کوردیدا ڕێکنەکەوتبێ، ئەوا گۆڕانێکی بەسەردا هێنراوە، وەك: **ثلاجە ـ سەلاجە**.

ئەم دیاردەیە لە زمانەکانی تریشدا هەیە، لە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (ترانسلەتیرەیشن ـTransliteration) لە زمانی عەرەبی بە (التعریب) ناو دەبردرێت و لە زمانی کوردیش دەکرێ بە کورداندن (بەکوردی کردنی زاراوە) ناوی ببەین. لەم بارەیەوە (جەمال نەبەز) دەڵێت: ((هەر وشەیەکی بێگانە، کە هاتە ناو زمانی کوردی، دەبێ بخرێتە ژێر ڕکێفی دەستوری زمانەوانی کوردییەوە و لە ڕووی (مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرتۆگرافی) یەوە))، (جەمال نەبەز، ١٩٧٦: ٧٧).

زمانی کوردی، لە مێژە سوودی لەم ڕێگایە وەرگرتووە ئەو وشە عەرەبیانەی وەرگیراون، کەوتوونەتە ژێر دەستوری دەنگسازی و زمانەوانی کوردیەوە و خۆماڵی کراون، واتە (کوردێنراون)، بە تایبەتی لە ڕووی ئەو دەنگانەی کە لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیدا ناگونجێن. وەك، هەندێ دەنگ کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا فۆنیم نین، وەك: ((ث، ذ، ص، ض، ط، ظ))، خاڵێکی تر لە بارەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە، کە هەندێ کەس جگە لەوەی لە ئاخاوتندا، یان نووسیندا، زۆر وشەی عەرەبی بەکاردەهێنن و بە زمانی کوردی ڕەوان قسە ناکەن، وشەی هاوواتای کوردی و عەرەبی بەدوای یەکدا دووبارە دەکەنەوە وەك: ( **ڕێز و ئیحترام، کورت و موختەسەر، یاسا و قانوون، وەعد و پەیمان... هتد**)، لەبەر ئەوەی ئەم وشانە هاوواتان و بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبیش یەك واتا دەبەخشن، بۆیە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، هەروەها پێویستە لە نووسینیشدا بەکارنەهێنرێن (ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧: ٢٦٣).

**ب ـ وشە و زاراوەی تورکی لە زمانی کوردیدا:**

هەروەك چۆن لەئەنجامی تێکەڵاویی و دراوسێیەتی کورد لەگەڵ عەرەب، ژمارەیەك وشەی عەرەبی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بە هەمان شێوە گەلێك وشەی تورکی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەك: ( **قاپی، قوشتەپە، قەرەهەنجیر، دیشلەمە ... هتد**). هەروەها هەندێك پاشگری وەکو (چی ـ چایچی) لە تورکییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە و هۆیەکەشی ئەوەیە:

**جگە لە هاوسێیەتی کورد و تورك، تورکەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە بەناوی خەلافەتی ئیسلامەوە دەوڵەتی عوسمانییان دامەزراندووە و کوردستانیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر حوکمڕانی ئەواندا بووە، بۆیە زۆر وشەی تورکی لە زمانی کوردییدا دەبینرێن.**

**هەرچەندە ئەو دوو دیاردەیە (وشە خواستن و کۆد تێکەڵکردن) لە ڕوکەشی دەرەوە لەیەك دەچن، بەڵام ئەمانە بەشێوەیەکی سەرەکی میکانزمی جیاوازن بۆ بەیەك بەستنەوەی زمانەکان. ئەو زانیاریانەی ئێستا لەبەردەستدان ئەوە دەردەخەن، کە وشە وەرگرتن لە زمانانی ترەوە، جا وشەکان کۆن بن و ئێستا بەکارنێن، یان ئەوەتا شوێنی خۆیان گرتبێ لە زمان، بریتییە لە دەرکەوتنێکی سەرەکی بەریەککەوتنی زمان لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی دوو زمان، یان زیاتری تێدا بەکاردێ.**

## ١ـ ١٤.کێن ئەوانەی زمان تێکەڵدەکەن؟

**هەموو کەسێکی ئاسایی، کە بە زیاتر لە زمانێك قسە دەکات، ئەوا ئەو توانایەی هەیە، کە زمانێکی گونجاو و لەبار هەڵبژێرێ لەو بارودۆخەی کە تێیدایە (Barbara & Toribio, 2000: 7).**

**هەرچەندە ئەو وشەیە لەبنچینەدا ئاماژەیەك بووە بۆ دیاردەیەکی زمانی لە نێوان ئەو ئاخێوەرانەی چەند زمانێك دەزانن، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە، هەموو کەسێك تاڕادەیەك تووشی کۆد گۆڕین دەبێت، چونکە ئێمە هەموومان لەگەڵ خەڵکانی جیاواز هەڵس و کەوت دەکەین، ئاستی پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازە لە هەموو بوارەکاندا. ئێمە هەموومان بەشێوەیەکی بەردەوام شێوازی ئاخاوتنی دەگۆڕین و هەندێ جاریش زمانی فەرمی بەکاردەهێنن و هەندێ جار زمانی نافەرمی. بۆ نمونە، لەگەڵ سەرۆکدا تۆ بە جۆرێك قسە دەکەی و لەگەڵ هاوڕێکانت، یان منداڵەکانت جۆرێکی تر. هەرچەندە هەموویان هەمان زمانن، بەڵام ئەم بارانە شێوازی قسەکردنی بەرز و نزمی ئیدیەمی جیاوازیان پێویستە، هەروەها کەمی یان زۆری بەکارهێنانی زمانی بازاڕی و گۆڕینی چۆنیەتی خوێندنەوە و نوسین و تەنانەت ڕستەسازیش دەگرێتەوە، بۆیە ئەو ئیمەیلەی کە تۆ بۆ خۆشەویسترین هاوڕێت دەینێرێت زۆر جیاوازە لەو ئیمەیلەی، کە تۆ بۆکرێکارێك دەینێرێت.**

**زمان تێکەڵکردن لەباری ئاساییدا لەژێر کۆنترۆڵکردنی دەروونی قسەکەر دایە، پێوستە ئەوە بزانین، هەموو کەسێك، کە دوو زمان دەزانێ ناتوانێ، قۆرخی زمان تێکەڵکردن بکات، پێوستە لەلایەنی کۆمەڵاتییەوە باش بەکاریبهێنێت بەجۆرێ، کە بگونجێ لەگەڵ هەردوو زمانەکە، چونکە زمان**

**تێکەڵکردن، تەنیا پەیوەندیی بە قسەکانی دوو زمانزانەوە هەیە، بۆیە پێویستە پرسیار بکەین کە ئایا دوو زمانزان کێیە؟**

## **١ـ١٥. وەرگرتنی زمان:**

**بەدەستهێنانی زمان ئەو پڕۆسەیەیە، کە لەلایەن منداڵ یان گەورە بەڕێوە دەبردرێت بۆ فێربوونی زمانێك، یان چەند زمانێك. توێژینەوەی بەدەستهێنانی زمانیش بوارێکی سەرەکییە لە توێژینەوەی زمانەوانیدا (بێرنارد کەمریَ و ئەوانی تر، ٢٠٠٧: ٢٠).**

**فێربوونی زمانی یەکەم پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە و زمانەوانەکان تەنیا بەشێوەیەکی لاوەکی لێی تێگەیشتوون. منداڵی ساوا هەندیَ تایبەتمەندی خۆرسکی هەیە، کە بۆ فێربوونی زمان یارمەتی دەدات. ئەو تایبەتمەندییانە بۆ ئەوە نین یارمەتی منداڵ بدەن تەنیا یەك زمان فێرببێت، بەڵکو چەند زمان لە دەوروبەرەکەیاندا بەکاربهێنرێت فێردەبێت، تەنانەت، ئەگەر دایك و باوکیشیان بە زمانی جیاواز قسە بکەن. بۆ نمونە، منداڵانی کورد لە کەرکوك و کفری و خانەقین لە پاڵ زمانی کوردییەوە فێری زمانەکانی تورکمانی و عەرەبی دەبن.**

**خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی زوو فێربوونی زمان لەلایەن منداڵان ئەوەیە، ئەوان پتر لەوەی لە قسەکردنیاندا پشت بە ڕستەسازی ببەستن، پشت بە واتای وشەکان دەبەستن. ئەو منداڵانەی کە لەیەك کاتدا گوێیان لە دوو زمان دەبێت، جیاوازیی لە نێوان سیستەمی زمانەکاندا لە پێش تەمەنی سیَ ساڵیدا ناکەن.**

**بەدەستهێنانی زمانی دووەم بریتییە لە فێربوونی زمانێك لە پاش زمانی یەکەمەوە. ئەم زاراوەیە بۆ ئاماژەدان بە فێربوونی زمانێکی تر بەکاردێت، پاش گەیشتنی مرۆڤ بە تەمەنی هەرزەکاری. هەرچی منداڵە ئەوا زووتر فێری زیاتر لە زمانێك دەبن. لە پاش تەمەنی هەرزەکارییەوە خەڵك بەگشتی دەبیَ هەوڵێکی زۆرتر بخەنە گەڕ بۆ فێربوونی زمانێکی تر و زۆربەی جاریش ئاستێکی نزمی فێربوونیان لەو زمانەدا دەبێت. خەڵك ئەو کاتە باشتر فێری زمانی دووەم دەبێت، کە تا ئاستی نوقمبوون تێکەڵی ئەو کۆمەڵگایانە بێت، کە بە زمانی دووەم قسە دەکەن. هەروەها فێربوونی زمانی دووەم لەناو ئەو کلتورانەشدا ئاسانترە، کە تیایاندا ئاخاوتن بە زمانی دووەم شتێکی چاوەڕوان کراوە.**

کاتیٚ گفتوگۆ لە نێوان ئەو کەسانە ڕوودەدات، کە دوو زمان دەزانن ئەوە دەردەکەویٚ، ئاخاوتن بە شێوەیەکی فراوان لە تێکەڵکردنی ئەو زمانانە پێکدیٚ و دەربڕینەکانیش لە هەمان سەرچاوەی هاوبەشی ئەم زمانانە لە پرۆسەیەکی هەڕەمەکیدا سەر هەڵدەدەن.

دوو زمانزانی دەتوانریٚ بەسەر چەند بوارێکەوە دابەش بکریٚ، یەکیٚ لەمانە بریتییە لە زمان تێکەڵکردن، دەتوانریٚ ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی کورت بەم شێوەیەی خوارەوە باس بکریٚ:

قسەکەر زمانێك هەڵدەبژێریٚ و قسەی پێدەکات، پاشان لە کاتێکی کەمی تردا بەبیٚ پچڕان لە قسەکردندا ئەو زمانە دەگۆڕێت، کە پێشتر بەکاریهێنابوو، زمانێکی تر لە نویٚ هەڵدەبژێریٚ و قسەی پێدەکات.

دوو زمانی توانای لێهاتووانەی بەکارهێنانی دوو زمانە. فرەزمانیش توانای لێهاتوانەی بەکارهێنی لە دوو زمان زیاترە. سەرباری ئەوەی قسەکردن بە دوو زمانی بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەناو ئەو کەسانەدا کەمە، کە زمانی دایکیان ئینگلیزییە، لە زۆر شوێنی جیهاندا، مەگەر ناوازە هەبێت دەنا ئینگلیزەکان هەروان. بۆ نمونە، لە (پاپواگینیا)ی نویٚ بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی پڕاکتیکی لە هەردوو زمانی دایکی خۆیان و زمانی (تۆك پیسین)دا کارامەن. زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە دوو زمانی ڕەسەنی ئەو وڵاتە، یان زیاتر دەزانن.

فرەزمانی لە زۆربەی بارەکاندا ڕێژەی جیاوازی توانای فێربوونی زمانیان تێدایە. بۆ نمونە، دەکریٚ کەسێك زمانێك لە زمانێکی تر باشتر بزانێت، یان کەسێك چەند زمانێك بە باشی بزانێت و بۆ مەبەستی جیاوازی بەکاریان بهێنێت، وەك ئەوەی کە زمانێك بۆ قسەکردن و زمانێکی تر بۆ نوسین بەکاربهێنێت (بێرنارد کەمری و ئەوانی تر، ٢٠٠٧: ٢٢).

پێویستە ئەوانەی دوو زمان دەزانن و تێکەڵی دەکەن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاریانبهێنن. دوو زمانزان دەبیٚ ئەو وشە و دەستەواژانە هەڵبژێرێت کە لە ئاخاوتندا ئامانجەکانی دەپێکن.

تێکەڵکردنی دوو زمان بە زۆری لەناو پەنابەران و کرێکارانی بیانی ڕوودەدات، چونکە پەنابەر و کرێکار بۆ مەبەستی دەستکەوتنی کار و پیشە و دەرخستنی کەسایەتی خۆی زمان تێکەڵ دەکات.

پێویستە ئەمەش بڵێین، کە زمان تێکەڵکردن لە سەرەتادا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بووە، بەڵام دواتر گۆڕاوە و بووە بە شتێکی ئامانجدار.

## ١ـ ١٦. کاریگەری هاوسەرگیری ژن و پیاوی زمان جیاواز لەسەر زمان تێکەڵکردن:

هاوسەرگیری زمانەوانی یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی تێکەڵکردنی دوو زمانی لە کۆمەڵگای دوو زمانی یان فرەزمانیدا وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا زمان تێکەڵکردن زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە گۆڕین لە نێوان دوو، یان زیاتر لە دوو زمان لە گفتوگۆکاندا. هەروەها ئاماژە دەدات بە توانای گۆڕینی زمانەکان، یان دیالێکتەکان بەشێوەیەکی خێرا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لەیەك ئاخاوتندا، ئەویش بەپشت بەستن بە بارودۆخی ئاخاوتن، یان ئاخێوەر. بۆ نمونە ئەو کوردەی ئاوارەی سویدە و لەوێ هاوسەرگیری کردووە و منداڵی بووە، لەوانەیە منداڵەکەی لەگەڵ دایکی بە سویدی قسە بکات و لەگەڵ باوکیشی بە کوردی قسە بکات، هەرچەندە هەموویان هەردوو زمانەکەش دەزانن و هەمووشیان بەشدارن لە هەمان ئاخاوتندا. وا ڕێکدەکەوێ کە قسەکەر لە ئاخاوتنێکدا هەردوو زمان، هەریەکە بە ڕێژەیەك بەکاربهێنێ. هەردوو زمانەکە دەشکێنێ بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە وەرگر، یان بەرانبەرەکەی بگەیەنێت. منداڵی ئەو جۆرە دەوروبەرە (باوك کورد، دایك بیانی) ناچارە لەیەك کاتدا دوو زمان فێر ببێت. ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی دژوار و پڕ ئاستەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام منداڵەکە دەرفەتی فێربوونی زمانی کوردی لە دایکی خۆی زیاترە، چونکە تەمەنی ئەو زۆر لەبارترە بۆ فێربوونی دوو زمان، هەروەها ئەو جگە لە دەرفەتی دیتنی خزم و کەس، لە قوتابخانەش فێری زمانی کوردی دەبێت (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥).

ئەم دیاردەیە لە شاری هەولێریش هەیە. هەندێك لە پیاوی کورد هاوسەرەکانیان تورکمان یان عەرەبن، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی منداڵەکانی ئەو جۆرە خێزانانە لەناو کۆمەڵگایەکی کوردی دەژین، کە زمانی خوێندن و ڕاگەیاندن بە زۆری کوردییە، بۆیە ئەگەر لە هەندێ قۆناغی (تەمەن) و (خوێندن) لەنگییەك لە زمانیان هەبێت، ئەوا بەرەبەرە کاریگەریی دەوروبەر لەهی ماڵەوە زیاتر دەبێت و لە ئەنجامدا ئەو منداڵانە، منداڵی دوو زمانی دەردەچن، کە لەوانەیە ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیرییان لە منداڵی تاك زمانی باشتر بێ.

لە وەڵامی پرسیاری ئایا منداڵی دایك و باوك زمان جیاواز ئەم دیاردەی تێدا بەدیدەکرێ؟ (گۆران سەڵاحەددین) لەم بارەیەوە دەڵێت: بە بۆچوونی من ئەو دیاردەیە زیاتر بۆ ئەو کەسانە دەگونجێ، کە

تازە هاتوونەتە ناو میللەتی کورد و تێکەڵ بە کورد بوون، نەك بۆ ئەو کەسانەی دایك و باوکیان زمان جیاوازن، بۆ نموونە من خۆم تورکمان و خێزانم کوردە، چونکە منداڵی من هەردوو زمانی کوردی و تورکمانی باش فێربووە، بۆیە هەردوو زمانەکە زۆر بەچاکی بەکاردەهێنێ و کێشەی نییە و خاوەنی دوو زمانە. هەر وەکو توێژینەوەکان دەریا خستووە منداڵ لە تەمەنێکی زۆر بچوك دەتوانێ شەش زمان فێرببێ لە یەك کاتدا، بۆیە دەڵێم دیاردەی زمان تێکەڵکردن زیاتر بەسەر ئەو کەسانەدا دێ، کە کەمتر تێکەڵی کۆمەڵ دەبن و لە ماڵن وەك ژنی ماڵ، چونکە کەمتر تێکەڵی خەڵك بوون و لەکاتی قسەکردنیدا زۆر بە ئاشکرا دەزانی کە ئەوە کورد نییە، بەهۆی تێکەڵکردنی هەردوو زمانی کوردی و تورکمانی، بەڵام نەوەی تازە بەهۆی ئەوەی خوێندنیان بە زمانی کوردییە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لە بازاڕ و پارك ... هتد زیاترە، ئەوا کەمتر ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبن.

کەواتە دەتوانین بڵێین زیاتر لەو خێزانانەدا بەرچاو دەکەوێ، کە تازە هاتوونەتە ناو شاری هەولێر، نەك ئەوانەی زۆر لەمێژە دانیشتووی شاری هەولێرن (گۆران صلاح الدین، ٢٠/ ٦/ ٢٠١٢: چاوپێکەوتن)، بەڵام (زمزم عەبدولحەمید) دەڵێت: ((بێگومان دایك و باوکی زمان جیاواز کاریگەرییان دەبێ لەسەر منداڵ، بەڵام زیاتر زمانی دایکی بەسەریدا زاڵ دەبێ، چونکە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ زیاتر لەسەر شانی دایکە، وەك شیر پێدان و خاوێنکردنەوەی و لاواندنەوە و هەڵگرتنی و ... هتد، بۆیە زۆر جار دەبینین، ئەگەر منداڵێك باوکی کورد و دایك تورکمان بێ لە کاتی قسەکردندا زیاتر وشە و دەستەواژەکانی دایکی بەکاردەهێنێ))، (زمزم عبدالحمید، ٢٠/ ٦/ ٢٠١٢: چاوپێکەوتن). هەروەها (سەرکەوت مستەفا) دەڵێت: ((دیاردەی هاوسەرگیریش ڕۆڵی هەیە لە پەیدابوونی ئەو دیاردەیە، ئەگەر هاتوو ژن و پیاوەکە زمانیان جیاواز بێت. ئەم دیاردە لە زمانی منداڵەکەیان ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام پێویستە بزانین، کە منداڵ زمانی دایکی زووتر فێردەبێ، چونکە دایك زۆرتر خەریکیەتی و بەخێوی دەکات، هەروەها برادەر و دەوروبەر و قوتابخانە زۆر دەور دەبینن. لەوانەیە دایکی تورکمان و باوکی عەرەب و ئەو ڕەوزەیە، یان قوتابخانەی کە تێیدا دەخوێنێ کوردی بێت زۆر باش کوردیەکە فێردەبێت. ئەو کاتە هەرسێ زمانەکە تێکەڵدەکات بێ ئەوەی هەستی پێبکات))، (سەرکەوت مصطفی، ١/ ٧/ ٢٠١٢: چاوپێکەوتن).

کەواتە کاتێ منداڵ چەند زمانێك لەیەك کاتدا فێردەبن، بەهەمان شێوەش فێردەبن، کە چۆن ئەم زمانانە تێکەڵ یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی زمانێکی گونجاو بەکاربهێنن لەگەڵ ئەو کەسانەی قسەیان لەگەڵدا دەکەن.

**لە دوای ڕاپەڕین، لێرەو لەوێ لە نێوان هەندێ خێزاندا تێکەڵکردنی زمان لە نێوان زمانی کوردی و زمانە ئەوروپییەکان هەیە. جا ئەوە لە ئەنجامی  هاوسەرگیری بێت، کە زۆر کەمە، یان لە ئەنجامی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێ.**

**بە بۆ چوونی (سەلام ناوخۆش)، ئەگەر ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە لە نێوان تاکەکانی دوو نەتەوە لە دەوروبەرێکی ناکوردی ڕوودات، ئەوە وەك هاوسەرگیری ڕامیاری وایە، هەنگاوێك دەبێت لە کوشتنی زمانی کوردی. (سەلام ناوخۆش) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەرکە کوردێك ژنێك لە بەغداد، تەهران، ئەنقەرە، یان هەر ولاَتێکی ئەوروپی دەهێنێت، ئەوا منداڵەکانیان زیاتر بە زمانی دایکیان قسە دەکەن، هەروەها لەو ولاَتانەش زۆر بەدەگمەن زمانی کوردی لە قوتابخانە دەخوێنن، بۆیە ئەو باوکە دەرەقەتی ئەوە نایەت، کە بتوانێ بەسەر ئەو هەموو کۆسپە زاڵ بێ و منداڵەکە فێری کوردییەکی ڕەوان بکات. ئەمەو زۆر جار نەك هەر منداڵەکە، بەڵکو باوکەکەش لە ڕەوشێکە کوردییەکەی لاواز دەبێت! ئەگەر دایکەکە دەستبەرداری کۆمەڵگای خۆی ببێت و لە کۆمەڵگای کوردی بژیت، هەرگیز وەك دایکێکی کورد نابێت، چونکە ئەو دایکە کوردییەکەی تەواو نییە، جا چۆن دەتوانێت منداڵەکەی فێرە کوردییەکی ڕەوان بکات؟! بەڵام لەناو کوردەواری، زمانی کوردی نافەوتێت، چونکە دەوروبەر (قوتابخانە، کۆڵان، بازاڕ ... هتد) هەموو کوردییە. ئەمانەش هەمووی هاندەر دەبن، بۆ ئەوەی کە منداڵەکە زمانی کوردی لەلا نامۆ نەبێ))، (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٦).**

**ئەوەی شایانی باسە، ئەو جۆرە هاوسەرگیری و تێکەڵکردنی زمانە لە شاری هەولێر زیاتر لە نێوان کورد و تورکماندایە، نەك کورد و عەرەب یاخود کورد و مەسیحی (کلدوئاشوری). هەبوونی هاوسەرگیری زمانی لە نێوان کورد و تورکمانەکانی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی مێژوویی و ڕامیاری ئەو هۆکارە لە ئێستادا، نەك هەر لە نێوان کورد و عەرەبدا نییە، بەڵکو ئەوەندەی هەشە خەریکە لەژێر هەژموونی زمانی کوردی لەو ماوەی دوای ڕاپەڕین بەرەو توانەوە دەچێت.**

# بەشی دووەم

## جۆرەکانی زمان تێکەڵکردن

## بەشی دووەم

### ٢ـ ١. جۆرەکانی زمان تێکەڵکردن

### بە بۆچوونی ئێریکا و گەمپێرز دوو جۆر زمان تێکەڵکردن هەیە:

(کۆد گۆڕین **code – Switching**) و (کۆد تێکەڵکردن **code – mixing**) (**Erica, 2007: 1**) تێکەڵکردنی زمان، وەکو پەڕینەوەیەکە لە نێوان دوو زمان یان زیاتر. قسەکەرەکان لە حاڵەتی دوو فەرهەنگی، دەبێ زیاتر لە سیستەمێکی ڕێزمانی بزانن بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانەیان. تێکەڵکردنی زمانی لە بێئاگایی قسەکەرە (**Gumperz, 2002: 60**)، کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ (**Code –Switching , Code Shifting , Code Changing**)، بەڵام تێکەڵکردنی کۆد، کە لە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ ( **Code - mixing**) لە بەئاگایی قسەکەرە. (محەمەد مەعروف) جۆری یەکەمی ناوناوە (بازدانی خۆنەکرد) و جۆری دووەمیشی ناوناوە (بازدانی خۆکرد). کەواتە دوو جۆرە تێکەڵکردن هەیە:

### ٢ـ ١ ـ١. تێکەڵکردنی خۆنەکرد:

ئەم جۆرە تێکەڵکردنە بەبێ ویستی قسەکەرە، چونکە قسەکەر لەپڕ لە زمانێکەوە باز دەداتە سەر زمانێکی تر. لەم بارەیەوە (محەمەد مەعروف) دەڵێت: ((مەبەست لەم جۆرە بازدانە ئەوەیە، کە قسەکەر بە ویستی خۆی کارەکە ئەنجام نادات، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی بازدانەکە، پەیوەندی بە هەڵوێستەوە هەیە. ڕێڕەوی قسەکردنەکە گەیشتۆتە خاڵێك، کە پێویستی بە زمان گۆڕین هەیە. ئەمە پەیوەندی بەجۆری قسەکردن و دەوروبەر و چۆنێتی بابەتەوە هەیە))، (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤٢).

لەم جۆرە بازدانەدا گۆڕان لە هەڵوێست دەبێتە هۆی گۆڕان لە شێوازی قسەکردن، یان گۆڕان لە شێوازدا زۆر جار نیشانەی ئەوەیە، گۆڕانێك لەپەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگراندا هاتۆتە کایەوە، یان بابەتی قسەکە گۆڕاوە، یان شوێنی بەیەك گەیشتنەکە تایبەتییەکی وەرگرتووە (بەکر عومەر و شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٦: ٣٧).

پەیوەندیی قسەکەران لەگەڵ یەکتریدا جۆری بابەت و دەوروبەر لەو هۆکارانەن، کە هەڵوێست دیاریدەکەن، هەرچەندە جۆرەکانی هەڵوێست **هەمیشە** لەگۆڕاندان و تەنانەت لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێن. بۆ دیاریکردنی هەڵوێستە گرنگەکان، دەبێ پەنا ببرێتە بەر دیدار و تێبینی گشتی و ئەزموون و پشکنینی کۆمەڵایەتی (Fishman, 1972: 49).

بە هەموو ئەو هەڵوێستانەی پێویستییان بەیەك شێوازی قسەکردنە دەگوترێ بوار. بۆ نمونە، ئەگەر خەڵکی لە بازاڕ و سینەما و چایخانە و قوتابخانەدا هەمان شێوازی ئاخاوتنیان بەکارهێنا لە کۆمەڵگایەکدا، ئەوا هەموو ئەو شێوازانە بەیەکەوە بەیەك بوار دادەنرێن. خۆ ئەگەر شێوازی ئاخاوتنی خەڵکی لە سینەما و لە قوتابخانە جیاوازبوون، ئەوا دەبێت هەریەکەیان بە بوارێکی تایبەتی دابنێین، هەر لەبەر ئەوەیە، ژمارەی بوار لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێت. (لۆرنس گرینفیلد) لە توێژینەوەیەکدا، کە دەربارەی پۆرتۆریکۆییە دوو زمانزانەکان کردوویەتی دانی بەبوونی تەنیا پێنج بوار داناوە، کە هەموو ئەو هەڵوێستانە دادەپۆشێ، کە لە ماوەی ساڵێکی توێژینەوەکەیدا بەرچاوی کەوتوون. بوارەکان بریتین لە: بواری ماڵەوە، بواری هاوڕێیەتی، بواری ئایین، بواری کار، بواری پەروەردە (قوتابخانە). وەك لە توێژینەوەکەیدا دەری خستووە، زۆربەی دانیشتوانی (پۆرتۆریکۆ) زیاتر زمانی ئیسپانی لەبواری هاوڕێیەتی و ماڵەوە بەکاردێنن. هەرچی زمانی ئینگلیزییە بە تایبەتی لە بواری خوێندن و ئایین و ئیشکردندا بەکاریدەهێنن. بە واتایەکی تر هاوڵاتییەکی پۆرتۆریکۆیی وای لێچاوەڕوان دەکرێ، کە لە کەنیسە و فەرمانگە و قوتابخانەو زانکۆدا بە زمانی ئینگلیزی بدوێ. هەرکاتێ هەڵوێستەکەش گۆڕا لە دەوروبەرێکی نافەرمیدا، ئەوا وا چاوەڕوان دەکرێ، کە قسەکەر زمان بگۆڕێ و باز بداتە سەر زمانی ئیسپانی (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤٣). کەواتە ئەم جۆرە تێکەڵکردنە بە ویستی قسەکەر نییە، بەڵکو بەهۆی زاڵبوونی هەردوو زمانەکە لەلای قسەکەر ئەو دیاردەیە ڕوودەدات.

## ٢-١-٢. تێکەڵکردنی خۆکرد:

ئەم جۆرەیان بە پێچەوانەی تێکەڵکردنی خۆنەکردە، چونکە بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە ویستی قسەکەرە. (گۆران سەلاحەددین) دەڵێت: ((هەندێجار قسەکەر، کە دوو زمان دەزانن کەمە نەتەوەیی نین، بۆ نمونە کاتێك کەسێکی کورد کە لە دەرەوەی وڵات لە بەریتانیا یان سوید دەژی، کە دێتەوە کوردستان وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی دەخاتە ناو زمانەکەی خۆی ئەمەش یان نیشانەی

ئەوەیە، کە ماوەیەکی زۆر لە هەندەران ژیاوە و ناوەرۆکی زمانەکەی خۆی بزرکردووە، یان بە ئەنقەست ئەو وشانە بەکاردەهێنێ بۆ خۆدەرخستن))، (گۆران صلاح الدین، ٢٠/ ٦/ ٢٠١٢: چاوپێکەوتن)، یان گوێگر شێواز، یاخود زمانەکەی دەگۆڕێ و بازدەداتە سەر شێواز، یان زمانێکی تر بێ ئەوەی هەڵوێست گۆڕابێت، یان پێویستی بەم شێواز گۆڕینە هەبێت. بە واتایەکی تر، گۆڕانی شێواز هەندێ جار پەیوەندیی بە هەڵوێستەوە نامێنێ. ئەم جۆرە کەناڵ گۆڕینە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت دەمێنێتەوە و قسەکەران، یان گوێگرانی تر لەسەر شێوازەکەی خۆیان بەردەوام دەبن و گوێ نادەنە ئەم شێواز گۆڕینە و دووی ناکەون، چونکە شێواز گۆڕینەکە هەڵوێستی نەیهێناوەتەدی و تەنانەت لەگەڵیشیدا ناگونجێت. ئەم جۆرە شێواز گۆڕینە زیاتر بۆ پێداگرتن و پێکەنین بەکاردێ، هەرچەندە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، کە هەڵگەڕێتەوە و کارەکە پێچەوانە بکاتەوە. بۆ نمونە، با لەم ئاخاوتنەی خوارەوە وردبینەوە:

ئاخاوتنی ژ/(٢)

ڕێبوار: بێزەحمەت، ئەتوانم تەلەفۆنەکەت بەکاربێنم؟

ڕێبوار: ( دوای تەواو کردنی کارەکەی ) زۆر سوپاس.

دوکاندار: شایانی نییە، بە ساقەی سەرت بم!

لە کۆزمانەوانیدا بازدان لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تری هەمان زمان، یان لە زمانێکی جیاوازەوە بۆ زمانێکی تر بەیەك چاو سەیردەکرێ و بەیەك بابەت دادەنرێ و قسەکەر هەر لە سەرەتای زمان فێربوونەوە ئەم بازدان و تێهەڵکێشکردنە فێردەبێ (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤١).

شایانی تێبینییە لە سەرەتای ئاخاوتنەکەوە تا ڕستەی (بە ساقەی سەرت بم) شێوازێکی فەرمی و ئاساییە، بەڵام ئەو ڕستەیە لەو جۆرانەیە، تەنیا ئافرەتی سلێمانی بەکاریدێنن. لەبەر ئەوە وا چاوەڕوان دەکرێ، کە ڕێبوارەکە دابچڵەکێ و چاو ببڕێتە دوکاندارەکە، تا ئەو کاتەی بۆی ڕوون دەبێتەوە بۆ چ مەبەستێك بەکاریهێناوە (بۆ گاڵتە، یان لە نەشارەزایی خۆیەتی، یان ئەو بە منداڵ دادەنێ ... هتد )، کەواتە لەم گفتوگۆیەدا دوو شێواز چونەتە ناو یەکتری:

١ ـ شێوازی فەرمی: بەزۆری ئەو کەسانە بەکاریدەهێنن، کە بە تەواوی یەکتر ناناسن، یان لەیەکترییەوە نزیکنین.

٢ ـ شێوازی ئافرەت: تەنیا لە نێوان دوو کەسدا بەکاردێ، کە هەردووکیان ئافرەت بن.

ئەم ئاخاوتنەی سەرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە تێکەڵکردنی خۆکرد. بەپێچەوانەی، تێکەڵکردنی خۆنەکردە زۆر جار بە هەڵە لێکدەدرێتەوە و دەبێتە هۆی زویربوون، بە واتای ئەوەی زۆر جار گوێگر وا تێدەگات، کە گاڵتەی پێدەکرێ.

پێویستە ئەوە بزانین، بازدانی خۆکرد شتێکی زۆر پێویست نییە، بەڵکو بەندە بە ئارەزووی قسەکەر، یان گوێگرەوە و دەتوانرێ بەکارنەهێنرێت. جگە لەوە دەتوانرێ، تەنیا ئەو کاتانە سوود لەو بازدانە وەربگیرێ، کە هاوبەشانی ئاخاوتنەکە تەواو لەیەکتری بگەن و هەمان باوەڕیان هەبێت دەربارەی دەرچوون و بازدان لە شێوە ئاسایی و گونجاوەکە و شێوازی تێکەڵکردن. واتە ئەگەر هاوبەشانی ئاخاوتن ئاگاداری لادان و شێوازگۆڕینی یەکتر نەبن و پێشبینی نەکەن، ئەوا لەیەکتر ناگەن و گیروگرفت دەکەوێتە نێوانیانەوە و لەیەکتر زویردەبن. بۆ نمونە، ئەم ڕستەی خوارەوە لە هەولێر زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ گاڵتەکردن گوایە زمانی کوردی باش نازانێت، یان باسی یەکێك دەکرێ کە تورکمانە یان خۆی کردوە بە تورکمان یان هاوسەرەکەی تورکمانە:

ـ ئیشتە مالەوەدان!

## ٢ ـ٢. ئەرکەکانی زمان تێکەڵکردن:

زمان تێکەڵکردن بۆ ئەنجامدانی چەندین ئەرك بەکاردێ، وەك:

### ٢ ـ٢ـ ١. ئەرکی ئاڕاستەکردن:

زمان تێکەڵکردن لێرەدا لە بەرژەوەندی قسەکەردا دەبێ. ئەرکی ئاراستەکردن چەند شێوەیەکی جیاواز و دژ بەیەك وەردەگرێ. بۆ نمونە، زمان تێکەڵکردن بە مەبەستی ئەوە دێت، کە هەموو گوێگرەکان لە بابەتی ئاخاوتنەکە بگەن و تێیدا بەشداربن. بە پێچەوانەشەوە، هەندێ جار تێکەڵکردنەکە بۆ ئەوەیە هەموو گوێهەڵخەرەکان، کە لەوێدان لە بابەتەکە نەگەن و قسەکەر تەنیا یەك گوێگر هەڵدەبژێرێ، کە بەوردی لە بابەتەکە بگات، ئەم گوێگرە دەبێ شارەزایی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێ. وا چاوەڕوان دەکرێت گوێهەڵخەران لە کەرەستە تێکەڵکردنەکە نەگەن، یان شارەزاییان لەو

**زمانەدا نەبێت. هەموو ئەو جۆرە تێکەڵکردنانەی پەیوەندییان بە هاوبەشەکانی ئاخاوتنەوە هەیە، قسەکەر یان گوێگر لە جۆری ئاڕاستە کردنن (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٢٨).**

**ئاخاوتنی ژ/(٣)**

**(أ) سلاّو.**

**(ب) سەرچاوم بە خێر بێیت.**

**(ج) کاکە چۆنن؟**

**(ب) ڕوو دەکاتە (أ) و دەڵێت (ئەپاڕرام و دوننام).**

**لەم نمونەیەدا (ب) نایەوێت، کە (ج) بزانێ دەگەڕێتەوە، بۆیە زمانی دەگۆڕێ بۆ تورکمانی.**

## ٢ ـ٢ـ ٢. ئەرکی خۆدەرخستن:

**قسەکەر هەندێ جار لە ڕێگەی زمان تێکەڵکردنەوە کەسایەتی خۆی دەردەبڕێ، بۆ نمونە لەوانەیە لەبەر ئەوە ئەو دوو زمانە تێکەڵبکات، کە زمانی بالاّبن و خاوەن ناوبانگ و سەروەری خۆیان بن، بۆیە بەڕێزەوە سەیریان دەکات.**

**ئاخاوتنی/ (٤)**

**ـ گیانە، ئەمڕۆت پێ چۆنە؟**

**ـ اليوم حلو!**

## ٢ ـ٢ـ ٣. ئەرکی ئاماژەکردن:

**ئەو ئەرکە زیاتر لەو بارانەدا هەستی پێدەکرێ، کە قسەکەر شارەزایی لە یەکێك لەو دوو زمانە کەمتر بێت، کە تێکەڵیان دەکات و واژەکانی بەباشی نازانێت، بۆیە هانا بۆ زمانەکەی تر دەبات، کە باشتر دەیزانێ و وشەو واژەکانی لەبەر دەستدان.**

ئاخاوتنی ژ/ (٥)

- مەمنوع درێژ بی، لازم پیاسە؟

- چ بکەم دکتۆرە ناتوانم و خۆم ڕاناگرم.

## ٢ ـ٢ـ ٤. ئەرکی پسپۆڕی:

ئەم ئەرکە پەیوەندیی زۆری بە بابەتی قسەکردنەوە هەیە. هەندێ بابەت لەوانەیە یەکسەر ببێتە هۆی تێکەڵکردنی دوو زمان، بە تایبەتی کە یەکێك لە زمانەکان پسپۆڕی لە بابەتەکەدا زیاتر بێت. بۆ نمونە، کە لە زمانەوانی دەدوێن لەوانەیە کوردی و ئینگلیزی تێکەڵکردن ئاسایی بێت، چونکە ئینگلیزی زاراوەی زیاترە و بڵاوترە و زیاتر لەبەر دەستدایە، لە وانەشە زمان تێکەڵکردن بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و تێگەیاندن پێویست بێت. بۆ نمونە:

هەندێ جار کاتێ دکتۆر سەردانی نەخۆشەکەی دەکات بە زمانی کوردی قسەدەکات، بەڵام کە لەگەڵ یاریدەدەرەکانی قسەدەکات دەربارەی نەخۆشی ئەو کەسە بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکات، تا نەخۆشەکە تێی نەگات و لەترسان باری دەروونی تێك نەچێ، یان لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە زمانی ئینگلیزی زمانی زانستە.

## ٢ ـ٢ـ ٥. ئەرکی کۆمەڵایەتی:

لە هەندێك باردا زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، هەندێك توێژەر بە تێکەڵکردنی میتافۆری ناویان بردووە، کە تێیدا باری قسەکردن، واتە کات و شوێنی قسەکردن زمان تێکەڵکردنەکە دەسەپێنن (**Poplack, 1980: 598**)، وەك:

- سەن چۆخ جوان سەن.

مەبەست لەم تێکەڵکردنە جێ خۆشکردن و نزیکبوونەوە و پاراستنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەبارە لە نێوان قسەکەر و گوێگرەکانیدا.

## ٢ ـ٢ـ ٦. ئەركی میتازمانی:

ئەم ئەركە كاتێك ئەنجام دەدرێت، كە قسەكەر بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دوو زمان تێكەڵدەكات. بۆ نمونە ئەم جۆرە ئەركە لەو كاتانەدا ڕوودەدات، كە قسەكەر لە زمانێكەوە باز دەدات بۆ زمانێكی تر، بۆ ئەوەی توانستی خۆی لە زمانێكدا نیشانبدات. وەكو ئەم ئاخاوتنەی خوارەوە كە گوێگر بۆ خۆدەرخستن، گوایە زمانی عەرەبی دەزانێ، لە زمانی كوردیەوە باز دەداتە زمانی عەرەبی:

ئاخاوتنی ژ/ (٦)

ـ دەزانی ئازاد بەقسەكەی شیلان توڕەبوو؟

ـ هەقی خۆیتی، قابیلە ئینسان چییە؟ لحم و دمە.

یان زۆر جار قسەكەر لە كاتی دركاندنی وشە تابۆكاندا لە زمانێكەوە بازدەدات بۆ زمانێكی تر، تاوەكو نەكەوێتە بەر ڕەخنەی كۆمەڵگە، چونكە دركاندنی ئەم وشانە لە كۆمەڵگەدا ڕێگە پێنەدراون.

## ٢ ـ٢ـ ٧. ئەركی جوانكاری:

زۆر جار ئەوانەی دوو زمان، یان زیاتر دەزانن لە نوكتە و یاریكردندا لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر باز دەدەن، وەك لەم نمونەیەدا دەیبینین:

ئاخاوتنی ژ/ (٧)

**ـ ((بارام بەگی ئەحمەد بەگی پیشێن و شێخ عەلی شێخ كەریم ئەچنە لۆقنتە. كابرای "بۆی" دێت ئەڵێ چی ئەخۆن؟ بارام بەگ ئەڵێ: من برنج و شێخ مەحشی. (بۆیەكە) ڕوو ئەكاتە شێخ عەلی ئەڵێ: انت هم شێخ مەحشی؟ ئەڵێ: نا نا انی شیخ عەلی!))**، (عەلائەدین سەجادی،٢٠٠٧ :٢٠٦).

یان هۆنەر كە دێرە هۆنراوەیەك، یان نیوە دێڕێك لە هۆنراوەی شاعیرێكی تر دەهێنێ و تێكەڵ بە هۆنراوەكەی خۆی دەكات. ئەم دیاردەیە پێی دەگوترێت (تێهەڵكێش). مەرجیش نییە، ئەو تێهەڵكێشەی كە هۆنەر دەیكات لە هەمان زمان بێت، بەڵكو بۆی هەیە باز بدات بۆ زمانی تریش، وەكو (شوكری فەزلی) دەڵێت:

**((مەكەن لۆمەم ئەمێستە وا نەزانی**

**(متى أجع العمامه تعرفونی)**

**وەیان ( حاجی ) دەڵێت:**

**لە حەدیسا هەیە حەبیبی خودا**

**گوتی: (الكاسب حبيب الله) ))**، (عەزیز گەردی،٢٠٠٢: ٩٦).

## ٢ ـ٣. تایبەتییەكانی زمان تێكەڵكردن:

**گرنگترین تایبەتیی ئەو زمانانەی تێكەڵ دەكرێن لەگەڵ قسەكەران ئەمانەن:**

**١- بەڕای(پۆپلاك) تەنیا ئەو كەسانە دەتوانن زمان تێكەڵ بكەن، كە بە تەواوی دوو زمانەكە دەزانن (Poplack, 1980: 599)، هەندێكی تر باوەڕیان وایە ئەو كەسانەی زمان تێكەڵدەكەن، نەك هەردەبێ دوو زمانەكە بە تەواوی بزانن، بەڵكو دەبێ هەر لە منداڵییەوە فێری ئەو زمانانە بووبن، چونكە بازدان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر لە چوارچێوەی تاكە ڕستەیەكدا توانستێكی زمانی باڵای دەوێ (Mslaughin, 1987: 212). ئەم تایبەتییە لە هەموو جۆرێكی تێكەڵكردندا پێویست نابێ. هەندێ جار قسەكەر وشەیەك، یان كەرەسەیەك دەخاتە ناو چوارچێوەی ڕستەیەكەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وشەی لەسەردەم نییە و بیری چۆتەوە، یان هێشتا لە زمانە بنەڕەتییەكەدا فێری نەبووە. ئەو قسەكەرانەی كە زمان تێكەڵدەكەن بەزۆری ئەوانەن، كە لە چوارچێوەی یەك ڕستەدا تێكەڵكردنەكە ئەنجام دەدەن. بەباوەڕی (ماكلور) منداڵ لە تەمەنی هەشتساڵیدا توانای زمان تێكەڵكردنی دەبێت، بەڵام توێژینەوەی تر هەیە سنوور بۆ تەمەن دانانێن و دەڵێن ئەوانەی كە لە وڵاتی خۆیان كۆچ دەكەن بە تایبەتی هەرزەكارەكانیان زمان تێكەڵدەكەن.**

**٢ ـ وشەی ئەو زمانانەی تێكەڵ دەكرێن بە بەراورد لەگەڵ زمانە سروشتییەكان زۆرتر بەر تەسكترە، چونكە زمانێكی ئاوێتە بە لایەنی كەمی وشەكانی پێویستە و بۆ پەیوەندی لەبوارێكی دیاریكراودا كەڵكی هەیە.**

**٣ ـ تایبەتییەکی تری زمان تێکەڵکردن پێکهاتەی سانا و ساکاری دوو زمانەکەیە، چونکە لایەنی ڕێزمانی و دەستوری زۆر کەم بەر ئەم دیاردەیە دەکەون (حوسێن یەعقووبی، ٢٠٠٧: ١٥٣).**

**٤ ـ قسەکەران ناتوانن مەبەست و ئایدیای خۆیان بەشێوەیەکی گونجاو و ڕوون بە زمانێك دەربڕن، بۆیە کەڵك لە زمانێکی دیکە وەردەگرن، واتە تێکەڵکردنەکە بۆ گەیاندنی مەبەستێکە، کە قسەکەر بە زمانێك ناتوانێ بیگەیێنێتە گوێگر، بۆیە بازدەدات بۆ زمانێکی تر.**

**٥ ـ لەوانەیە زمان تێکەڵکردن هەستی دۆستایەتی، دوژمنکاری، گاڵتە پێکردن ...هتد. لەلای گوێگر دروستبکات.**

## ٢ ـ٤. هۆیەکانی تێکەڵاوبوونی زمانی:

**هەر دیاردەیەکی زمانی هۆکاری جیاوازی هەیە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، کە ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، لە هەمان کاتدا هێواشی و خێرایی هۆکارەکە بەگوێرەی بارودۆخی ئەو زمانە دەگۆڕێت، هۆیەکانی تێکەڵاوبوونی دیاردەی زمان تێکەڵکردن بریتیین لە:**

**١ ـ فێرکردن و فێربوونی زمانی بێگانە، واتە زانینی زیاتر لە زمانێك دەبێتە هۆی زمان گۆڕین لەکاتی قسەکردندا (إبراهیم بن علی، ١٤٢٧هـ: ٢).**

**٢- خوێندن بە زمانی بێگانە، بۆ نمونە ئەگەر کوردێك خوێندنی بە زمانی عەرەبی بێت، لەکاتی ئاخاوتندا، زمانی دایك و زمانی عەرەبی تێکەڵدەکات، بێ ئەوەی هەستی پێبکات.**

**٣- دایك و باوکی زمان جیاواز، واتە هاوسەرگیری زمانی، بۆ نمونە مێرد کورد/ ژن تورکمان، منداڵەکانیان ئەو دوو زمانە تێکەڵدەکەن.**

**٤- ژینگە و دەوروبەر، واتە ئەو ناوچانەی زیاتر لە نەتەوەیەك تێیاندا دەژین، بۆ نمونە، وەك شاری کەرکوك، یان شاری هەولێر جگە لە کورد، عەرەب و تورکمان و ... هتد تێدا دەژی. ئەمە وا دەکات قسەکەر لە ئاخاوتندا زمان تێکەڵبکات، ((نمونە من خوێندنم بە زمانی عەرەبی بووە و دایکم تورکمانە و باوکم کوردە، بۆیە لەکاتی ئاخاوتندا بە زەقی ئەم دیاردە لە گوتنەکانمدا دیارە. بۆ نمونە کە یەکێ بانگم دەکات لەجیاتی بڵێم بەڵێ دەڵێم نەعم))، (ئەڤین سامی عارف، ١٩/ ٧/ ٢٠١٢: چاوپێکەوتن).**

٥– ئەگەر هاتوو ئەو دوو زمانەی بەرانبەر یەكترن، ژمارەی قسەپێكەرانی یەكێكیان زیاتر بوو لەوی تریان، ئەوا زمانە بەهێزەكە بەسەر زمانەكەی تر زاڵ دەبێت و بە تایبەتی ئەگەر لە ڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە پلەیەكی بەرزی هەبێ، ئەوا سیستەمی ئەو زمانە بەكاردێ لەكاتی زمان تێكەڵكردندا.

٦ ـ ئەگەر دوو میللەت دراوسێ بوون و ئەندامانی میللەتێكیان چوونە ناو میللەتەكەی تر، جا بە هەر هۆكارێك بێت، وەكو: كۆچكردن، خوێندن، ئابووری ...هتد، ئەوا زمانی خۆیان و زمانی میللەتەكەی تر تێكەڵدەكەن. دراوسێیەتی میللەتان وا دەكات زمانەكانیان تێكەڵ بەیەك ببێت، بۆ نمونە زمانی كوردی و عەرەبی، یان زمانی كوردی و توركی.

٧ ـ جەنگی دوور و درێژی نێوان دوو میللەتی زمان لێك جیاواز، یان چەند میللەتێكی زمان لێك جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی زمانەكانیان تێكەڵ بەیەك ببێت.

٨ ـ پەیوەندیی بازرگانی نێوان دوو میللەتی زمان لێك جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی كە زمانەكانیان تێكەڵ بەیەك ببێت، بە تایبەتی ناوی ئەو شتومەك و كاڵایانەی كە هاوردە دەكرێن، هەرچەندە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان دوو میللەت زیاتر بێت دیاردەی تێكەڵاوبوونی زمانیش پتر دەبێت (عەبدولواحد ئەلوافی، ٢٠٠٧: ٢٥٦).

٩ ـ پەیوەندیی ڕۆشنبیری و كلتوری نێوان دوو میللەتی زمان لێك جیاواز، دەبێتە هۆی تێكەڵاوبوونی زمانەكانیان، قسەكەرانی هەردوو میللەتەكە سوود لە وشە و زاراوەی یەكتر وەردەگرن. تەنانەت هەندێجار لە ڕووی ڕێزمانیش سوود لە یەكتری وەردەگرن.وەك: نامەحرەم، حەرامزادە، حاشاوەلیلا،...هتد.

١٠ ـ هۆكاری كلتوری: تامەزرۆبوون و لێك نزیكی كلتوری ئەو دوو نەتەوەیە هۆكارێكی ترە بۆ تێكەڵاو بوونی ئەو دوو زمانە.

## ٢ ـ٥ . پێكهاتەی ئاخاوتن Conversation Structure:

لەبەر ئەوەی ناونیشانی نامەكەمان تێكەڵكردنی زمانە لە ئاخاوتندا، بۆیە بە پێوستی دەزانین بەكورتی باسی پێكهاتەی ئاخاوتن بكەین :

كردەی ئاخاوتن هەرچەندە لە ڕوكەش سادەیە، بەڵام لە ڕاستیدا چاڵاكییەكی هەمە لایەن و ئاڵۆزە، چونكە بەرهەمهێنانی هەر پەیامێكی قسەیی پێویستی بە چەند هەنگاوێكە، تا ئەو پەیامەیە لە واتای زەینی دیاریكراو ڕێكدەخرێت و دەدركێنرێ (أوزالد دیكرو و جان ماری، ٢٠٠٧: ٤٥٤)، واتە قسەكەر چەند هەنگاوێك لەگەڵ خۆی ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە كار بكاتە سەر گوێگر و مەبەستەكەی بگەیەنێت، گوێگریش تەنیا شێوەی دەرەوەی پەیامەكە وەردەگرێت و بێئاگایە لەو نەخشەكێشانەی كە قسەكەر بۆ گەیاندنی پەیامەكە ئەنجامی دەدات (ئەڤین سامی، ٢٠١١: ٣٩).

مەبەستمان لە ئاخاوتن ئەو یەكە زمانیانەیە، كە لە شێوەی زنجیرە ڕستە و پاڕستە و گرێدا دەگوترێن، ئامانجێكی تایبەتیی ئاخاوتن قسەیەكە لە نێوان دوو كەس، یان زیاتر بە ئازادی بەڕێوە دەچێ و دابەشی سەر سەرەتا و ناوەڕاست و كۆتایی دەبێت (Levinson, 1997: 301). بەپێی ئەم پێناسانەی سەرەوە هەموو قسەیەك بە ئاخاوتن دانانرێت، بە تایبەتی قسەكانی كۆڕوكۆبوونەوە فەرمیەكان، وەك: مزگەوت و ژووری دادگا و پۆل و ... هتد، یان ئەو قسەیەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی پارچە نووسراوێكی وەك: گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك دێتە كایەوە، یان ئەو قسانەی مرۆڤ لەبەر خۆیەوە دەیكات، چونكە لەسەر بنەمای نۆبەگرتن بەڕێوە ناچن و تەنیا یەكێك قسە دەكات و ئەوانی تر هەموو گوێ دەگرن و چاوەڕێی ئامۆژگارین، بێ ئەوەی مافی وەڵامدانەوەیان هەبێت، كەواتە قسەكردن گشتی ترە لە ئاخاوتن، هەربۆیە دەتوانین بڵێین هەموو ئاخاوتنێك قسەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو قسەیەك ئاخاوتن بێت (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١١: ١٣١).

ئاخاوتن لەلای هەندێ لە زمانەوانان بە یەكەیەكی سەرەكی پەیوەندیكردن دادەنرێت، چونكە پەیوەندییەكی بەتین و ڕێكەوتنی هەیە، لە هۆنینەوەی دەقی ئاخاوتندا لەمیانەی ئەو كارلێككردن و ئاڵوگۆڕ كردنە قسەكەران لەكاتی ئاخاوتندا دەیهێننە كایەوە.

سیستەمی گەیاندن لە زمانی مرۆڤدا كردەیەكی ئاڵۆزە و پێویستی بە چەند پاژەیەك دەبێت، بۆ ئەوەی كردەی تێگەیشتن بە ئەنجام بگات. سەرەتا (نێرەر) بیرێكی لەلا دروستدەبێت، دوایی وروژێنەرێك، ئینجا وەریدەگێڕێتە سەر هێمایەك كە لەلای (وەرگر) بخوێنرێتەوە، دواتر پەیامەكە بە كەناڵێكی پەیوەندیدا بۆ (وەرگر) دەنێردرێت، ئەویش بەگوێرەی پێویست لێكی دەداتەوە و كردەی تێگەیشتن ڕوودەدات (پیرجیرو: ١٩٩٢: ٣١).

# بەشی سێیەم

## پڕاکتیزەکردنی توێژینەوەکە

# بەشـــــی سێـــــیەم

ئەم بەشە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی زمان تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا دەکەین. لە تەوەرەی دووەمدا باسی زمان تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم:

### ٣أ ـ ١. زمان تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا:

چونکە قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە. ئەمەش وایکردووە، کە سەدان ملیۆن کەس زمانی عەرەبی بەکاربهێنن، چونکە زمانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە (هارالد هارمان، ٢٠٠٦: ١٥٠).

زمانی عەرەبی یەکێکە لە (دە) زمانی هەرەگەورەی دنیا، کە بریتین لە: (چینی، ئینگلیزی، ئیسپانی، هیندی، عەرەبی، بەنگالی، ڕوسی، پورتوگالی، ژاپۆنی، ئەڵمانی) (شاسوار هەرشەمی، ٢٠٠٩: ٢١).

لێرەدا دەمانەوێت ئەو تێکەڵبوونە بخەینە ڕوو، کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا هەیە لەسنووری شاری هەولێر، جا بەهەر هۆکارێك بێت.




### ٣أ ـ ٢. شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا:

تێکەڵکردنی زمان لە ئاخاوتندا لە هەندێ باردا دێت، وەکو داڕشتنەوەی ڕستە، خۆ ڕاستکردنەوە، پێش کۆتایهێنان، چیرۆك گێڕانەوە، بابەت گۆڕین و جیاکردنەوەی قسەی تێهەڵکێشراو، وەك لە خوارەوە لێیان دەدوێین:

## ١٣أ ـ ٢ ـ ١. ئاماژە بە پێکهاتەی ئاخاوتن:

هەندێ جار زمان تێکەڵکردن، وەك هۆکارێك بەکاردێ بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی ناوەوەی ئاخاوتن، واتە کەرتبوونی بۆ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە تێیدا زمان تێکەڵکردن بۆ کۆتایهێنان بە ئاخاوتنەکە بەکار هاتووە. لێرەدا (ب) زمانی عەرەبی لە پێش کۆتایهێنان بە قسەکەی بەکاردێنێ لە (جید عزیزی)، و بەردەوام دەبێت، تا کۆتایی بە ئاخاوتنەکەی دێنێ:

ئاخاوتنی ژ/ (٨)

(أ) پێنج شەممە خۆم لێرە دەبم، بەسەر چاو.

(ب) زین عزیزي. ما أريد أزعجك.

(أ) نا گیانە ئاساییە. ئیزعاج نابم.

( ب ) نلتقي أنشاء الله، مع السلامة.

## ١٣أ ـ ٢ ـ ٢. خۆ ڕاستکردنەوە:

زۆر جار قسەکەر لەکاتی قسەکردندا لەبەر هۆکاری شەرم، ترس، یان دڵەڕاوکێ، یان توڕەبوون، کە تووشی هەڵەیەك دەبێت خۆی هەستی پێدەکات و بێ وەستان، یان دوای وەستانێکی کورت ڕاستیدەکاتەوە. هەندێ جاریش دوای ئاگادار کردنەوەی لەلایەن گوێگرەوە، یان هەر کەسێکی تر، هەڵەکەی ڕاستدەکاتەوە، زۆر جاریش خۆی هەست بە هەڵەکەی ناکات و یەکێکی تر ئاگاداری دەکاتەوە و بۆی ڕاستدەکاتەوە.

هەندێ جار قسەکەر کە دەیەوێت خۆی ڕاستبکاتەوە، هۆکاری تری وەکو قسە بەخۆ بڕین، درێژکردنەوەی دەنگە بزوێنەکان، وەستان و دڵە ڕاوکێ بەکاردەهێنێت. ڕەنگە ڕاستکردنەوەکەش هەر هەڵە بێت، وەکو لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت:

ئاخاوتنی ژ/ (٩)

- ئەو کچە پەرستارە هاوڕێمە.

- لە کوێ دەژی؟

- في كويسنجق ... وابزانم لە سلێمانی.

ڕاستکردنەوەکە هەندێ جار لەکاتی گیروگرفتە، وەك گەڕان بە دوای وشەیەکی گونجاودا، هەر وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەبینین، گفتوگۆ لە نێوان دوو کارمەندی فەرمانگەیەکە (ژن/ پیاو). ژنەکە کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەیە. ژنەکە باسی ڕێزی خۆی بۆ هاوڕێیەکەی دەکات، کە وەك برای وایە، یان وەك باوکیەتی. لەم کاتەدا قسەکەر کەسی تری لە خەیاڵدا نییە، کە لە باوکی زیاتر و خۆشەویستتر بێت. لەبەر ئەوە قسەکە بەخۆی دەبڕێ و بۆ ماوەیەك دەوەستێ، تا وشەیەك بدۆزێتەوە، کە دەربڕینەکەی بۆ دێ، بە زمانی عەرەبی دەبێ لەکاتێکدا هەموو ئاخاوتنەکە کوردییە. لێرەدا زمان تێکەڵکردنەکە ئاماژەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەیە.

ئاخاوتنی ژ/ (١٠)

**کەس ناتوانێ هاوڕێیەتی من و تۆ تێکبدات. چی دەڵێن با بیڵێن. تۆ وەك برامی. لە باوك زیاتری و چاکتری ما أدري شأگول.... تۆ بەشداری خەمەکانمی و لێم تێدەگەی.**

زۆر جار زمان تێکەڵکردن لەگەڵ میکانیزمی ڕاستکردنەوە بەکاردێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لەکاتی نۆرە بڕیندا پەیدادەبن. ((لەم نمونەی خوارەوەدا (أ) بۆ هاوڕێکەی (ج) باسی سەردانێك دەکات بۆ لای (ب). لە شوێنێکدا کە نۆرەی قسەکردنی (أ)ە، (ج) نۆرەی قسەکردنەکە دەبات و باس لە چارەیەك دەکات، کە پێوستە بۆ چاکبوونەوەی (ب) بکرێ. بەڵام (أ) لە قسەکردن ناکەوێت، لە ئەنجامدا قسەکانیان یەکتر دەبڕێت، تا ئەو کاتەی ڕاستکردنەوەکە بە زمانی عەرەبی دێتە ئاراوە.

ئاخاوتنی ژ/ (١١)

**(أ) دوێنێ سەرێکم لێدا، توشی سکچوون بووە. حەزم لە برنج نییە، دەیگوت، لەبەر من بیخۆ، ئەگەر حەزیشی لێناکەیت.**

**(ج) على أية حال يحتاج الى الابر.**

**(أ) بەڵێ دەرزی لێدابوو. یەك دەرزی.**

**(ج) أبرة واحدة فقط!**))، (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٣٧).

## ١٣ـ ٢ ـ ٣. داڕشتنەوە:

داڕشتنەوە بەشێکە لە میکانیزمی ڕاستکردنەوە لە ئاخاوتندا، قسەکەر بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زارە، یان زمانەی لە بارێکی دیاریکراودا بە نائاسایی دێتە پێش چاوی بەکاریدێنێ، هەر وەك هەڵەیەکی کردبێت. داڕشتنەوە لەو گۆڕینەوانەدا ڕوودەدات، کە تێیدا بژاردە ئاساییەکە بەپێویست دادەنرێ و دەبێتە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ توانست و حەزی قسەکەر و هەڵسەنگاندنی دوو زمانەکە لەلای کۆمەڵەکە، وەك لەم نمونەیەدا لە وشەی "متأکید"ی عەرەبی دەبینرێ، کە بە ڕێکەوت بەکاریهێناوە و دواتر پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر کوردی:

**ئاخاوتنی ژ/** (١٢)

**ـ من لە سەدا سەد موتەئەككیدم ، بەڵێ دڵنیام کە ئەو وایگوتووە.**

لێرەدا قسەکەر بە کوردی دەست پێدەکات لە پڕ وشەی (متأکد)ی عەرەبی دێنێتە ناوەوە، بەڵام یەکسەر ڕستەکە دادەڕێژێتەوە و وشەی "متأکد" وەردەگێڕێتە سەر کوردی. کردەی قسەکە بە نۆرە بڕین و نیشانەی داڕشتنەوە و وەرگێڕانەکە هەموویان پێکەوە ڕێگەی ئەوە دەدەن، کە بزانین قسەکەر بارەکە چۆن دەبینێ. لەم بارەدا بازدانی لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی هەر بۆ ڕوونکردنەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بەکارهێنانی وشە عەرەبییەکە بەهەڵە دادەنێ و هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە قسەکەران زۆر جار لەو باوەڕەدان، کە هەر زمانێك لەو زمانانەی دەیزانن زیاتر بۆ بابەتێك دەشێ، نەك بۆ هەموو بابەتێك، لەبەر ئەوە کارێکی ئاساییە قسەکەر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر باز بدات، بەپێی ئەو بابەتەی کە لە بارەیەوە دەدوێ. لەم نمونەی خوارەوەدا (أ) بە عەرەبی دەستپێدەکات، چونکە لەلای (أ) عەرەبی زمانی ڕامیارییە و زاراوەکانی لەسەر زارە، بەڵام (ب) بە کوردی وەڵام دەداتەوە، چونکە بابەتەکە دەگۆڕێ بۆ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی:

**ئاخاوتنی ژ/** (١٣)

**( أ ) أنا ما شايف سياسي فاشل مثل أخونا العزيز.**

**( ب ) كوڕە دەڵێی گەڕێ. کەی سەرێکی لێبدەین و شەوێك لەلای بمێنینەوە؟**

## ١٣ـ ٢ ـ ٤. جیاکردنەوەی گوتنی تێهەڵکێشراو:

**قسەکەر زۆر جار دوو زمان تێکەڵدەکات، کە قسەی خەڵکێکی تر دێنێ، یان قسەی خۆی لە بۆنەیەکی تردا گوتراوە، دەگێڕێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەیەوێت قسەکە وەکو خۆی بگوێزێتەوە، یان لاسایی قسەکەرەکە لە نزیکەوە بکاتەوە. وەك لەم نمونەیەدا دەردەکەوێ:**

**ئاخاوتنی ژ/ (١٤)**

**ـ لە سەری کۆڵان منی دیت و ڕای گرتم، بەو دەنگە ناخۆشەی گوتی: أرجع قريباً!**

**هەندێ جار دیاردەکە، بە پێچەوانەوە ڕوودەدات:**

**قسەکە لەبنچینەدا بە زمانێك بووە، کەچی قسەکەر، کە دەیگێڕێتەوە زمانێکی تر بەکاردێنێ. وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە (محمد) لە بنەڕەتدا بە کوردی قسەکەی کردووە، کەچی کە (أ) دەیگێڕێتەوە و دەیکات بە عەرەبی:**

**ئاخاوتنی ژ/ (١٥)**

**(أ) کە من چووم محەمەد دەڕۆیشتە دەرێ گوتی: "زين ما أگدر أنطيك غير خمس دقائق من وقطي بس" سوپاسم کرد و کەوتینە قسەکردن.**

## شوێنەکانی تێکەڵبوون لەڕستەدا:

**لە سنووری ڕستەدا هەندێ شوێن هەیە، کە دەکرێت کەرەستەی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تێکەڵبکرێت. ئێمە لێرەدا بەجیا باسی ئەو شوێنانەی ڕستە دەکەین، کە ئاساییە تێیدا زمانی کوردی و عەرەبی تێکەڵبکرێت:**

## ١٣ـ ٣. تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا:

**ڕستەی سادە** simple sentence:

لە سنووری ڕستەدا گەلێك نمونەی تێکەڵبوون هەیە، کە لە سنووری کەرەستە سەرەکییەکاندایە، کە لەم شوێنانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

ـ ئەو بال ـ باب نامت.

ـ ئەو شرب الماي.

ـ مامە مکتوب دەنووسی.

لە نێوان بکەر و گوزارە (پریدیکات)دا گەلێك تێکەڵبوون هەیە، کەوا نیهاد لە زمانی کوردیدا دەبێ و گوزارەش لە زمانی عەرەبی دەبێ. هەر وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

ـ ئەو مثل مامە.

تێکچڕژانەکە هەندێ جار بەم شێوەی خوارەوەش دەبێ:

ـ هو زۆر جوان.

تێبینی دەکرێ، لەو نمونانەی سەرەوەدا بکەر لە زۆربەیاندا جێناوە، یان ناوی تایبەتە و پریدیکاتەکانیش بەگشتی کاری (بوون) دەبن و ڕستەکانیش نیهاد و گوزارە دەبن.

تێبینی دەکرێ، تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، نوسەکی کردارەکان، کە وەکو نیشانەی ڕێککەوتن، یان بەرکار کاردەکەن، لە ئاخاوتنی تێکەڵدا دەرناکەون (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٤٥)، وەك ئەو نمونەی خوارەوە:

ـ هم هاتن.

بەڵام لەگەڵ زمانی تورکمانیدا لە هەندێ باردا دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە هەردوو زمانەکە لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەوە( SOV )ن، لە تەوەرەی دووەم باسی دەکەین.

## ٣أ ـ ٤. تێکەڵبوون لە سنووری فرێزدا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا:

لێرەدا پێناسەی فرێز دەکەین و بۆ چوونە جیاوازەکان دەربارەی فرێز دەخەینە ڕوو:

(ڕۆبێرتس) دەربارەی پێناسەی فرێز دەڵێت: ((فرێز: بریتییە لە وشەیەك، یان زنجیرە وشەیەك، کە وەك یەکەیەکی ڕستەسازی گۆکردنێکی ڕستەسازی هەبێت و لە جێکەوتەی ڕستەدا وەك ئەو یەکەیە بەکاربهێنرێتەوە))، (**Roberts, 1997: 14**).

بەگشتی دوو جۆرە بیر و بۆچوون لە بارەی فرێزەوە هەیە:

بەپێی بۆچوونی یەکەم: فرێز کۆمەڵە وشەیەکە بەسەر یەکەوە واتایەکی تەواو نابەخشێ و کاری تێدا نییە، واتە دەبێ هەموو فرێزێك لە وشەیەك زیاتر بێ.

بەپێی بۆچوونی دووەم: کە بۆچوونێکی نوێترە، مەرج نییە، فرێز لە کۆمەڵەوشەیەك پێکهاتبێ، و مەرج نییە کاری تێدا نەبێ، واتە فرێز لەوانەیە لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێ بە تایبەتی لە فرێزی ناویدا، ئەگەر کاری تێدابێ، ئەوا جۆری دووەمی فرێز دەگرێتەوە کە فرێزی كارییە (وریا عمر، ٢٠٠٩: ١٩٩).

### ٣أ ـ ٤ـ ١. سەبارەت بە جۆری فرێزەکان بۆچوونە نوێیەکانی چۆمسکی جۆرەکانی فرێز دابەشی سەر سێ جۆر دەکات:

١ ـ فرێزی فەرهەنگی: فرێزی ناوی، فرێزی کاری، فرێزی بەند، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکاری دەگرێتەوە.

٢ ـ فرێزی نافەرهەنگی ـ ئەرکی (فرێزی سەرەی ڕێزمانی) **IP** و (تەواوکەرانە) **CP** دەگرێتەوە.

٣ ـ فرێزی داخراو**DP**: بۆیە پێی دەوترێت فرێزی داخراو، چونکە لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر کەمە و ئەندامی تر وەرناگرن، وەك: ەکە، ێك ... هتد. (سەباح ڕەشید، ٢٠١٢/٦/١٧: چاوپێکەوتن).

لێرەدا بەپێی توانا تێکەڵبوون و بەرکەوتنی زمان لەسنووری فرێز دەخەینە ڕوو:

## ١٣ـ ٤ـ ٢. تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ناویدا:

مەبەست لە فرێزی ناوی ئەو فرێزەیە، کە دەبێت ناوێکی تێدا بێت، (عەبدولجەبار) دەربارەی فرێزی ناوی دەڵێت: ((بناغەی فرێزی ناوی، ناوێکە و دەبێتە سەرەی فرێزەکە))، (عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٠٥: ٨).

بەپێی بۆچوونێکی تر، فرێزی ناوی لە سەرەیەك، یان زیاتر لە سەرەیەك و ژمارەیەك پێشبەند و پاشبەند پێکدێت (محمد رضا، ١٣٨٥: ١٣٧).

زۆر جار دەبینین کە لە سنووری فرێزی ناویدا زمان تێکەڵدەکرێت، بە زۆریش کەرەستە تێکەڵاوەکە بەشە ئاخاوتنی ژمارەییە:

ـ ارید اثنین شفتی.

دەکرێ لە فرێزی ناویدا جێناوی نیشانە لە زمانی عەرەبی بێ و سەرەی ناوەکەش لە زمانی کوردی بێت:

ــ ارید ذاك ــ ال دوکان.

کاتێك کە فرێزی ناوی بەهۆی ناوێکەوە کە ئاوەڵناوێکی بە دوا دابێ و دروستبکرێ بەشێوەیەکی گشتی فرێزە ناوییەکە دەکرێ لە هەردوو زمانەکە بێ، بەهەمان شێوە سەبارەت بە ناو و ئاوەڵناوەکە، هەر وەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ـ ارید الدیك زۆر گەورە.

ـ أرید رقی گچکە.

ـ عندی دار گەورە.

## ١٣ ـ ٤ـ ٣. تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی کاریدا:

فرێزی کاری: بەشێکە لە بەشە سەرەکییەکانی ڕستە و سەرەی فرێزی کاری کارێکە . سادەترین فرێزی کاری لە ڕەگی کارێك و جێناوێکی لکاو دروستدەبێت، بەپێی بیردۆزەی مۆرفیم، کاری سادە لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە هەموو کارێك لە چەند مۆرفیمێك پێکدێت (محەمەد مەعروف، ١٩٨٩: ٤٤).

((فرێزی کاری لە سادەترین ڕۆنانیدا لە کارێك پێکدێت، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە و تیایدا مۆرفیمی ڕەگی کار مۆرفیمێکی تەوەرەییە، مۆرفیمە بەندەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە))، (دیار علی، ٢٠٠٢: ٥٠).

سەبارەت بە زمان تێکەڵکردن لە سنووری فرێزی کاریدا نمونەکان ئەوە دەردەخەن کە بەرکارەکە دەگۆڕێ:

ـ من حمامة کوشت.

لەوانەیە تێکەڵبوون لە فرێزی کاری بەوجۆرە بێ، کە بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێت ، بەتایبەتی کاری دیلێکسیکی (**delexical – verb**) (کرد ـ **kird**)، وەك لەم نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

(أ) اعتماد کرد.

(ب) مسواك کرد .

(پ) تأجيل کرد .

تێبینی دەکرێ لە هەندێ تێکەڵبووندا، نوسەك بەکارناهێنرێت، واتە نوسەکەکان دەرناکەون، وەك لە (أ و ب و پ)دا دەردەکەوێت، تەنیا بە پەنا بردنە بەر سیاقەکە، یان هەڵوێستی قسەکردنەکە، دەتوانین قسەکەرەکە، یان قسەکەرەکان دەستنیشان بکەین، ئەم کۆت بەندەش لە هەردوو زمانەکە (کوردی و عەرەبی)دا جێبەجێ دەکرێ، ئەو دیاردەیەش دەبێتە مایەی دروستبوونی هەندێ ڕێگری گشتی، کە ڕێگە لە تێکەڵبوونی مۆرفیمە بەندەکان دەگرێت، بە تایبەتی لە ئاستی وشەسازیی

کردارەکاندا (Pfaff, 1979: 303 - 318). بەڵام ئەم ڕێگرییە لە نێوان زمانی کوردی و تورکمانیدا بەدی ناکرێ، چونکە نوسەکەکان لەم دوو زمانەدا لە ئەرك و پێکهاتەی دەنگیدا لە یەکتر نزیکن.

## ٣ - ٤ - ٤. تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ئاوەڵکاریدا:

مەبەست لە فرێزی ئاوەڵکاری ئەو فرێزەیە، کە دەبێت کەرتێکی ئاوەڵکار بێت، دیارە ئاوەڵکاری بنجی لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە، وەکو (لێرە، ئەوسا، دیسان، هەمیشە، هەرگیز، هێشتا...هتد)، تەنانەت ئەم ئاوەڵکارانەش جێگای گومانن، چونکە لە بنچینەدا لە کەرەستەی تر دارێژراون، وەك:

لە + ئێرە ← لێرە (ئاواز حەمە، ١٩٩٦: ٤٣).

دەبێت ئەوەش بزانین لەکاتی تێکەڵکردندا ئاوەڵکار لە سنووری ڕستەدا شوێنی خۆی دەگۆڕێت، چونکە وەکو بکەر و بەرکار... هتد کەرەستەی سەرەکی ڕستە نییە.

- شویة دانیش.

- لە بیت نوست.

- تا صباح.

## ٣ - ٤ - ٥. تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەنددا:

مەبەستمان لە فرێزی بەند ئەو فرێزەیە، کە بەیارمەتی یەکێك لە ئامرازی پەیوەندیی دروستدەبێت، هەروەك ئامرازی پەیوەندیەکان ڕۆڵ دەبینن لە دروستکردنی وشەی نوێ لە ئاستی وشەسازیدا، بەم جۆرەش لە ئاستی ڕستەسازیدا بە یارمەتی ئامرازە پەیوەندییەکان، کە ڕاستەوخۆ دەچنە سەر ناوێك، یان ئەوانەی جێی ناو دەگرنەوە (ئاوەڵناو، ژمارە، چاوگ، ڕاناوەکان) دروستدەبێت. ئامرازەکانیش ئەمانەن: (بە، بۆ، لە، تا، بێ، ە)، یان هەندێ جار پاش بەندیان لەگەڵ دەبێ، وەك: ( لە ... وە/ەوە، لە ... دا، بە ... دا)، (ئاواز حەمە، ١٩٩٦: ٤٥).

گەلێك نمونەی تێکەڵبوون هەیە بەگشتی فرێزی بەند بەکاردەهێنن، سەبارەت بە ئامرازی پەیوەندی دەکرێ لە زمانی کوردیدا بێت و کەرەستەکانی تری ڕستەکە لە زمانی عەرەبی بێت، یان بە پێچەوانەوە، هەر وەکو لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ـ ئەو بالشباك.

هەروەها دەکرێ لە تێکەڵبووندا ئامرازەکان لە زمانێکدا بن و بەرکار لە زمانەکەی تردا بێت:

ـ شفتة بالبازار.

ـ لە دەربونە نوست.

هەروەها ئەو ناوە کوردیانەی کە بەهۆی نیشانەی ناسراوی (ال)ی عەرەبییەوە دەکرێن بە ناسراو، ئەوا بێ ئامرازەکە، یان لەگەڵ ئامرازەکە دەردەکەون:

ـ ب ـ الکۆڵان هات.

ـ ب ـ الکۆڵانەکە ڕۆیشت.

ئەمە لە تێکەڵبوونی کوردی و تورکمانیشدا شێوەیەکی تر وەردەگرێ، کە دواتر باسی دەکەین:

(پفاف) لە توێژینەوەکەی ساڵی (١٩٧٩)یدا ئەوەی دەرخستووە، کە ناکرێ هەردوو جۆری ئامرازی پەیوەندی ئەو دوو زمانەی کە تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن لە ڕستەکە دەربکەون. پێویستە ئامرازی پەیوەندین و ئامرازەکان لەیەك زمان بن (**Pfaff, 1979: 293**).

داتاکان ئەوە دەسەلمێنن، کەوا ئامرازەکانی پەیوەندیی زمانی عەرەبی دەتوانن، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر فرێزێکی ناوی زمانی کوردیدا بسەپێنن، بەپێچەوانەکەشی ڕاستە. واتە تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەنددا ڕێگە پێدراوە، هەروەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ـ ئەو في الکۆڵان.

ـ ئەو تحت القطارەکە.

## ١٣ـ ٥. تێکەڵبوون لە نێوان دوو کلۆزدا Inter clausal Sites:

داتاکان ژمارەیەك نمونەی جیاواز لە تێکەڵبوونی زمانەکاندا لە سنووری ڕستەدا دەخەنە ڕوو:

جۆرە تێکەڵبوونێك هەیە، بەهۆی (لێکدان)ەوە دەبێ و گەلێك شێوە (قالب) وەردەگرێ:

یەکەم: **ڕستەی لێکدراو** compound sentence: ڕستەیەکە کە دوو سەرە ڕستە یان زیاتری تێدا بێ، بەڵام بەر ڕستەی تێدا نەبێ، دوو ڕستەکەش بە ئامرازی لێکدەری وەك: (و، بەڵام، کەچی، ... هتد) پێکەوە بەستراون، یان بەبێ ئامراز پێکەوە بەستراون (کمال میراودەلی، ٢٠٠٧: ١٤).

کەواتە ڕستەی لێکدراو ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە کارێکیان تێدایە.

دەکرێ دوو ڕستەی سادە یەکێکیان بە زمانی کوردی و ئەویتریان بە زمانی عەرەبی بێ، بەهۆی ئامرازی لێکدەر، یان بەبێ ئامرازی لێکدەر تێکەڵ لەیەك بدرێن، هەر وەکو لەم نمونەی خوارەوە دەردەکەوێت:

ـ ماما تعال، ئەمیر دەگری.

دەکرێ ڕستە کوردییەکە بکەوێتە پێش ڕستە عەرەبییەکە، بۆ نمونە:

ـ دەخۆی أم تنام.

نمونەکانی سەرەوە ئەوە دەگەیەنن، ئەگەر تێکەڵکردنەکە لە نێوان دوو ڕستەی لێکدراودا بێت، ئەوا دەکرێ ئاڕاستە کردنەکە لە زمانی کوردیەوە بەرەو زمانی عەرەبی بڕوات، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام ئامرازە لێکدەرەکە و ڕستەی دووەم لەهەمان زماندا دەبن.

دووەم: **ڕستەی تێکەڵ** complex sentence: بە دوو ڕستەی جیاواز لە ڕووی ڕستەسازیەوە دەگوترێت ڕستەی تێکەڵ، کە یەکێکیان سەرەکییە و ئەویتریان ڕستەی شوێن کەوتووی ڕستە سەرەکییەکەیە، بەهۆی ئامرازی گەیەنەرەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە (کوردستان موکریانی، ١٩٨٦: ٧٧).

کەواتە ڕستەی ئاوێتە، یان (ئاڵۆز) ئەو جۆرە ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە ڕستەیەکی سادەیان تێدایە. ڕستەیەکیان سەرەکییە و ناتوانین لای ببەین پێی دەگوترێت (شاڕستە)، بەڵام ڕستەکەی تر پێی دەگوترێت (پاڕستە) لاوەکیە و دەتوانین لای ببەین.

زمان تێکەڵکردن هەندێ جار لە نێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوودا ڕوودەدات. لە ڕستەیەکی ناسادەدا، ئاخاوتنەکە بریتیی دەبێ لە: هەواڵدان، ئەرێ، ڕستەی ئاوەڵکاری هۆیی، ئامانج و ڕستەی مەرجی:

ـ دەزانی شسوي.

ـ اذا سأل زينب من دێم.

ـ ئەمە كراس الى  تريد.

جۆرێکی تر لە تێکەڵبوونی ڕستەکان، کە زۆر دووبارە دەبنەوە لە ئاخاوتندا. چوونە ناویەکی ڕستەکانە بەبێ بەکارهێنانی ئامراز، کە بەزۆری ڕستە عەرەبییەکە دەکەوێتە ناو پێکهاتەی ڕستە سەرەکیەکەی زمانی کوردی:

ـ احمد تعرف نەخۆش ـ Ø.

هەروەها دەشێ، کەرەستە تێکچڕژاوەکە لە زمانی کوردی و ئەویتریان بە زمانی عەرەبی بێ، وەکو ئەم ڕستەی خوارەوە:

ـ عندی دەزانی مارکیت و سەیارە.

## بەشـــــی سێـــــیەم:

### تەوەرەی دووەم:

### ٣ب ـ ١ . زمان تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا:




### ٣ب ـ ٢. شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا:

تێکەڵکردنی زمان لە ئاخاوتندا لە هەندێ شوێن و باردا دێت، وەکو ئاماژە بە پێکهاتەی ئاخاوتن، داڕشتنەوەی ڕستە، خۆ ڕاستکردنەوە، پێش کۆتایهێنان بە ئاخاوتن، بابەت گۆڕین و جیاکردنەوەی قسەی تێهەڵکێشراو،... هتد. ئێمە لەم لەتەوەرەیەدا تەنیا نمونە بۆ ئەم بارانە دەهێنینەوە، چونکە لە تەوەرەی یەکەمدا زۆر بە وردی ئەو بارانەمان ڕوونکردۆتەوە:

### ٣ب ـ ٢ـ ١ . ئاماژە بە پێکهاتەی ئاخاوتن:

ئەو خستنەپاڵ یەکتریەی دوو زمان هەندێ جار بۆ نیشاندانی سەرەتا و کۆتایی و پێش کۆتایی ئاخاوتن بەکاردێ، وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ئاخاوتنی ژ/ (١٦)

(أ) بەیانی دەچم بۆ بازار، دێی لەگەڵم؟

(ب) وەڵلاٚ بلەرم، ئێدەبلام یان یۆخ.

(أ) بابا دەتوانی.

**(ب) ئینشاڵڵا باخم نەئۆلر.**

لەم نمونەیە زمان تێکەڵکردن بۆ کۆتاییهێنان بە ئاخاوتنەکە بەکارهاتووە. لێرەدا (ب) زمانی تورکمانی لە پێش کۆتاییهێنان بە قسەکەی بەکاردێنێ لە (وەڵڵا بلەرم)ەوە بەردەوام دەبێت، تا کۆتایی بە ئاخاوتنەکەی دێنێ.

## ٣ب ـ ٢ـ ٢ . خۆ ڕاستکردنەوە:

**ئاخاوتنی ژ/ (١٧)**

**(أ) ئەو پیاوە هاوڕێی باوکمە، مامۆستایە لە کۆلێژ.**

**(ب) کام کۆلێژ؟**

**(أ) ئاداب تادی... وابزانم لە زمانە.**

## ٣ب ـ ٢ـ ٣ . داڕشتنەوە:

**ئاخاوتنی ژ/ (١٨)**

**ـ باشتر وایە جێتسنلار، یان بچن بۆ ئەوەی بزانن چ ڕوویداوە.**

لەم نمونەی سەرەوە قسەکەر بە کوردی دەستپێدەکات لە پڕ وشەی (**جێتسنلار**)ی تورکمانی دێنێتە ناوەوە، بەڵام یەکسەر ڕستەکە دادەڕێژێتەوە و وشەی " **جێتسنلار** " وەردەگێڕێتە سەر کوردی. لەم بارەدا بازدانی لە زمانی تورکمانی بۆ زمانی کوردی هەر بۆ ڕوونکردنەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بەکارهێنانی وشە تورکمانییەکە بەهەڵە دەژمێرێ و هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات.

## ٣ب ـ ٢ـ ٤ . جیاکردنەوەی گوتنی تێهەڵکێشراو:

بۆ نمونە:

**ئاخاوتنی ژ/ (١٩)**

**- کە چووینەماڵیان لە دەرگاماندا، دەرگایان کردەوە، کە ئێمەیان بینی گوتیان (بویرن بویرن خۆش جالدون).**

**یان وەك ئەم نمونەیەی خوارەوە:**

ئاخاوتنی ژ/ (٢٠)

**- کە چووم هاوڕێکەم چاوەڕێی دەکردم، گوتی بێری جیداخ مەکتەبەدا ئۆخیاخ، منیش گوتم باشە بابچین.**

## ٣ب ـ ٣ . تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا:

### ڕستەی سادە simple sentence:

**لە نێوان بکەر و گوزارەدا گەلێك تێکەڵبوون هەیە، کەوا بکەر لە زمانی کوردیدا دەبێ و پریدیکاتیش لە زمانی تورکمانیدا دەبێ، یان بەپێچەوانەوە، ئەگەرچی زمانی تورکمانی ئامراز وەکو وشەیەکی ئەرکی سەربەخۆ بەکارناهێنی، بەڵام پاشماوەی دۆخی جێنەتیف لەحاڵەتی دانەپاڵدا بەرچاو دەکەوێ، کە بریتییە لە (:da) (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: 143). ئەم نمونانەی خوارەوە ئەم خاڵەی سەرەوە ڕوون دەکەنەوە:**

**- ئەو مەکتەبدا ـ دی.**

**- ئەوە سزو کدی.**

**- ئۆلماز دەبی بێت.**

**- ئەو پەیمانگە دادی.**

**- ئەوە بزم کدی.**

**- ئەمن ئالم قرلدی.**

**- قارداشو نان برد ـ ی.**

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ، لە زمانی تورکمانی، بەتایبەتی لەناو شاری هەولێردا هەر تورکمانێك کوردی بزانێ زۆر بە ئاسایی، کاری (بوون) وەردەگرێ کە بەرانبەر بە (di) تورکمانی دەوەستێ، بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ زۆربەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانیشدا دەکات.

دەبێ ئەوەش بڵێین، کەوا (di) زۆر جار لە ڕەوتێکی دەنگسازیدا بەپێی هەندێ یاسای دەنگی (گڕ و کپ) لە کۆتایی وشەکەدا دەبێت بە (ti).

- منداڵەکە ئۆلاش - تی.

لە تەوەرەی یەکەمی ئەم بەشەدا ڕوونمانکردەوە، کە تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، نوسەك (clitic)ی کردارەکان، کە وەکو نیشانەی ڕێککەوتن، یان بەرکار کاردەکەن، لە ئاخاوتنی تێکەڵدا دەرناکەون، بەڵام لەگەڵ زمانی تورکمانیدا لە هەندێ باردا دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەر دوو زمانەکە سیستەمی ڕێزبونیان ( بکەر + بەرکار + کار )ە:

- سز بڕۆن بۆ ئەوێ.

- سز وەرن لۆ ئێرە.

- ئوشەغەکە نووست.

## ٣ب - ٤ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزدا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا:

### ٣ب - ٤- ١ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ناویدا:

هەندێ جار لە سنووری فرێزی ناویدا تێکەڵبوون لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا دەبینرێت، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- ئۆ جلکی ئیستیرەم.

- بو قاشوغ بدە بە من.

- بو ئەسباب بدە بە من.

لەم ڕستانەی خوارەوە فرێزە ناوییەکان، کە لە ناوێك و ئاوەڵناوێك پێکهاتوون، کە لە زمانی تورکمانین:

- ئەمن ئاز ماندییەم .

- بیرنجی دەرچووم لە مەکتەب.

دەشێ بەشەك لە فرێزە ناویەکە لە زمانی تورکمانی بێ و بەشەکەی تر لە زمانی کوردی بێ.

- یەك بێوچ دام دیتمەوە لۆ تو.

## ٣ب ـ ٤ـ ٢ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی کاریدا:

لە سنووری فرێزی کاریدا بە زۆری بەرکار لە زمانی تورکمانی دەبێت، هەر وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- ئەمن قاون خواردم.

- ئەمن بەبەودان قسە کردم.

- ئەمن ئەسباب نیتی.

وەکو لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان کرد، لەوانەیە تێکەڵبوونەکە بەوجۆرە بێ، کە بریتییە لە گۆڕینی پێکهاتەی یەکەمی کارە لێکدراوەکە، بەتایبەتی کاری دیلێکسیکی (کرد)، وەك لەم نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

- تأجیل کرد.

سەبارەت بە زمانی تورکمانی بەهۆی کەم چالاکی کاری (کردن ـ **edir**) ئەم جۆرە تێکەڵبوونە، کەم ڕوودەدات و لەوانەشە بەکارهێنانەکە لەشوێنی خۆیدا نەبێ:

(أ) ئوتانچ دەکەم.

(ب) شەرم ئێدرەم.

دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێ لە هەندێ تێکەڵبووندا ، نوسەك بەکارناهێنرێت، ئەگەر هەر ئەرکێکیان هەبێ، بەهۆی سەرنەکەوتنی نوسەکەکان، تەنیا بە پەنا بردنە بەر ڕەوتەکە، یان هەڵوێستی قسەکردنەکە، دەتوانین قسەکەرەکە دەستنیشان بکەین. ئەم کۆتبەندە لە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی)دا جێبەجێ دەکرێ. ئەو دیاردەیە دەبێتە مایەی دروستبوونی هەندێ ڕێگری گشتی، کە ڕێگە لە تێکەڵبوونی مۆڕفیمە بەندەکان دەگرێت. بە تایبەتی لە ئاستی دەنگسازیی کارەکاندا، بەڵام ئەم ڕێگرییە لە نێوان زمانی کوردی تورکمانیدا بەدی ناکرێ، وەك لەم دوو نمونەی سەرەوەدا دیارە، چونکە نوسەکەکان لەم دوو زمانەدا لە ئەرك و پێکهاتەی دەنگیدا زۆر لێك نزیکن، زۆر جار لەهەندێ لە کەرەستەکان یەك دەگرنەوە، لەبەر ئەوە کۆتبەندی تێکەڵنەبوونی مۆڕفیمە بەندەکان لە زمانەکەدا ڕادەگیرێت، بە تایبەتی نوسەکەکان و نیشانەی ناسیاوی (بەڵام نەناسیاوی، وەکو وشە یان مۆڕفیمی ژمارە بەکاردەهێنرێ)، (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٤٥).

- منداڵ + ەکە + م

- ئوشەغـ ەکە ـ م نوستیە.

## ٣ب ـ ٤ـ ٣ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ئاوەڵکاریدا:

لە تێکەڵبوونی ڕستەکاندا ئاوەڵکارەکان ئازادانە لە سنووری ڕستەدا بەدەردەکەون، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا ئاوەڵکار چالاکە و شوێنی خۆی لەڕستەدا دەگۆڕێت، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- بیر از بێنە.

- کەم جاتی.

- چوخ بکرە.

- دەها مایە.

- ئەو کورسی نن ئالتن دادی.

- لەو زانکۆیە ئۆخم شەم.

### ٣ب ـ ٤ـ ٤ . تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەندداا:

سەبارەت بە تێکەڵبوونی زمانی تورکمانی و زمانی کوردی لەسنووری فرێزی بەنددا، فرێزە بەندەکە زۆر کات لە زمانی کوردی دەبێ، بەهۆی ئەوەی کەوا ئامرازی پەیوەندیی لە زمانی تورکمانیدا قالبێکی تر وەردەگرێ، چونکە ئامرازەکانی پەیوەندیی لە زمانی تورکمانیدا، وەکو پاشگر ڕەفتار دەکەن و ناکرێ لەفرێزە ناویەکە دابڕێ، وەك لەم نمونانەی خوارەوە دیارە:

ـ لە ماڵ هیچ قالمادی.

ـ لە کێندەرێ ئوترسان.

ـ ئەو نوسینگەدا دی.

ـ ئەو بازاردا دی.

ـ بازاڕ دە هیچ نەمایە.

ـ ئاو دەن یەخا ئۆزینە.

تا ئێستا بە تەواوی ئەوە ساغ نەکراوەتەوە، کەوا تێکەڵبوون لەکوێی ئاخاوتندا دێتە ئاراوە، ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە لە سنووری ڕستە و لە چوارچێوەی فرێزی ناوی و فرێزی کاری و فرێزی ئاوەڵکاری و فرێزی بەند تێکەڵبوون دێتە ئاراوە. تێبینی ئەوەش دەکرێت سنووری ناوەوەی مۆرفیم لە زمانی کوردیدا لەبەردەم تێکەڵبوون داخراوە، چونکە لە زمانی کوردیدا ڕەگی کار ڕێگە نادات کەرەستەی زمانێکی تر بکەوێتە نێوان ڕەگەکە و نوسەکەکان، چونکە لە ڕستەی کوردیدا کار گەورەترین دەسەڵاتی هەیە، واتە ( M - Command)ەو خۆی کەرەستەکانی هەڵدەبژێرێت (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٥١).

## ٣ب ـ ٥ . تێکەڵبوون لە نێوان دوو کلۆزدا Inter clausal Sites:

**وەك لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان بەوەکرد، کە داتاکان ژمارەیەك نمونەی جیاواز لە تێکەڵبوونی زمانەکاندا لە سنووری ڕستەدا دەخەنە ڕوو. جۆرە تێکەڵبوونێك هەیە، بەهۆی لێکدانەوە دەبێ، کە گەلێك شێوە (قالب) وەردەگرێ:**

**یەکەم: دوو ڕستە یەکیان بە زمانی تورکمانی، ئەویتریان بە زمانی کوردی دەبێ، یان بە پێچەوانەوە، ئەمەش دەکرێ بەبێ بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەر ڕوودەدات. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

**ـ ئەتۆ بڕۆ، ئیندی جەلام.**

**ـ ئات گیالدی منداڵەکە ترسا.**

**دووەم: ڕستەی کوردی پاش، یان پێش ڕستەی تورکمانی دەکەوێ، بە بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەر لە هەمان زماندا.**

**ـ بڕۆ یان ئۆتی.**

**ـ جالسان، یان من بڕۆم.**

**ـ دێی، یۆخسە مەن گێدم.**

**ئەم نمونانەی سەرەوە ئەوە دەگەیێنن، کەوا ئەگەر تێکەڵکردنەکە لە نێوان دوو ڕستەی لێکدراوی یەك ئاستدا بن. دەرێ ئاڕاستەکە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی تورکمانی بڕوات، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام ئامرازە لێکدەرەکە و ڕستەی دووەم لە هەمان زماندا بن.**

**سێیەم: زمان تێکەڵکردن هەندێجار لە نێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێن کەوتوودا ڕوودەدات، لە ڕستەیەکی ناسادەدا لە تێکەڵبوونی زمانی کوردی و تورکمانی پاشگرە تورکمانییەکە دەچێتە کۆتایی وشە کوردییەکە. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

**ـ نازانم هەزەمان جێدری.**

ـ دیلار كە نەوزاد نەخۆش ت (د)ی.

ـ دەزانی کە شاگولْ ئولدی.

تێبینی دەکرێ، بەهۆی تێکەڵبوونی دوورخایەنی ئەو دوو زمانە، لە زمانی تورکمانی شاری هەولێر زۆربەی ئامرازە کوردییەکان بەکاردێت، ئەمەش دەکرێ لە چوارچێوەی ململانێی نێوان زمانەکان و لەسەر بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێ. لەلایەکی ترەوە زۆر جار ئامرازەکە بە تەنیا دەکەوێتە ناو ڕستەی تورکمانییەوە، وەکو:

ـ خۆزگە مەندە بچووبام.

ـ ئەگەر جالسمان ئەمن جێدرام.

**چوارەم:** زۆر جار ڕستەکان بەبێ بەکارهێنانی ئامراز دەچنە ناو یەکترییەوە، لە تێکەڵبوونی زمانی تورکمانی و زمانی کوردیدا، یان لای پێشەوە بەر زمانی تورکمانی دەکەوێ، یان لای دواوە، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

ـ ئەمن دەزانم جەلماز.

ـ بیلیرەم سەرکەوت نەخۆشتی.

ـ ئەو پیاوەم لۆت هێنایە، بیرنجی وەستایە.

## ٣ب ـ ٦ . تێکەڵبوون و هاوتایی و ناهاوتایی ڕۆنانەکان:

وەك لە بەشی پێشتر خرایە ڕوو، مەزندەکردنی ئەگەری تێکەڵبوون، ئەوە دەگەیەنێت، کەوا دەکرێ تێکەڵبوون لەو زمانانەش ڕووبدات، کە لە ڕووی پێکهاتەی ڕستەوە هاوتایی و گونجانیان تێدا نییە. واتە لەو شوێنانەی دوو زمانەکە جیاوازن لە ڕێکخستنی ڕۆنانی سەرەوەیاندا، لە خوارەوە هەندێ حاڵەت دەخەینە ڕوو، کە تێیدا کۆتبەندی ناهاوتایی (EC)ی ڕۆنانەکان پشتگوێ خراون (Lipski, 1978: 250).

١ـ زمانی تورکی و زمانی کوردی، نە لەڕێگەی بنچینەی مێژووییەوە لە یەکتری نزیکن، نە لەڕێگەی بنچینەی وشەسازییەوە، وە هەریەکەیان سەر بە خێزانە زمانێکی جیاوازن. زمانی کوردی سەر بەخێزانە زمانی (هیندۆ ئەوروپی)یە. زمانی تورکی سەر بەخێزانە زمانی (تورانی)یە. (عەبدولواحد ئەلوافی، ٢٠٠٧: ٢٢٢).

هەردوو زمانی کوردی و تورکی پێڕەوی مۆدێلێك دەکەن، کە بریتییە لە (SOV). ئەگەر بێت و ڕستەکە کاری تێپەڕی لەگەڵدا بێت، هەروەها هەردوو زمان وەك دوو زمانی بەیەکەوە نوساو (لکاو) ڕەفتار دەکەن لە وەرگرتنی مۆرفیمی بەند ، لەبەر ئەوە تێکەڵبوون لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا ئاساییترە، وەك لەوەی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا دێتە کایەوە. وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

ـ سۆغەنەکانی ورد ئێلا.

ـ جاکت داگیش بکە.

ـ قاونەکە بخۆ.

ـ ئاو ئیچ.

ـ بێشکەکانی قالدرقۆی پایسکلەکە تێپەڕ ئۆلسون.

ـ قارپوز دەخۆم.

بەڵام ڕۆنانی سەرەوەی زمانی کوردی هاوتا نییە، لەگەڵ ڕۆنانی سەرەوەی زمانی عەرەبی، چونکە زمانی عەرەبی لە جۆری (VSO)یە، کار لەپێش بکەر و بەرکار دێت، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵبوون ڕوودەدات. وەك ئەم نمونەی خوارەوە:

ـ نعال لەبەر کرد.

ـ أشرب شەربەت.

٢ ـ بارێکی تری ناهاوتایی بەکارهێنانی نیشانەی ناسیاوییە، لە زمانی عەرەبیدا نیشانەی ناسیاوی پێش ناوەکە دەکەوێ، وەکو:

- البنت

- الغرفة الكبيرة

لێرەدا ئاوەڵناو لەگەڵ فریزی ناوی ناسیاویدا، وەکو دیارخەری ناوێك دەبێ بە هاوکاری ئامرازی ناسیاوی، بەڵام لە زمانی کوردیدا نیشانەی ناسیاوی مۆرفیمی پاشگرە و بە کۆتایی فریزی ناوییەوە دەلکێ، بەڵام ئەگەر ناوەکە ئاوەڵناوی لەدوا بێت، ئەوا نیشانەی ناسیاوی دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە، وەکو:

- دارەکە

- دارە گەورەکە

لێرەدا تێکەڵبوون لە فریزی ناوی ناسراودا بە ئاڕاستەی عەرەبییەکە بەدی دەکەین، نەك بە ئاراستەیەکی پێچەوانە، لە شکاندنی کۆتبەندی (EC)، وەکو لەم نمونەیەدا دیارە:

- البنت بالکۆڵان.

بەهۆی ئەوەی لە زمانی تورکمانی هەمان ئامرازی ناسیاوی (ەکە) بەکاردێنێ و هەردوو زمانەکە لە جۆری (SOV)دان، بۆیە هیچ ناهاوتاییەك لە هەردوو ئاراستەکەدا بەدی ناکرێ (محەمەد مەعرف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٥٤).

- ئوشاغەکە مردی.

- منداڵەکە ئولد ـ دی.

٣ ـ بارێکی تری ناهاوتایی لە سیستەمی دیارخەرەکاندایە، کە لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا بە دەردەکەوێ. هەردوو زمانەکە ڕێگە بە دەرکەوتنی زنجیرەیەك دیارخەر ( واتە زیاتر لە یەك دیارخەر) دەدەن. وەك پێشتر باسمان کرد، ڕیزبوونی کەرەستەکان لەو دوو زمانەدا بە تەواوی جیاوازن. لە زمانی کوردیدا نیشانەی ناسیاوی فۆڕمێکی بەندی هەیە و بە دوای ناوەکەدادێت و جێناوی نیشانەی پێش دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵبوون ڕوودەدات، تێکەڵبوونی نمونەی (أ) کە لەگەڵ ڕیزبوونی سەرەوەی زمانی عەرەبی گونجاوە، بەڵام لەگەڵ زمانی کوردی ناگونجێ و ڕێگەی پێنەدراوە:

**(أ) هذا المالُ.**

**بەڵام بەهۆی یەك سیستەمی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوردی و تورکمانیدا ڕۆنانی سەرەوەیان یەك دەخا و لەم بارەدا ناهاوتایی دروست ناکات.**

**(ب) بو ماڵە .**

**(پ) ئەو قاشوغ ـ Ø.**

**بەهۆی ئەوەی جێناوی نیشانە لە زمانی تورکمانیدا پاشبەندی لەگەڵدا نییە، بۆیە ڕستەی (ب) لە (پ) گونجاو ترە.**

## ٣ب ـ ٧ . مەسەلە تیۆرییەکان:

**ئەو نمونانەی کە لە ئاخاوتنی شاری هەولێر وەرمانگرتووە، ئەوە نیشاندەدەن، هەندێ کۆتبەند هەن لە تێکەڵبوونی زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانیدا ئازادی نادەن بە تێکەڵبوون کە لە هەموو شوێنێك ڕووبدات. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ، پرەنسیپی کەرەسەی حوکمکار (c – command) یان پرەنسیپی دەسەڵات (government)، ناتوانێ پێشبینی شوێنی تێکەڵکردنەکان، یان لێکدانەوەی شوێنی دەرنەکەوتنی تێکەڵبوونەکان بکات. تێکەڵبوون لەو شوێنانە دەردەکەوێت، یان ڕوودەدات، کەوا پەیوەندیی حوکمکردنی (دەسەڵات) بەسەر کەرەسەکاندا تێدا دەرناکەوێت. بەمەش نابێتە تێکەڵبوون لە نێوان ئەو کەرەستانەی لە ڕووی فەرهەنگەوە سەربەخۆن، لەو شوێنەی x دەسەڵاتی بەسەر y یەوە هەیە.**

**واتە هەردوو کەرەستەکە دەبێ هەمان بەهای زمانیان هەبێ. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە سەیری ئەم دایەگرامە بکە: a کەرەستەی حوکمکار b دەبێ، ئەگەر a دەسەڵاتی بەسەر bدا نەشکێ و هەر (y)ی دەسەڵاتی بەسەر (a)یەوە هەبێ دەبێ دەسەڵاتی بەسەر (b)ییەوە هەبێ.**

**بیری سەرەکی بنەمای کەرەستە حوکمکار لەوە دایە، ڕۆڵی (y)ی کە لە درەختەکەدا یەکسانە بە XP. هەر کەرەستەکی حوکمکار بۆ a بریتییە لە XP یێ، کە (a)ی دەگرێتە خۆ، بە واتای ئەوەی (a) لە مەودای دەسەڵاتی XP دایەو لە درەختەکەدا شوێنی سەرەوەی (a)ی دەگرێ. کەرەسەی (a)ی حوکمی هەموو ئەو کەرەستانە دەکا، کە لە مەودای حوکمی ئەو دان:**




لەو درەختەدا X کەرەستە ـ حوکمکار AP و YP و هەموو ئەو کەرەستانەی دەکەونە مەودای حوکمی YPیەوە، چونکە ئەوانە هەموویان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی Xەوە. لەلایەکی ترەوە y کەرەستەی حوکمکار BP و CP ییە، بەڵام ناتوانێ نە حوکمی AP و نە X بکا، چونکە ئەمانە لە سنووری دەسەڵاتی YPیدا نین، (سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩: ٨٠). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە زمانی کوردی کەرەستەی حوکمکار ڕێگە نادات کەرەستەی تری تێکەڵ بێت، بۆ نموونە وەك ڕەگی کار، چونکە کار گەورەترین دەسەڵاتی هەیە لە زمانی کوردیدا و خۆشی پێویستییەکانی هەڵدەبژێرێت.

**٣ب ـ ٨ . گەیاندنی میانگیریی ژمێریاریی ئەلیکترۆنی (کۆمپیوتەر) و تایبەتمەندیی زمان لەناو دەمەتەقێی ئینتەرنێتدا (CMC):**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیاوە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان ئاسان بووە بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان. (هێرینگ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گەیاندنی میانگیری ژمێریاری ئەلیکترۆنی (کۆمپیوتەر) بەوە پێناسە دەکریٚ، کە وەك پەیوەندی و ڕوودانێکە لە نێوان مرۆڤەکان لە ڕێگای ئامێرەکانی کۆمپیوتەرەوە)) (Herring, 1996: 1)، هەروەك دەزانین پێشکەوتنی توکنەلۆژیا کۆمەڵێك زانست و زانیاری دەدات بە بەکارهێنەرانی. یەکێك لەوانە ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرە. وەك ژوورەکانی چاتکردن (دەمەتەقیٚ) و (گەشتە نووسینی سەر هێڵی ئەنتەرنێت و دەست بەجیٚ گەیاندنی نامەکان) بەبیٚ ئەوەی بەکارهێنەرەکان خۆیان ڕێگای دوورودرێژ ببڕن، تا پەیامەکەیان بگەیێنێت (Mónica & Claros, 2009: 71 - 72 ). لە (CMC)دا دوو جۆر لەگەیاندنی میانگیری ژمێریاری ئەلیکترۆنی هەیە: کە بریتین لە گەیاندنی هاوکات بوون و گەیاندنی ناهاوکات بوون.

گەیاندنی هاوکات بوون، یان گەیاندنی کارلێکردوو لە هەمان کاتدا ڕوودەدات، لەڕێگای ژوورەکانی چات و چاتکردن، یان نامە خێرا ناردراوەکان، ڤۆیپس (**voips**) (توانای قسەکردن بە مۆبایل بۆ ئینتەرنێت، یان کۆمپیوتەر بۆ کۆمپیوتەر لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە) و ( **twit** ) بۆ نزیکبوونەوە.

بەڵام گەیاندنی ناهاوکات بوون ڕوودەدات لەکاتی جیاوازدا، واتە ڕێگا دەدات بە بەکارهێنەرانی (**CMC**) بە ڕێگای میدیای (گەیاندن) وەك بەکاربهێنانی ئیمێڵ ( **email** ) ، بلۆگ (**blogs**) ، و (**wikis**) (واتە ئەپلیکەیشنێکی ئینتەرنێت، کە کەسەکان بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن زانیاری تێیدا دابنێن و لێی وەربگرن بۆ ناو بەشەکانی خۆیان.

توێژەران وای بۆ دەچن، کە گەیاندن لە ڕێگای (**CMC**)ەوە بەتایبەت لە جۆری گەیاندنی هاوکات، زۆر نزیکە لە گفتوگۆی ڕووبەڕوو، بەکارهێنەران زمانی سادە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان بەکاردەهێنن، نەك زمانی ستاندارد بۆ گەیشتن بەمەبەستەکەیان، بۆیە لە ڕۆژگاری ئێستادا زمان تێکەڵبوون لەبواری ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر شتێکی بەرچاو و ڕوونە (**Herring, 2001: 612**) .

بۆ نمونە:

کاتێك کە دوو هاوڕێ کە لە فەیسبوکدا بە یەکەوە گفتوگۆ دەکەن، گوێنادەن بەوەی کە بەشێوەیەکی فەرمی قسە بکەن وەك زمانی نوسین، بەڵکو بە شێوەیەکی نا فەرمی و زمانی تێکەڵ گفتوگۆ دەکەن.

---

تێبینی دەکرێ، لە دوای ڕاپەڕین دیاردەی زمان تێکەڵکردن ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی وەرگرتووە و پێشکەوتنی باری شارستانی و ئازادیی ڕامیاری و بەڕێوەبردن زمانی کوردی بەرەو پاکسازی و پاراوی بردووە. نمونەش لەم بارەیەوە زۆرن: لە مێژووی ئەدەبی کوردی و کتێبەکانی عەلائەددین سوجادی و ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان سەدان نمونەی تێکەڵاوی زمان هەیە و دەتوانرێ بەراورد بکرێن لەگەڵ ئێستادا.

# ئەنجام

# ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: لە زمانەکانی تر لە حەفتاکانەوە تا ئێستا توێژینەوەی زۆر لەم بارەیەوە کراوە و توێژەران زۆر خاڵیان لەم بارەیەوە ڕونکردۆتەوە، وەك:

١- دیاردەی بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کە لە ساڵانی (١٩٧٠) بە دواوە لە ئەورووپا توێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە لە سێ لایەنەوە: لایەنی کۆمەڵایەتی کە گوێ بە بەشدارەکانی قسە دەدات و بە دوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێت، کە دەبنە هۆی تێکەڵکردن، لایەنی دەروونی گوێ بە توانستی قسەکەر دەدات، کە ئەم توانایەی تێدا دروستدەکات. لایەنی زمانەوانی لەو شوێنانە دەکۆڵێتەوە کە زمان تێکەڵکردن تێیاندا ئاساییە.

٢ ـ لە ساڵانی (١٩٨٠) بە دواوە بۆچونێکی تر بۆ توێژینەوە لە زمان تێکەڵکردن هاتە ئاراوە، کە زیاتر گویَ بە زمان تێکەڵکردن دەدات لە ئاستی ئاخاوتندا، بەمەش چەندین ڕاستی تر لە بارەی دیاردەکەوە دەرکەوت.

٣- بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر زمان تێکەڵکردن (بازدان لە زمان) هەیە:

أ ـ بازدانی خۆنەکرد: ئەم جۆرە بازدانە بە ویستی قسەکەر نییە.

ب ـ بازدانی خۆکرد: ئەم جۆرەیان پێچەوانەی جۆری یەکەمە، چونکە بە ویستی قسەکەرە.

دووەم: لە توێژینەوەکەماندا ئەم ئەنجامانە لە تێکەڵکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی و زمانی تورکمانی بەدی دەکرێن:

١ ـ زمان تێکەڵکردن، دیاردەیەکی بڵاوە لەو کۆمەڵگایانەی کە دوو زمان، یان زیاتری تێدا بەکاردێت، بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا، هەرچەندە لە ئاستەکانی تری زمانیشدا ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت.

٢ ـ هەر سێ تیۆری مێژوویی و مۆرفیم و پێکهاتەی ڕستەسازی زمانەکانی جیهان بە تەواوی لەیەك جیاناکەنەوە، واتە ناتوانن ناسنامەیەکی ڕاست و دروست بۆ زمانەکان دروستبکەن.

**٣ ـ لەم جیهانەدا هیچ زمانێك نییە، کەبە تەواوی پاراو بێت ، واتە هیچ نەتەوەیەك لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا نییە، تەنیا یەك زمان بەکاربێنن، بەڵکو بەشێوەیەکی نائاگا زمانەکان تێکەڵدەبن، زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانەکانی تر، ئەم دیاردەی تێدا بەرچاو دەکەوێت.**

**٤ ـ کۆمەڵگای ئاخاوتنی هەولێر چەندین دیاردەی زمانەوانی لە خۆدەگرێ، کە ڕەنگە لە شارێکی تری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە و ڕێژەیە بەدی نەکرێت، چونکە جگە لە نەتەوەی کورد کەمەنەتەوایەتی تریشی تێدا دەژی.**

**٥ ـ توێژینەوەکە دەریدەخات، کە جیاکردنەوەی زمان تێکەڵکردنی مێتافۆری و تێکەڵکردنی بار لە یەکتری، بێ سوودە ، چونکە لەناو جۆرەکانی زمان تێکەڵکردنیشدا تەنیا جۆری ناوەکی و دەرەکی (لە سنووری دوو ڕستەدا) گرنگن.**

**٦ ـ زمان تێکەڵکردن لە لاوازی و بێهێزی توانستی قسەکەر لە یەکێك، یان لە هەردوو زمانەکەدا سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو چەندین ئەرکی کۆمەلآیەتی پێ جێبەجێ دەکرێ، ئەم دیاردەیە نیشانەی زیندوەتی زمانە، نەك دواکەوتوویی زمان.**

**٧ ـ زمانی تورکمانی لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ زمانی کوردی هاوتان، لەبەر ئەوە تێکەڵبوونەکە ئاسایترە لەوەی، کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دێتە ئاراوە.**

**٨ ـ بۆ دەستپێکردن بە زمان تێکەڵکردن لە دوو زمانزانیدا، دەستپێکی وشەیی گرنگە، چونکە بەهای کۆکردنەوەی بەشداربووەکانی ئاخاوتنی هەیە، لەو شوێنانەدا کە زاراوەکانی زمان تێدا بەیەکەوە دەبەسترێتەوە. وەك: ناوەکان و زاراوە گواستراوەکان و وشە هاوبێژەکان ... هتد.**

**٩ ـ ئەو وشانەی کە لەکاتی زمان تێکەڵکردندا بەکاردێن، بە بەراورد لەگەڵ وشەی زمانە سروشتییەکان بەرتەسکتر و کەمترن، چونکە وشە ئاوێتەکانی دوو زمان ئەو وشانەن، کە پێویستن بۆ پەیوەندیکردن لە بوارێکی دیاریکراودا.**

**١٠ ـ لەم رۆژگارەدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، تێکەڵبوونی زمان لەبواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیش بەرچاو دەکەوێت.**

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

**أ- بە زمانی کوردی:**


**١- ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی (١٩٩٦) ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .**

**٢- ئەڤین سامی عارف (٢٠١١) کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.**

**٣- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٦) زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.**

**٤- پیتەر هانز نێلدا (٢٠١٠) ململانێی زمان، وەرگێڕانی هۆشەنگ فاروق، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (١٥)، هەولێر.**

**٥- جەمال نەبەز (١٩٧٦) زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ - ئەڵمانیا.**

**٦- حوسێن یەعقووبی (٢٠٠٧) زمان، و وەرگێڕان و پەیوەندییە کولتوریەکان ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.**

**٧- دیار علی کمال کریم (٢٠٠٢) ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.**

**٨- رۆژان نوری عبدالله (٢٠٠٧) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاّوکراوەی چوارچرا، سلێمانی.**

**٩- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلاّت و بەستنەوە لە زمانی کوردییداGB، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.**

**١٠- سەلام ناوخۆش (٢٠١٠) شێوەزاری هەولێر هەوڵێك بۆ ستاندەرێکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی پلانی زمان، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٧)، چاپخانەی منارە، هەولێر.**

١١- شاسوار هەرشەمی (٢٠٠٩) هەندێك زانیاری گشتی لە بارەی زمانەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٢- شێركۆ حەمەئەمین قادر و هێمن عەبدولحمید شەمس (٢٠١٠) شێوازی ئاخاوتنی ژن لە كۆیە (تێڕوانینێكی پڕاگماتیكی)، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە (١٤)، كۆیە.

١٣- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٤) واتای كاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا (توێژینەوەیەكی سیمانتیكی و پڕاگماتیكییە) (نامەی دكتۆرا)، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٤- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١) زانستی پڕاگماتیك، چاپی دووەم، چاپخانەی پاك، هەولێر.

١٥- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥) دروستەی فرێز لە زمانی كوردییدا (نامەی ماستەر)، زانكۆی سلێمانی.

١٦- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٦) پوختەیەكی وردی ڕستەسازیی كوردی، چاپی دووەم، هەولێر.

١٧- عەبدولواحد ئەلوافی (٢٠٠٧) زانستی زمان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٨- عەزیز گەردی (٢٠٠٢) ڕەوانبێژی (ڕوونبێژی، جوانكاری، واتاناسی)، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٩- عەلائەدین سەجادی (٢٠٠٧) ڕشتەی مرواری، بەرگی ١ تا ٨، چاپخانەی پەرتوك - ناسیح ڕەحمانی، سنە.

٢٠- كامل حسن البصیر (١٩٧٩) زاراوەی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢١- كمال میراودەلی (٢٠٠٧) فەرهەنگی ڕێزمانی كوردی، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی.

٢٢- كوردستان موكریانی (١٩٨٦) سینتاكسی ڕستەی سادە لە زمانی كوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغداد.

٢٣- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩) کار پۆلین کردن بە پێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

٢٤- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٨) زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (٩)، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢٥- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) توێژینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٦- هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا (نامەی ماستەر)، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٢٧- هـ.ج.ویدۆوسن (٢٠٠٨) سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢٨- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، بەغداد.

٢٩- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

## ((چاوپێکەوتن))

٣٠- ئەڤین سامی عارف، بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ١٩/ ٧/ ٢٠١٢، کاتژمێر ٣٠ : ١٠ سەرلەبەیانی، هەولێر.

٣١- زمزم عبدالحمید محمد، بەشی زمانی عەرەبی، زانکۆی سەلاحەددین، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠/ ٦/ ٢٠١٢، کاتژمێر ١١:١٥ی سەرلەبەیانی، هەولێر.

٣٢- سەباح ڕەشید قادر، بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕۆژی یەك شەممە، ڕێکەوتی ١٧/ ٦/ ٢٠١٢، کاتژمێر ١٢:٠٠ی نیوەڕۆ، هەولێر.

٣٣ـ سەرکەوت مصطفی عزیز، بەشی زمانی تورکی، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١ /٧/ ٢٠١٢، کاتژمێر..:٩ی سەرلەبەیانی، کۆیە.

٣٤ـ گۆران صلاح الدین شکر، کۆلیژی زمان، بەشی زمانی تورکی، زانکۆی سەلاحەددین، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠/ ٦/ ٢٠١٢، کاتژمێر ..:١٠ی سەرلەبەیانی، هەولێر.

**ب ـ بە زمانی عەرەبی:**

٣٥ــ إبراهيم بن علي الدبيان، الصراع اللغوي، بحث مقدم لمؤتمر علم اللغة الثالث: (التعليم باللغات الأجنبية في العالم العربي)، ١٦ ــ ١٧/ ١/ ١٤٢٧هـ، قسم علم اللغة والدراسات السامية والشرقية ــ كلية دار العلوم ــ جامعة القاهرة.

٣٦ــ أزاد ديركي (١٩٩٨) المدن الكردية، رابطة كاوة للثقافة الكوردية، ط/ ١، بيروت.

٣٧ــ أوزالد ديكرو و جان ماري سشايمر (٢٠٠٧) القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة منذر عياشي، مركز الثقافي العربي، ط/ ٢ ، بيروت.

٣٨ــ پيرجيرو (١٩٩٢) علم الدلالة، ترجمة، منذر عياش، ط/ ١، ديمشق.

٣٩ــ سروه دشتی وهاب (٢٠٠٤) تحليل جغرافي للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل (رسالة ماجستير)، جامعة صلاحدين، أربيل.

٤٠ــ علي عبدالواحيد وافي (١٩٥١) اللغة المجتمع، مطبعة نهضة، قاهيرة.

٤١ــ ميشال زكريا (١٩٨٣) الآلسنية (علم اللغة الحديث) المبادىء ولاعلام، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، ط/ ١، بيروت.

٤٢ــ هارالد هارمان (٢٠٠٦) تأريخ اللغات و مستقبلها، ترجمة سامی شمعون، الدحة.

**پ ـ بە زمانی فارسی:**

٤٣ـ محمد رضا باطنی (١٣٨٥) نگاه تازه به دستور زبان تهران، مؤسسەی انتشارات اگاه، چاپ دوازدهم، تهران.

### ت ـ به زمانی ئینگلیزی:

(1984) Bilingual Conversation. Amsterdam: John Benjamin. 44- Auer, P.

45- Auer, P. (1998) Code-switching in Conversation. New York: Crown.

46- Azuma, S. (2000) The frame – content hypothesis in speech production. Linguistics, New York: Academic Press.

47- Blom, J. & Gumperz , J. (1972) Social meaning in linguistic structure: -switching in Norway. New York: Holt, Rinehart and Winston. code

48- Barbara E. & Toribio E. (2000) The Cambridge Hand book of Linguistic Code-switching. Cambridge: Cambridge University Press.

49- Barker, G. (1947) Social Functions of Language in a Mexican-American Community. London: Routledge.

Belazi, H. , Rubin, E. & Toribio, A. (1994) Code switching and X – -50 bar theory: The functional head constraint. Texas: Trinity University Press.

51- Benson, E. (2001) The Neglected Early History of Code switching Research in the United States. London: Longman.

52- Bhatia, T. & Ritchie , W. (2004) Social and Psychological Factors in Language Mixing. London: Kegan Paul.

Bordieu, P. (1977) The Economics of Linguistic Exchanges. New -53 York: Free Press.

The ethnic component of social transactions. )1979(54- Brudner, L. Berkeley : PhD. University of California.

M. & Kira H. (2005) Identity and Interaction: A Bucholtz,-55 Sociocultural Linguistic Approach. New York: Academic Press.

56- Clyne, M. (1991) Community Languages. The Hague: Nijhoff.

**57- Cáccamo, A. C. (1998) From 'Switching Code' to 'Code-switching. London: Routledge.**

**58- Cáccamo, A. C. (2000) Para um Modelo do 'Code-switching' e a Alternancia de Variedadescomo Fenomenos Distintos. Berlin: Mouton de Gruyter.**

**59- Celik, M. (2003) Teaching vocabulary through code-mixing. Hague: Mouton.**

**60- Ervin, S. M. (1964) An analysis of the interaction of language, topic and listener. New York: Academic Press.**

**61- Erica, F. M. (2007) aspects of code-switching in the discourse of bilingual mexican-american children. NewYork: Peter Lang.**

**62- Faltis, C. (1989) Code-switching and bilingual schooling: An examination of Jacobson's new concurrent approach. 10(2), Spring 2006 Issues in EFL Vol. 4 No.1 59 .**

**63- Ferguson, C. (1959) Diglossia, Colorado: University of Colorado.**

**64- Fishman, J. (1967) Bilingualism with and without Diglossia. New York: Harper and Row.**

**65- Fishman, J. (1965) Who speaks what language to whom and when? New York: Routledge.**

**66- Fishman, J. (1972) The Sociology of Language – in Language and Social Context. Stanford: Stanford University Press.**

**67- Friedrich, P. (1972) Social Context and Semantic Feature: The Pronominal Usage. New York: Holt, Rinehart and Winston. Russian**

**68- Gafaranga, J. ( 2001 ) Linguistic Identities in Talk-in-Interaction: Order in Bilingual Conversation. Honolulu: Hawai.**

**69- Goffman, E. (1979) Footing. New York: Harper and Row.**

**70-Goffman, E. (1981) Forms of Talk. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.**

**71- Grosjean, F. (1988) Exploring the Recognition of Guest Words in Bilingual Speech. Cambridge, MA: Harvard University Press.**

**72- Gumperz, J. (1964) Linguistic and Social Interaction in Two Communities. Stanford: Stanford University Press.**

**73- Gumperz, J. (1982) Conversational code-switching. Cambridge: Cambridge University Press.**

**istics 1, 74- Gumperz, J. (2002) Studies in Interactional Sociolingu Discourse strategies, Companion to Language and social identity. California: University of California, Berkeley.**

**75- Heller, M. (1988a) Code switching: Anthropological and Sociolinguistic Perspectives. Amsterdam: Mouton de Gruyter.**

**76- Heller, M. (1988b) Strategic Ambiguity: Code-switching in the Mangagement of Conflict. Berlin: Mouton de Gruyter.**

**77- Heller, M. (1992) The Politics of Code switching and Language Choice. New York: Berlin.**

**78- Heller, M. (1995) Code-switching and the Politics of Language. Cambridge: Cambridge University Press.**

**79- Herring, S. (1996) Computer-mediated communication: Linguistic, social and cross-cultural perspectives. Amsterdam: John Benjamins.**

**80- Herring,S. (2001) computer mediated discourse. Oxford: Blackwell.**

**81- Jakobson, R . (1971b) Linguistics and Communication Theory. Texas: Trinity.**

**82- Kim, E. (2006) Reasons and Motivations for Code-Mixing and Code-Switching, TESOL 5th semester, Spring 2006 Issues in EFL Vol. 4 No.1.**

**83- Klavans, J . (1985) <u>The syntax of Code switching: Spanish and English</u>. Amsterdam: Benjamins.**

**84- Labov, W. (1969) <u>Contraction, deletion, and inherent variability of the English copula</u>. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.**

**85- Lance, D. (1975) <u>Spanish – English Code switching</u>. Washington: Georgetown.**

**86- Levinson, S. (1997) <u>Pragmatics</u>. Cambridge: Cambridge university press.**

**87- Lipski, J. (1977) <u>Code switching and the problem of bilingual</u> Center for Latin <u>competence</u>. Tempe: Arizona State University, American Studies.**

**88- Lipski, J. (1978) <u>code switching and the problem of bilingual competence in paradis</u>. Cambridge: MIT Press.**

**89- Li wei (1998) <u>The 'Why' and 'How' Questions in the Analysis of Conversational Code-Switching</u>. London: Routledge.**

**90- Maehlum, B. (1996) <u>Code switching in Hemnesberget – Myth or Reality?</u>. New York: Peter Lang.**

**91- Matras,Y. (1998) <u>Utterance modifiersand universals of grammatical borrowing</u>. Cambridge: CUP.**

**92- Meechan, M. & Poplack , S. (1995) <u>Orphan categories in bilingual discourse</u>. Glasgow: Robert Maclehose.**

**93- Mónica, S. & Claros, C. (2009), <u>code switching and code mixing in Internet chatting: between ' yes' , ' ya' , and ' si ' a case study</u> , ISSN ,Vol . 5, No, 3, 2009 JALT CALL SIG The University of Melbourne. Neny Isharyanti Satya Wacana Christian University, Salatiga, Indonesia.**

**94- Mslaughin, B. (1987) <u>Theories of Language learning</u>. London: Edward Arnold.**

**95- Nilep, C. (2006) "Code Switching" in Sociocultural Linguistics. Boulder: University of Colorado.**

**96- Ochs, Scheloff & Thompson (1996) Interaction and Grammar. New York: Academic Press.**

**97- Pfaff, C. (1979) Constraints on language mixing. Ann Arbor: University of Michigan Press.**

**98- Poplack, S. (1978) Syntactic structure and social function of Code switching. New Jersey: Ablex Publishing Corporation.**

**99- Poplack, S. (1980) Sometimes I'II start a sentence in Spanish: Koward a typology of code switching linguistics. New York: Routledge.**

**100- Poplack, S. (1983) Department of Linguistics ( code switching ). Berlin: Mouton De Gruyter.**

**101- Poplack, S. (1987) Contrasting patterns of code switching in two communities. Uppsala: Borgstrom, Motala.**

**102- Poplack, S. (1998) How languages fit together in code mixing. London: Kingston Press.**

**103- Riehl, C. (2005) code switching in Bilinguals: Impacts of Mental Processes and language A wareness. Tübingen: Stauffenburg.**

**104- Romaine, S. (1989) Bilingualism. Oxford: Basil Blackwell.**

**105- Roberts, B. (1997) Analysing Sentences. Bloomington, Indiana: Indiana University Linguistics Club.**

**106- Sapir, E. (1929) The Status of Linguistics as a Science. New York: Harcourt, Brace.**

**107- Sankoff, D. & Mainville (1986) Un modele pour laleternance de langue sous la contrainte dequivalence. Hague: Mouton.**

**Poplack (1990) The case of the nonce loan in Tamil. 108- Sankoff & Philadelphia: University of Pennsylvania Press.**

**109- Scotton, M. (1983) The Negotiation of Identities in Conversation: A Theory of Markedness and Code Choice. USA: Oxford University Press.**

**110- Scotton, M. (1993) Social Motivations for Codeswitching: Evidence from Africa. Oxford: Clarendon Press.**

**111- Scotton, M. (1998) Codes and Consequences: Choosing Linguistic Varieties. USA: Oxford University Press.**

**112- Scotton, M. (2002) Contact Linguistics. Bilingual Encounters and Grammatical Outcomes. Oxford: Oxford University Press.**

**113- Selinker, L. & Susan M. (2001) Second Language Acquisition: an Introductory Course. Mahwah, N.J.: Erlbaum.**

**114- Shoji, A . (1991) Code-switching as indexical of social negotiations. New York: Routledge.**

**115- Stroud, C. (1998) Prespectives on Cultural Variability of Discourse Structures: Code Switching in Northern Norway. New York: Holt, and Rinehart, and Winston.**

**116- Timm, L. (1975) Spanish – English code switching: El porquey how – not 117- to Romance philology. Washington, DC: Georgetown University Press.**

**118- Vogt, H. (1954) Language Contacts. Unpublished PhD dissertation. Irvine: University of California.**

**119- Wald, B. (1974) Bilingualism. Glasgow: Robert Maclehose.**

**Languages in contact. The Hague: Mouton.)120- Weinreich, U. (1953**

**121- Woolford, E . (1983) Bilingual code switching and syntactic theory. Mexico: University of New Mexico Press.**

**122- Zentella, A. (1997) Growing up bilingual: Puerto Rican children in New York. Malden, Massachusetts: Blackwell.**

اقليم كوردستان ـ العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين ـ اربيل

# المزج اللغوي في المحادثة

## مدينة أربيل نموذجاً

رسالة

مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين ـ أربيل كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية.

من قبل

شادان شكر صابر ـ بكالوريوس ـ جامعة كويه ـ ٢٠٠٨

باشراف

د. عمر محمود كريم ـ المدرس

كولان٢٧١٣ الكردي    رجب ١٤٣٤ الهجري    أيار ٢٠١٣الميلادي

## الملخّص الرسالة

### المزج اللغوي في لغة الحوار:

نظراً للتطور الذي لَحِقَ الجانب التكنولوجي من الحياة أضحى العالم كقريةِ صغيرة، وبالتالي أدّى ذلك إلى تقارب واختلاط القوميات والمجتمعات من بعضها البعض. ومما لاشكّ فيه أنّ اللغة تشكِّل عاملاً أساسياً في ايجاد وتكوين علاقات وروابط اجتماعية وقومية. وهذا بدوره كان سبباً في حصول و وقوع هذا الإمتزاج اللغوي في لغة المحادثة اليومية بين أبناء المجتمع .

وظاهرة التمازج اللغوي ظاهرة واسعة الأفق ولاسيما في المجتمعات التي تضمّ إقليات أو قوميات عدّة، فعن طريق أختلاط هذه القوميات مع البعض يتولّد التمازج اللغوي، إذن فالتمازج اللغوي عبارة عن اللجؤ أو الاستعانة بمزج لغتين أو أكثر اثناء المحادثة من غير أن يؤدي ذلك إلى إحداث تغيرات في مضامين المواضيع المتداولة.

وقد تناول هذا الموضوع بالدراسة العديد من الباحثين الاجانب، وجرت دراستهم لها ضمن إطار اللغويات الاجتماعية واللغويات النفسية.. وعرّجنا في هذه الدراسة إلى اجراء التحليل على الكلام المتداول بين الناس في ضوء ظاهرة التمازج اللغوي، كالتمازج الحاصل في لغة مجتمعنا عند المحادثة، واستعانة الفرد باللغة الكردية والعربية والتركية من أجل إيصال المعنى المقصود.

وعن طريق الإلمام باللغات نستطيع التعامل مع هذه الظاهرة، وتطرّق البحث أيضاً إلى بيان العديد من الوظائف التي تنتج عن هذا التمازج اللغوي.

# Abstract

## Code Switching in Conversation

**Nowadays, technology progress has caused the world to become a small village and has led nations and societies to get closer and interrelated. Certainly, language is a key means for the relationship and interchange between nations and societies, by this interface of languages and code switching materialize.**

**Language code switching is an expanded phenomenon particularly happens in the multilingual societies in which have native speakers and some other language. It is the process of switching between two or more languages while the same topics and speakers are to keep.**

**Many studies have been accomplished by foreign researchers, particularly in the frame of linguistics, sociolinguistics, and psycholinguistics.**

**In this research, importance has been given to speech analysis at the time code switching emerges between Kurdish, Turkmani, and Arabic languages. The study which points out a lot of contexts in the course of code switching, concludes that this occurrence can be logically addressed in a certain language environment.**

Iraq– Kurdistan Region
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University – Erbil

# Code Switching in Conversation
## Hawler city as a sample

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Languages-Salahaddin
Erbil in Partial Fulfillments of the Requirements for the –University
Degree of Master of Arts In Kurdish Language

By
Shadan Shukr Sabir - B.A. University of Koya – 2008

Supervised By
Lacturer –Dr. Omer Mahmud Karim

May 2013 A.D. Rajab 1434AL.- H. Gulan 2713 K.